**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**سەرۆکایەتیی زانکۆی ڕاپەڕین**

**کۆلێژی پەروەردە/ قەڵادزێ**

**بەشی زمانی کوردیی**

# ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەشدا

نامەیەکە

**ئازاد حەسەن نەبی**

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێجی پەروەردەی قەڵادزێی زانکۆی ڕاپەڕینی کردووە

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**پ.ی. مستەفا سەید مینە مستەفا**

**٢٠٢٢ی زایینیی** **٢٠٧٢١ی کوردیی**

# بەڵێننامە

من کە ناو و واژووم لە خوارەوە هاتووە، بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی(**ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر لە ڕۆمانی (کێخوا سیوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەشدا**)، هەمووی کاری ڕەسەنی خۆمە، جگە لەو شوێنانەی ئاماژەم بۆ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی ماستەرنامەکە، کاری سەربەخۆی خۆمە، بە چاودێریی سەرپەرشتی نامەکەم. پێشتر ئەم نامەیەم بڵاو نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ لایەنێکم نەکردوە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێ وەربگرم، هەروەها پابەندم بەوەی ئەگەر لە شوێنێک شتێکم وەرگرتبێت و ئاماژەم بۆ سەرچاوەکە نەکردبێت.

واژوو

ناوی خوێندکار/ ئازاد حەسەن نەبی

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

---

من کە ناوو واژووم لە خوارەوە هاتووە، پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ماستەرنامەیە لە ژێر چاودێریی من لە کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ ئامادەکراوە و نوسراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی براونامەی ماستەر، لە زمانی کوردیدا. من پشتگیریی دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو

سەرپەرشت: پ.ی. مستەفا سەید مینە مستەفا

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

مــن کە نــاو و واژووم لە خــوارەوە هــاتووە، پشــتگیریی ئەوە دەکەم، کە ئەم ماســتەرنامەیە هەمــوو پێویستییەکانی جێبەجێکراوە، هەروەها پاڵپشت بە پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتی نامەکە، من ئەم ماستەرنامەیە بۆ لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو

پ.ی.د سەرکەوت عومەر ئیبراهیم

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

من کە ناو واژووم لە خوارەوە هاتووە، پشتگیریی ئەوە دەکەم، کە هەموو پێویستییەکانی ئەم ماستەر نامەیە جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامە بەم شێوەیە بنێرێت بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژوو

م.ی. سرەوە خدر حمد

بەرپرسی هۆبەی خوێندنی باڵا

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی ئەم نامەیە بە ناونیشانی (**ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەشدا**)کە لەلایەن خوێندکار (ئازاد حەسەن نەبی) پێشکەشکراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدا، هەروەها لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان کرد، دەربارەی ناوەرۆکی نامەکە و لایەنەکانی تر، بڕیارماندا بە پەسەندکردنی نامەکە و بە پلەی(          ) بڕوانامەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدای پێ بدرێ.

واژوو                                  واژوو

سەرۆکی لیژنە                          ئەندام

ڕێکەوتی/   /   / ٢٠٢٢                ڕێکەوتی/   /   / ٢٠٢٢

واژوو                                  واژوو

پ.ی. مستەفا سەید مینە مستەفا

ئەندام                                 ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢٢                  ڕێکەوتی/  /  / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزە زانکۆی (ڕاپەڕین) پەسەند کرا.

واژوو

ناو/ د. هیوا مینە محمود

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزە

ڕێکەوتی/   /   /٢٠٢٢

# پێشکەش

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- گیانی باوکم.
- بەدایکم و برا و خوشکەکانم.
- بە هاوسەر و منداڵەکانم.
- هەموو هاوڕێ و ئازیزانم.
- ئەوانەی زمانی کوردییان خۆشدەوێت و خزمەتی دەکەن.

# سوپاس و پێزانین

بەر لە هەمووکەس سوپاس و ستایش بۆ یەزدانی مەزن، کە ئەم دەرفەتەی پێدام.

- سوپاسی دایک و باوکی خۆشەویستم دەکەم، گەیشتنم بەئەمرۆ بەئی ئەوان دەزانم.
- سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم، چونکە لە کاتی زێڕینی ئەوانم گرت و لەو ماوەیەدا نەمتوانی وەک پێویست چاودێرییان بکەم.
- سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم، کە لە ئەلفوبێیەکەی ئەمین باڵدارەوە، تا ئەمرۆ وانەیان پێ گوتووم.
- سوپاسی هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانە دەکەم، کە لە پێدانی سەرچاوە بێبەشیان نەکردووم.
- سوپاسی هەردوو بەشی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، دەکەم، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندین.

**ناوەڕۆک**


پێشکەش.............................................................................................................. i

سوپاس و پێزانین................................................................................................ ii

پێشەکی.............................................................................................................. ١

بەشی یەکەم/ فۆلکلۆر و بەشەکانی و ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش:............................ ٥

تەوەرەی یەکەم/ چەمک و پێناسەی فۆلکۆر:......................................................... ٥

تەوەرەی دووەم/ بەشەکانی فۆلکلۆر:............................................................... ١٠

تەوەرەی سێیەم/ گرنگی و تایبەتمەندیەکانی فۆلکلۆر:........................................... ١٨

گرنگی فۆلکلۆر:................................................................................... ١٨

تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆر:..................................................................... ٢٣

تەوەرەی چوارەم / عەزیزی مەلای ڕەش و بەرهەمەکانی:...................................... ٢٤

سەرچاوەی ڕۆشنبیریی نووسەر:.............................................................. ٢٤

پەیوەندی نووسەر بە فۆلکلۆرەوە:............................................................ ٢٥

بەرهەمەکانی عەزیزی مەلای ڕەش:.......................................................... ٢٥

بەشی دووەم/ جۆری گێڕانەوە و شوێن و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی وپەیوەستییەکانی بە (کات، ڕووداو، کاراکتەر، زمان):.......................................................................... ٣١

تەوەرەی یەکەم / جۆری گێڕانەوە:.................................................................. ٣١

بەکارهێنان و وەگەڕختی فۆلکلۆر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا:................................ ٣٤

تەوەرەی دووەم/ شوێن و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی:............................................. ٤١

جوگرافیای گوند و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی:.................................................. ٤٦

تەوەرەی سێیەم/ پەیوەستییەکانی شوێن (بە کات، ڕووداو، کارەکتەر، زمان) :............... ٥١

پەیوەندی کات بە شوێنەوە:.................................................................... ٥١

پەیوەندی ڕووداو بە شوێنەوە:................................................................. ٥٥

پەیوەندی کاراکتەر بە شوێنەوە:.............................................................. ٥٨

پەیوەندی زمان بە شوێنەوە...................................................................... ٦٣

بەشی سێیەم/ دەقئاوێزانی فۆلکلۆری لە ڕۆمانەکەدا:.................................................. ٦٩

سەرەتا: کورتەیەکی تیۆری دەربارەی دەقئاوێزان:........................................................ ٦٩
تەوەرەی یەکەم/ پەندی پێشینان: .............................................................................. ٧٥
تەوەرەی دووەم/ ئیدیۆم: ......................................................................................... ٨١
تەوەرەی سێیەم/ ئەفسانە:........................................................................................ ٨٧
تەوەرەی چوارەم/ گۆرانی فۆلکلۆری:.......................................................................... ٩٠
تەوەرەی پێنجەم/ دەقئاوێزان لەگەڵ هەندێ بیر و باوەڕ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا: ............... ٩٣
باوەڕبوون بە پیاوچاکان و سەردانی کردنی مەزارەکانیان: ................................................... ٩٤
چاوەزار:.............................................................................................................. ٩٥
نووشتەکردن: ...................................................................................................... ٩٥
تووک و دوعا:..................................................................................................... ٩٦
ئەنجام.................................................................................................................. ٩٨
لیستی سەرچاوەکان................................................................................................ ١٠٠
Abstruct............................................................................................................ ١١٤

# پێشەکی

فۆلکلۆر سامانێکی گرنگی نەتەوەیی هەموو گەلێکە، ناسنامە و پەنجەمۆری ئاوێنەی ژیانی ڕابردووی هەر نەتەوەیەکە، هەر لەبەرئەمەشە گەلان بە پەرۆش و بایەخەوە پارێزگاری لەو سامانە نەتەوەییە دەکەن، هەمیشە لە پێناوی مانەوەیدا کۆشش دەکەن، چونکە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە، دەکرێت لە هەموو بوارەکاندا سوودی لێ وەربگیرێت. ئەدەبی ئەمڕۆی هەموو میللەتانی جیهان سەرەتا لە فۆلکلۆرەوە دەستی پێکردووە، وەک بناغەیەکی بەهێز و کاریگەر بووەتە هۆکاری گەشەکردن و داهێنانی ئەدەبی بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەب. ئەدیب و نووسەرانیش سوودیان لەم گەنجینە بە نرخە وەرگرتووە و تێکەڵی بەرهەمەکانی خۆیان کردووە، جا بە ئاگاییەوە بووبێت، یان بێ ئاگایی. ڕۆمانیش وەک ژانرێکی تازەی ئەدەبی بوارێکی فراوان و گونجاوە بۆ ئەم بابەتە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت. ڕۆماننووسانی کوردیش کەم تا زۆر ئاوڕیان لەم بوارە داوەتەوە و ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریان لە ناو ڕۆمانەکاندا وەگەڕخستووە و بەرهەمەکانی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە.

(عەزیزی مەلای ڕەش) لە گێڕانەوەی ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا بەشێوەیەکی فراوان کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردەواری ئاوێزانی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە، کە بە بەراورد لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا زیاتر بایەخی بەم لایەنە داوە و جێی بە ئاشکرا دیارە، ئەمەش لە دووسەرەوە سوود و گرنگی خۆی هەیە، لەلایەک دەقەکانی پێ تۆکمەتر و ڕازاوەتر کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە، بەشێک لە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەیی لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار کردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی لەڕێی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەو بابەتە فۆلکلۆریانە بکەین، کە ڕۆماننووس لەناو ڕۆمانەکەدا بەکاری هێناون.

- **سنووری توێژینەوەکە:**

وەک لەناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتووە (ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا)، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی بەشەکانی فۆلکلۆر لە ڕۆمانەکەدا، کە بۆتە

سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ڕۆمانووس، کە لە داڕشتن و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا سوودێکی زۆری لێوەرگرتووە.

- **هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکەینەوە، کەوا ڕۆماننوس عەزیزی مەلای ڕەش لەم ڕۆمانەدا چۆن ئاوڕی لە ئەدەبی فۆلکلۆر داوەتەوە و تا چەند گرنگیداوە بە چۆنیەتی و چەندییەتی ئاماژەدان بە فۆلکلۆر و بەشەکانی، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا.

- **گرنگی توێژینەوەکە:**

هەموو لێکۆڵینەوەیەک بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ ئەوەیە، کە زیاتر چاومان لەسەر کلتووری نەتەوەکەمان بێت، چونکە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار خەریکە کلتوور و فۆلکلۆری گەلەکەمان بەرە و لاوازی و پوکانەوە دەچێت، یان بایەخیان کەم دەبێتەوە، بۆیە لە پێناو پاراستن و مانەوەی ئەم گەنجینە دەوڵەمەندە پێویستە ئاوڕی جدی لێ بدەینەوە و بە بایەخەوە تێی بڕوانین، باشترین ڕێگەش بۆ ئەو مەبەستە لێکۆڵینەوە و ناساندیەتی بەنەوەی نوێ.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، کە ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆری کوردەواری لەناو ئەم ڕۆمانەدا بخەینەڕوو، کە ڕۆمانووس لە داڕشتنی ڕۆمانەکەیدا، سوودی لێوەرگرتووە و لە گێڕانەوەی ڕووداو بەسەرهاتەکاندا مەزراندوویەتی.

- **ڕێبازی لێکۆڵینەوە:**

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی و شیکاری پراکتیکی بۆ دەستنیشانکردنی بابەتە فۆلکلۆرییەکان لە ڕۆمانەکەدا پەیڕەو کراوە.

- **بەشەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم/** زیاتر لایەنێکی تیۆرییە دەربارەی فۆلکۆر و بەشەکانی و ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش)، کە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەشکراوە.

تەوەرەی یەکەم/ چەمک و پێناسەی فۆلکلۆر.

تەوەرەی دووەم/ بەشەکانی فۆلکلۆر

تەوەرەی سێیەم/ گرنگی و تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆر.

تەوەرەی چوارەم/عەزیزی مەلای ڕەش و بەرهەمەکانی.

**بەشی دووەم/** جۆری گێڕانەوە و شوێن و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی و پەیوەستییەکانی بە (کات، ڕووداو، کاراکتەر، زمان)

تەوەرەی یەکەم: جۆری گێڕانەوە

بەکارهێنان و وەگەڕ خستنی فۆلکلۆر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.

تەوەرەی دووەم / شوێن و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی.

- جوگرافیای گوند و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی.

تەوەرەی سێیەم: شوێن و پەیوەستییەکانی بە (کات، ڕووداو، کاراکتەر، زمان)

- پەیوەندی کات بە شوێنەوە.
- پەیوەندی ڕووداو بە شوێنەوە.
- پەیوەندی کاراکتەر بە شوێنەوە
- پەیوەندی زمان بە شوێنەوە.

**بەشی سێیەم/** بەناونیشانی (دەقئاوێزانی فۆلکلۆری لە ڕۆمانی کێخوا سێوێ)دا، کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی پڕاکتیکەوە کاری لەسەرکراوە و پێکهاتووە لە سەرەتایەک دەربارەی دەقاوێزان و چەند تەوەرەیەک.

**تەوەرەی یەکەم/** دەقئاوێزان لەگەڵ پەندی پێشینان.

**تەوەرەی دووەم/** دەقئاوێزان لەگەڵ ئیدیۆمدا.

**تەوەرەی سێیەم/** دەقئاوێزان لەگەڵ ئەفسانەدا.

**تەوەرەی چوارەم/** دەقئاوێزان لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆردا.

**تەوەرەی پێنجەم/** دەقئاوێزان لەگەڵ هەندێ بیروباوەڕ و داب و نەریتی کوردەواری.

- باوەڕبوون بە پیاوچاکان و سەردانیکردنی مەزارەکانیان.
- چاوەزار
- نوشتەکردن
- تووک و دوعا.

توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێک کۆتایی هاتووە، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو سەرچاوانەی، کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، لەکۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەربی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم/ فۆلکلۆر و بەشەکانی و ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش:

### تەوەرەی یەکەم/ چەمک و پێناسەی فۆلکۆر:

چەمک و زاراوەی فۆلکلۆر، وەک هەر چەمکێکی دیکەی کۆمەڵایەتی چەندین پێناسە و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لە لایەن شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە و لە نێویشیاندا هەندێ خاڵی هاوبەش بەدی دەکرێن. ((فۆلکلۆر زاراوەیەکی زانستیە، کە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بۆ یەکەم جار (ولیەم تومس (W.C.Tioms) لە ساڵی ١٨٤٦ی زایینیدا وەک زاراوەیەکی زانستی هێنایە نێو کۆڕی زاراوە زانستییەکانەوە. ئەم زاراوەیە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو بەش پێکهاتووە، (Folk) کە بە واتای خەڵک دێت و(Lore)یش بە واتای (چیرۆک، پەند، زانست دێت)، کە واتا گشتییەکەی بریتییە لە (پەندی گەل)، یان (زانستی گەل)(**سوکولوف: ١٩٧١: ١٧**)، کەواتە بەم پێیە بێت فۆلکلۆر بریتییە لە زانیاری و ڕۆشنبیری خەڵک.

فۆلکلۆر وەک زاراوەیەکی زانستی فۆڕمێکی جیهانی وەرگرتووە((...ئەوەش لێکۆلەرانی لە زارەوەی نەتەوەیی و ناوچەیی و زۆر و لە یەک جیا دەربازکرد، ئەوەتە، کە دەڵێن فۆلکۆر.. لای کورد و عەرەب و فارس و ئینگلیز و سەرجەم گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەر هەمان واتا دەگەیەنێت))(**عەبدوڵڵا: ٢٠١٤: ٣٣**). لە پێناسەیەکدا، کە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ دەربارەی فۆلکلۆر کراوە هاتووە (فۆلکلۆر کۆیەک بەرهەمی زەینی مرۆڤە، کە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیا دەکاتەوە و هەندێ بابەتی وەکو چیرۆک، شیعر، ئەدەب و ئەفسانەی ناوچەیی لۆکاڵی، نووسین، هێماکان، ئاسەواری هونەری، کەرەستەی موزیک ژەندن و پیشەی دەستکرد، خانووبەرە دروستکردن، ئاسەوارە مێژوویەکان، شێوەی بیناسازی و هەندێ شتی دیکەی لەم بابەتە دەگرێتەوە)(**عەلی زادە: ١٣٩٢: سایتی گۆسان**). د. احمد مرسی، کە یەکێکە لە شارەزایانی بواری فۆلکلۆر، بەم شێوەیە پێناسەی فۆلکلۆر دەکات و دەڵێت: ((فۆلکۆر بریتییە لەو هونەر و بیروباوەڕ و جۆری ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەی، کە خەڵک گوزارشتییان پێ لە ناخی خۆی دەکات، جا چ بەکارهێنانی وشە، جووڵە، ئاماژە ، یاخود، ترپە (ئیقاع)، یان هێڵ و ڕەنگ، یاخود شێوەکاری ماددە، یان دروستکردنی ئامێری سادە و ساکار بێت.))(**مرسی: ١٩٧٥: ٩٠**). ئەگەر سەرنج لە هەریەک لەم دوو پێناسەیە بدەین

دەبینین لە هەردوو پێناسەکەدا جەخت لەوەکراوەتەوە، کە فۆلکلۆر هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی دەگرێتەخۆ. ئەندرۆلانج دەڵێت: ((فۆلکلۆر پاشماوەکانی ڕۆشنبیری کۆنی پێش شارستانیەتە، یان پاشماوەکانی ڕۆشنبیری ژینگەی شارستانیەتە نوێکانە)) (معین: ١٣٨٨: ٩٣). واتە فۆلکلۆر بەرهەمی ڕۆشنبیری گەلە بەپێی بارودۆخ و گۆڕانکاری ژینگە و دەوروبەر لە سەردەم و قۆناغ و زەمەنی جیاوازدا، جا ئەو ڕۆشنبیرییە لەلایەنی ماددی بێت، یان لە لایەنی مەعنەوی بە واتایەکی دیکە ئەوە مرۆڤە، کە بەپێی کات و ژینگە و گۆڕان لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، ڕۆشنبیریی بەرهەم دەهێنێت. (بول سبیو) لە پێناسەیەکدا دەڵێت: ((ئەدەبی فۆلکلۆر زۆر فراوانترە لە ئەدەبی میللی، چونکە بابەتی داب و نەریت و بیر و بۆچوونەکانی بابەتی هونەری و ئەدەبە میللییەکان لە خۆ دەگرێ))(رشدی: ١٩٩٧: ١٨)، بە پێی ئەو پێناسەیە فۆلکلۆر سنورێکی بەرفراوانتری هەیە لە ئەدەبی میللی، چونکە فۆلکلۆر هەم لایەنی خوو و ڕەوشت و داب و نەریت و کلتوریی، هەم لایەنی ئەدەبی سەرزارەکیش دەگرێتەوە، وەک: پەند و قسەی نەستەق و ئەفسانە و... هتد. هەروەها (ئیتلی) بەم شێوەیە پێناسەی فۆلکلۆر دەکات و دەڵێت: ((فۆلکلۆر ئەدەبێکی گواستراوەی سەر زاری خەڵکە)) (کریم: ٢٠١٥: ٥). (جعفر قنوات)یش دەڵێت: ((بەو بەشەی زانست و هونەر، کە بە شێوەی سەرزارەکی و لەسەر زمانێک بۆ زمانێکی دیکە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە دەوترێت ئەدەبی فۆلکلۆر)) (س.پ: ٥). هەر یەک لەم دوو پێناسەیە فۆلکوریان بە ئەدەبی سەر زارەکی داناوە، کە لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە و باسی لایەنە ماددیەکەیان نەکردووە، بەڵکو تەنها بەشە زارەکییەکەیان ئاماژە پێکردووە.

لە فەرهەنگی (وبستر)دا بەم شێوەیە پێناسەی فۆلکلۆر کراوە، کە دەڵێت: ((فۆلکلۆر بابەتێکە، کە لە ڕێگەی پاشماوەوە دەگوازرێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە بریتییە لە حیکمەت و ئەدەبێک، کە لە کتێبەوە فێری نابیت.)) (مرسی:١٩٧٥: ٣٥). مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە فۆلکلۆر نەنووسراوەتەوە لە کتێبەکاندا شارەزای نابین، بەڵکو لەڕێگەی سەرزارەکییەوە شارەزای دەبین، واتە دەماودەم پشتاوپشت خەڵکی ئاشنای بووە و نەوە بە نەوە بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، دەکرێ ئەم پێناسەیە بۆ سەردەمێک ڕاست بێت، کە هێشتا فۆلکلۆر بەسەر زاری خەڵکەوە بووە، بەڵام لەو کاتەوەی، کە

هەندێ هەوڵی نووسینەوەی فۆلکلۆر پەیدا بوون، دەتوانین بڵێین نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان دەتوانن لە ڕێگەی نووسینەوە ئاشنای فۆلکلۆری نەتەوەکەیان بن.

هەندێ لە شارەزایانی بواری مرۆڤناسی (ئەنثرۆپۆلۆژیست)ی ئەمریکی پێیان وایە، کە (فۆلکۆر بریتییە لە ئەدەبێکی میللی زارەکی، کە تەنها لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەماودەم دەگوازرێتەوە) **(عمر: ٢٠١٨: ٢٥)**. خاوەنی ئەم پێناسەیە زانای فۆلکلۆرناسی ئەمریکی (فرانسیس لی ئاشلی)یە، کە بەو پێناسەیە سنور و بواری فۆلکلۆر زۆر بەرتەسک دەکاتەوە و جۆرەکانی دیکەی هونەری لێ دەردەکات وەک (مۆسیقا و سەما و هەردوو لایەنە کۆمەڵایەتیەکە (داب و نەریت و عادەت)، هەروەها لایەنی ماددی وەکو پیشەسازی دەستی و خواردەمەنی و... هتد.

(عزام أبو الحمام المطور) دەڵێت: ((فۆلکلۆر بریتییە لە بواری ئەو لێکۆڵینەوەیەی ، کە شێواز و میتۆدی زانستی لە وەرگرتنی توخمە توند و تۆڵەکانی ڕۆشنبیریی زارەکی و ماددیی کۆمەڵگاکانی ڕابردوو و ئێستای مرۆڤدا بەکاردەهێنێت.)) **(حەسەن، ٢٠١١: ٦)** نووسەر بە شێوەیەکی زانستیانە و گشتگیر باسی فۆلکلۆری کردووە و پێی وایە، کە دەبێت وەک زانستێکی مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکاندا میتۆدی زانستیانە پەیڕەو بکرێت، هەروەها ئاماژەی بۆ هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی کردووە، کە دەکرێت بە پێناسەیەکی گشتگیر و زانستیانە دابنرێت.

لێکۆڵەر و فۆلکلۆرناسانی کوردیش کەم تا زۆر گرنگییان بەم بابەتە داوە و پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە، لە ئینساکلۆپیدییای گشتیدا بەم جۆرە پێناسەی کراوە، کە دەڵێت: ((فۆلکلۆر زاراوەیەکی زانستییە، بریتییە لە کەلەپووری هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەو کەلەپوورەش هەموو جۆرێک دەگرێتەوە، کە لە کار و باری ڕاستەقینەی ڕۆژانەی میللەتەوە هەڵقوڵاوە و دەماودەم گێڕاویانەتەوە.)) **(صالح: ٢٠٠٥: ٧٦٤)**، پێناسەیەکی دیکە دەڵێت: ((مەبەست لە وشەی (فۆلکلۆر) ئەو پاشماوە و کەلەپوورە میللیانەیە، کە سالانی ساڵ دەماودەم و دەستاودەس هاتوون تا گەیشتوونەتە ئێمە و دانەریان دیار نییە.)) **(کەریم: ٢٠٠٩: ٨)**، هەروەها لە پێناسەیەکی دی دا هاتووە دەڵێت: ((فۆلکلۆر بریتییە لە کۆمەڵە بەرهەمێکی پەخشانی و شیعری و سەربردەی ڕابردوو و کۆمەڵە ژانرێکی دیکە، کە لە ناو جەرگەی شالاوێکی میللی دا هاتبێتە کایەوە و هەرگیز نەتوانرێ خودان و کەسانێکی بۆ

بدۆزرێتەوە دایان ڕشتبێ)). (**عەبدولعەزیز: ١٩٩٩: ٦٦٤**)، واتا زۆربەی هەرە زۆری فۆلکلۆری میللەتان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکدی دەچن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بار و گوزەران و سەرچاوەی ژیان و باری کۆمەڵایەتیان تاڕادەیەکی زۆر وەکو یەک بووە و خاوەندارێتییەکەشی بۆ میللەت دەگەڕێتەوە.

د. شوکریە ڕەسوڵ دەڵێت: (فۆلکلۆر هونەرێکی ڕەسەن و کۆنە و هونەری وتنی ڕاستەوخۆیە و پشتاوپشت و دەماودەم هاتووە و دەڕوات، بەندە بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە) (**موکری: ١٩٨٤: ٢١**). ئەم پێناسەیەش تەنها باس لە بەرهەمی سەرزارەکی دەکات و لایەنی ماددی باس نەکردووە. یەشار کەمال دەڵێت: (فۆلکلۆر دەستهاتێکی گەورەی ئەزموونی مرۆڤایەتییە، زنجیرەیەکی زانیاریی هەمیشە زیندوو و پایەدارە سامانی زانیاری گرانبەهایە، کە لە سەدان ساڵ پێش ئەو ڕۆژە ئەو خەڵکە دروستیان کردووە.) (**حوسێن: ٢٠٠٧: ٥**)، واتە فۆلکلۆر دەستکەوت و بەرهەمی چەندین ساڵەی ئەزموون و دنیا دیدەیی و سەلیقەی پێشینانە و گەنجینەیەکی پڕ بەها و زانیارییە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە بە پێی قۆناغ و سەردەمەکان ((...فۆلکلۆر لەگەڵ مرۆڤ و سەردەم دەڕوا و کزی بۆ نییە، بەڵام شتێکی دی هەیە بە گۆڕانی بوارەکانی ژیان بابەت و کەرەستەی فۆلکلۆرەکەش دەگۆڕێ)) (**حوسێن: ٢٠٠٧: ١١**)، واتە فۆلکلۆر بەرە و کزی و لاوازی ناچێت، بەڵکو بەپێی قۆناغە مێژوویەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و ژیان و گوزەران و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت و هەڵگری سیما و تایبەتمەندی سەردەمەکەی خۆی دەبێت.

یەکێکی دی لە پێناسەکان دەربارەی فۆلکلۆر دەڵێت: ((کۆی هەموو ئەو دەستکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییە جێگیرانەیە، کە دەور دەبینن لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی ئیتنۆس (کۆمەڵ)دا.)) (**میران: ٢٠٠٩: ٥٨**)، لەم پێناسەیەدا کەلەپوور بۆ دوو بەش دابەشکراوە، کەلەپووری ماددی، کە مەبەست پێ لە پیشە دەستییەکانە بە هەموو جۆرەکانییەوە هەروەها کەلەپووری مەعنەوی، کە لایەنە هزری و ڕۆحییەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە هەر لە ئایین و داب و نەریتەوە تا دەگاتە کلتوور و زمان، لە هەمان کاتدا دەبێتە ناسنامە و مەرجی بوونی نەتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەیدا

ڕەنگدەداتەوە و گرنگی خۆی هەیە. بە واتایەکی دیکە ((ئەو میراتە فکری و ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەرییانە دەگرێتەوە، کە نەوەکانی پێشەوە بۆیان بەجێ هێشتووین و بریتیین لە ئاوێنەی ڕابردووی ئێمە، کە ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەخۆ، ئامادەبوونی ئێمەیان لە هەموو جۆراوجۆرەکانی ژیاندا لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەشێ بگوترێت داب و نەریتیش وەکو بەشێک لە کەلەپووری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی سەیر دەکرێت،)) **(قەرەداغی: ٢٠٠٧: ١٢)**، بە واتایەکی دیکە فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە لەناو جەرگەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەرهەمی شارستانییەت و ڕۆشنبیری نەوەکانی ڕابردوومانە لە هەموو بوارەکاندا، بەپێی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ژیان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، (د. ئیدریس عەبدوڵڵا) لە پێناسەی ئەدەبی فۆلکلۆردا دەڵێت: ((ئەدەبی فۆلکلۆر ئاوێنەیەکی پڕشنگداری ڕابردوو و ئێستای میللەتە، کە تیایدا پەند و گۆرانی و قسەی نەستەق و داستان و ئەفسانە و سەربردەی قارەمانیەتی و ئازایەتی و سوارچاکی و میوانپەڕەوی بە ئاشکرا لە تێکستی جواندا بەرجەستە بووە.)) **(عەبدوڵڵا: ٢٠١٤: ٣٦)**، کەواتە فۆلکلۆر تەنها پەیوەست نییە بە ڕابردوو، بەڵکو فۆلکلۆر شتێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤ و بەردەوام لە دروستبووندایە بە پێی سەردەم و گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە ڕەنگدانەوەی هزر و کلتوری کۆمەڵگایە. لێرەدا کۆی ئەو پێناسانەی دەربارەی فۆلکلۆر و ئەدەبی فۆلکلۆری خرانەڕوو هەندێک خاڵی هاوبەش و جیاواز لە نێوانیاندا هەیە، کە ئێمە ئاماژەمان بۆ کردوون و کەم تا زۆر سەرنجیان خراوەتە سەر، چونکە چەمکی فۆلکلۆر وەک هەر چەمکێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەکرێت پێناسە و بیر و بۆچوونی جیاواز لە بارەیەوە لە ئارادا بێت. کەواتە دەتوانین بڵێین: فۆلکلۆر تابلۆیەکی هونەری ژیانە کە چۆنیەتی گوزەران و بەسەرهات و ئەزموونی ڕابردووی ژیانی مرۆڤایەتیمان لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ دەگێڕێتەوە. بەشێوەیەک کە بتوانین سیمای هەر قۆناغ و سەردەمێک لەکەلتووری گەلان بناسینەوە، چونکە فۆلکلۆر گوزارشت لە تایبەتمەندی گەلان دەکات بەپێی گۆڕانی ژینگە و زەمەن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا؛ جا چ لایەنی ڕۆشنبیری بێت، یان ماددی، کە بوونەتە بناغەی پێشکەوتنی ئەدەب و فەرهەنگ و شارستانی ئەمڕۆمان.

## تەوەرەی دووەم/ بەشەکانی فۆلکلۆر:

پۆلێنکردنی دیاردەیەیکی کۆمەڵایەتی وەک(فۆلکلۆر) کارێکی سادە و ئاسان نییە، بۆیە هەر وەک چۆن پێناسەیەکی جێگیر و سەربەخۆ بۆ فۆلکلۆر نییە، بە هەمان شێوە لە بواری دەستنیشانکردنی بەشەکانی فۆلکلۆریش پۆلێنکردنێکی دیاریکراو و تایبەتی نییە، بەڵکو بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر پۆلێنکراوە. شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە هەر یەکە لە ڕوانگەی بۆچوون و زانستی خۆیەوە ژانرەکانی فۆلکلۆری دەستنیشان کردووە، بۆیە ئێمەش لێرەدا هەندێک لەو پۆلێنکردنانە دەخەینەڕوو. (د. جیهان زەکی) دەڵێت: دەکرێت بەشەکانی فۆلکلۆر دابەش بکەین بۆ چوار بەشی سەرەکی گەورە، کە هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی دیکەدا کارلەیەک دەکەن و یەکدی تەواو دەکەن، کە ئەمانەن:

١- ئەدەبی زارەکی: وەک گۆرانی، سەرگوزشتە، پەندی پێشینان، ئەفسانە، داستان و ...هتد.

٢- فەرهەنگی ماددی: وەک هونەرەکان و پیشە و کارە دەستییەکان، بیناسازی، جل و بەرگ و شێوازەکانی جوانکاری، ڕێگاکانی چێشتلێنان و ... هتد.

٣- داب و نەریت و بیر و باوەڕەکان: وەک جەژنەکان، ئاهەنگ و زەماوەند، یارییەیکان (گاڵتە و گەپ)، شێوازەکانی تیماری و برینپێچان، هەروەها سەرنجدان و تێڕوانین بۆ بوونەوەرەکان و شیکردنەوەی پەیدابوون و دوا ڕۆژیان.

٤- هونەرەکانی نواندن و جێبەجێکردنی: وەک مۆسیقا و سەما و شانۆ **(زەکی : ٢٠١٢: ١٥٣)**.

دەکرێت بڵێین ئەم پۆلێنکردنەی فۆلکلۆر گشتگیرە و تا ڕادەیەکی زۆر ئاماژەی بۆ سەرجەم بەشەکانی فۆلکلۆر کردووە لە چوار بەشی سەرەکیدا، کە خۆی لە لایەنی ماددی و زارەکی و داب و نەریتەکان و هونەرەکانی نواندن و جێبەجێکردندا دەبینێتەوەو هەر یەکێک لەو بەشانەشی بۆ چەند بەشێکی دیکە دابەشکردووە. هەروەها (ولیام تۆماس) فۆلکلۆری دابەش کردووە بۆ دوو بەشی سەرەکی لایەنی ماددی، کە بریتی یە لە ئامێرە مۆسیقییەکان، جل و بەرگی میللی، وێنە و قوماش و کوتاڵەکان، بەرماڵ و مافوور و دەستچنەکان و پەیکەر و شتی دیکە، لایەنە نا ماددیەکەشی بریتییە لە چیرۆک و سەربووردە ئەفسانەییەکان، حیکایەتی ناواقیعی و پڕوپوچ، سرووتە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان، شین و شایی و... هتد. **(المحمد: ٢٠١٥: ١)**.

دکتۆر (محمد الجوهری)ش بە پێی ئەو پۆلێنکردنەی، کە بۆفۆلکلۆری کردووە دەڵێت: بابەتەکانی فۆلکلۆر دابەش دەبن بۆ چواربەش، بەم شێوەیە:

١- ئەدەبی میللی.

٢- داب و نەریتەکان.

٣- بیروباوەڕ و خوو و خدەی باوی میللی.

٤- ڕۆشنبیریی ماددی و هونەرە میللییەکان (لایەنی کردەنی). **(محمد جوهری: ١٩٧٠: ٢٨).**

هەروەها (هانی الحمد) پێی وایە، کە دەبێت زانستی فۆلکلۆر وەک زانستی کتێبخانە پۆلێن بکرێت و بەشەکانی بۆ نۆ بەش دیارییکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بیر و باوەڕەکان.

٢- داب و نەریتەکان.

٣- ئەدەب.

٤- مۆسیقا و هونەرە جوانەکان.

٥- پزیشکیی میللی.

٦- پیشەسازی و هونەرە دەستییەکان.

٧- هەڵگرانی کەلەپووری میللی (وەرگێڕەکان).

٨- مێژووی کەلەپوور و ڕەخنەی کەلەپووری.

٩- ئامار و ڕووپێو. **(الحمد: ٢٠١٨: سایتی ستار تایمز).**

لێرەدا نووسەر پێی وایە، کە فۆلکلۆر زانستێکی گشتگیرە و هەموو بەشەکانی زانیارییە میللییە کۆنەکان دەگرێتەوە، کە لە نۆ بەشدا پۆلێنی کردوون، بۆیە پێی وایە، کە دەبێت فۆلکلۆر لە چوارچێوەی زانستی کتێبخانەدا دابنرێت لەبەرئەوەی وەکو کتێبخانەیەک وایە. هەر دەربارەی بەشەکانی فۆلکلۆر (محمد سعید القشاط) بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بۆ دووبەش پۆلێن کردووە: یەکەم/ پەخشان: کە ئەم بەشانەی لە ژێردا کۆدەبنەوە، ئەفسانە، چیرۆک، نوکتە، پەند، مەتەڵ.

دووەم/ شیعر: لە ژێر ئەم بەشەشدا باسی جۆرەکانی شیعرکراوە، قەسیدە درێژەکان، شیعری بۆنە وەک خۆشی و تەنیایی، ئەسپ سواری و...هتد. **(کەریم: ٢٠١٥: ١٧)**، هەروەها (د. نەبیلە ابراهیم) بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

١- ئەفسانە و جۆرەکانی.

٢- حەکایەت و جۆرەکانی.

٣- مەتەڵ.

٤- نوکتە و گاڵتە و گەپی میللی، کە بۆ چەندین جۆر دابەشکراون. **(س.پ)**. لەم دابەشکردنەدا هەموو بەرهەمە زارەکییەکان باسنەکراون بۆ نموونە، داستان، گۆرانی چیرۆک و سەرگوزشتە... هتد.

یەکێک لە دیارترین ئەو دابەشکارییانەی، کە بۆ جۆرەکانی فۆلکلۆر کراوە بریتییە لە دابەشکارییەکەی (موسوعە – کلەلک)کە بەم شێوەیەی خوارەوە بەشەکانی فۆلکلۆری پۆلێنکردووە:

١- پاشماوەی دەستی: ئەم پاشماوەیە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بە دەست دروستکراون جا چ کۆن چ نوێ لەوانە:

أ. ڕستن و چنینی پۆشاک.

ب. دروستکردنی بووکەڵەی داری و لۆکەیی، یان هەر شتێک، کە لە کەرەستەی سادە دروستدەکرێت.

جـ. جوانکاری و ڕازاندنەوە.

٢- پاشماوەی زارەکی: ئەویش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە کۆنەکان بۆمان گوازراوەنەتەوە، لە ڕێگەی زمان و قسەکردنەوە. وەک:

أ. بیروڕای پڕ وپووچ (اساطیر). کە بریتییە لە چیرۆکێک لە سنووری باو بەدەربێت، یان ڕووداوەکانی باسی ئەو قارەمانانە دەکەن، کە لە دەرەوەی هێزی سروشتەوەن. هەموو کۆمەڵگەکانیش سەربووردەی بیر و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیە. کە پشت بە خەیاڵ و ئەفسانە دەبەستن.

ب. خەرافیات (ناڕاستەقینە و خەیاڵی): ئەوەش جۆرێکە لە بیر و ڕا، کە پشت بە خەیاڵ و وێناکردن و باوەڕبوون بە شتێک دەبەستێت بە بێ بوونی بەڵگەی زانستی. خرافە (ناڕاستەقینە و خەیاڵی) پەیوەندییەکی بە تینی بە تێکڕای فۆلکلۆرەوە هەیە، دەکرێت بڵێین میراتێکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەجێماوە.

ج. چیرۆک و سەرگوزشتە: ئەمەش هۆنینەوەیەکە، کە ناتوانرێت ڕاستیەکەی بسەلمێنرێت، بەڵام پەند و ئامۆژگاری لێ وەردەگیرێت و ڕۆشنبیری نەتەوە کۆنەکانی پێ دەناسرێتەوە.

٣- پاشماوەی فەرهەنگی ڕۆشنبیری: ئەمەش ئەو شتەیە، کە بۆمان گوازراوەتەوە و دەماودەمی پێکراوە، لە ئەدەب و زانست و هونەرە کۆنەکان، کە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی داب و نەریتەکان، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. هەموو هونەرە میللیەکانی وەک: شیعر و بەیت و سەما و گۆرانی.

ب. پەند و قسەی نەستەق و بیروڕای کەسان، کە باو و بڵاون لە ناو کۆمەڵدا.

ج. سرووتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەوانەش چەند کار و کردەوە و هەڵسوکەوتێکن، کە چینێکی تایبەت ئەنجامیان دەدات لە کۆمەڵدا، کە سەردەکێشێت بۆ هێمایەک لە شێوەی سروشتدا. لە بۆنەی ئایینی و بۆنەکانی دیکەی وەک شین و شایی و هۆزەبانە، هەروەها کەرنەڤاڵ و ئاهەنگ و زەماوەند و میهرەجانەکان. **(موسوعە- کلەلک: سایتی ستارتایمز).**

هەرچەندە ئەم دابەشکارییە بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە کراوە، بەڵام بە دەر نییە لە کەم و کووڕی بۆ نموونە تێکەڵاوییەک هەیە لە نێوان پاشماوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری، کە هەریەک لە (بەیت و شیعر و گۆرانی و پەند و قسەی نەستەق)ی لە چوارچێوەی فەرهەنگدا هەژمار کردووە، کە دەبوو لە چوارچێوەی پاشماوە زارەکییەکاندا هەژمار بکرێن.

نووسەر و شارەزایانی فۆلکلۆری کوردیش هەریەکە بە جۆرێک بەشەکانی فۆلکلۆریان دابەشکردووە. د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: ((فۆلکلۆر زۆر مەیدانی کەلەپووری نەتەوەیی ئەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جل و بەرگی میللی کۆن و ئێستاوە تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی تیا خواردن (قاپ و قاچاغ و کاسە و کەوچک) و تا نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێک شتی تر کە شەقڵی تایبەتی کۆنی میللەتێک لە بەرهەمێکی دەستکرد یا بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە، بەڵام لە

کۆڕی ئەدەبدا فۆلکلۆر پڕبەپڕ بۆئەوە بەکار ئەهێنرێ، کە ئەدەبیاتناسانی هەندێ وڵات بە بەرهەمی سەرزاری خۆڵقێنەرانی گەلی ناو دەبەن.)) (**ڕەسوڵ:٢٠١٠: ١١**). لەم دابەشکارییەدا فۆلکلۆر بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش کراوە لایەنی ماددی، کە خۆی لە پیشە دەستییەکاندا دەبینێتەوە و هەروەها لایەنی ئەدەبی زارەکی، کە خۆی لە بەرهەمی سەرزاری خەڵکدا دەبینێتەوە وەک: ئەفسانە و داستان و چیرۆک و پەند و قسەی نەستەق و شیعری گۆرانی: هتد. (د. عەزیز گەردی)ش لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (بەشێکی کەلتوری میللەت، کە زارەکی (زارگۆتە)ن فۆلکلۆرە وەک: پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتە و گەپ، هۆنراوە، ئاواز و گۆرانی و شین و لاواندنەوە، چیرۆک، داستان و ئەفسانە و...هتد دەگرێتەوە. بەشێکی دیکەش کە پێی دەڵێن: ئەتنۆگرافیا، شتی ماددی و نازارەکین (هۆنەرەکانی میللی) وەک: شایی و هەڵپەرکێ و نەخش و نیگار و درامای میللی و داب و نەریتی وەک: ئافرەت ڕازاندنەوە و ژن خواستن و بووک گواستنەوە و مردوو ناشتن و لێنانی چێشتی میللی و پیشە دەستییەکانی وەک: چیخ، کوێن دروستکردن و تەون و جولایی... دەگرێتەوە) (**نورەدین، ٢٠٠٥: ١٠-١١**). لێرەشدا هەردوو لایەنی ئەدەبی سەرزارەکی و (ئەتنۆگرافیا) لە یەکتری جیاکراونەتەوە و وردەکارییەکی زۆر لە پۆلێنکردنەکەدا دەبینرێت. هەندێکی دیکەش لە لێکۆڵەر و فۆلکلۆر ناسانی کورد بەرهەمی سەر زارەکی (ئەدەبی فۆلکلۆریان)بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن کردووە:

١- ئەفسانە و جۆرەکانی.

٢- داستان و جورەکانی.

٣- حیکایەت و جۆرەکانی.

٤-گۆرانی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٥- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق.

٦-گاڵتە و گەپ.

٧. مەتەڵ. (**موکری، ١٩٨٤: ٣٨**).

ئەگەر سەرنجی ئەم بەشە گرنگانەی فۆلکلۆر بدەین دەبینین، کە کۆی ئەو بەرهەمە زارەکیانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی گوازراونەتەوە و دەمام و دەمی پێکراوە و ماوەتەوە، هەروەکو (شوکریە ڕەسوڵ) دەڵێت: لە ڕووی فۆلکلۆرەوە ڕونی بکەمەوە ئەوەیە، کە ئەم ئەدەبە بەسەر

زارییەی دەمام و دەم و پشتاو پشت بۆمان ماوەتەوە و پارێزگاری لە مانەوەی کردووە) (**ڕەسول: ١٩٨٢: ٥٣**)، هەروەها دەڵێت: فۆلکلۆر هەر تەنها ئەدەبە سەرزارییەکەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەموو لایەنەکانی دیکەی میللیشی گرتۆتەوە، کە تایبەتە بە زانستێکی تر ئەویش (ئەتنۆگرافیا)یە، کە خۆی لە پیشە دەستییەکان و خۆڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتییدا دەبینێتەوە. (**س.پ.: ٥٣**). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەرهەمی سەرزارەکی و بەرهەمە ماددیەکان تێکەڵ بە یەکدی کراون. هەر وەکو ئەو پۆلێنکردنەی کە لە کتێبی (سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە) بۆ فۆلکلۆر کراوە و پێیان وایە فۆلکلۆر تەنها لایەنە ئەدەبییەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی بەرهەمی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە جا چ لایەنی زارەکی بێت چ لایەنی ماددی بێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان کردووە:

١- فۆلکلۆری ئەدەب.

٢- فۆلکلۆری نیگار.

٣- فۆلکلۆری یارییەکان.

٤- فۆلکلۆری ساز و ئاواز.

٥- فۆلکلۆری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە.

٦- فۆلکلۆری خۆراک.

٧- فۆلکلۆری ئامێری دروستکەر و بەرهەم هێنەر.

٨- فۆلکلۆری نەریتی کۆمەڵایەتی.

٩- فۆلکلۆری کاسە و کەوێڵ و نەختینەی ماڵ.

١٠- فۆلکلۆری تیمارکردن.

١١- فۆلکلۆری باوەڕی کۆن.

١٢- فۆلکلۆری خانە سازی.

١٣- فۆلکلۆری ڕاو و چەک.

١٤- فۆلکلۆری پیشەکان.

١٥- فۆلکلۆری کەل و پەلی ئاژەڵ.

١٦- فۆلکلۆری ئەستێرەوانی و کەش. (**نەقابەی مامۆستایانی هەولێر: ٢٠٠٩: ١٩**).

کەواتە ئەگەر سەرنج لەم پۆلێنکردنە بدەین دەبینین کۆی داهێنان و بەرهەمی مرۆڤایەتی، کە بۆمان بەجێماوە و پشتاوپشت و نەوە دوای نەوە لە ڕێگەی گێڕانەوە و دەستاودەستکردن گوازراوەتەوە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، چ ئەدەبی سەرزاری بێت چ ڕۆشنبیری ماددی بێت، یان لایەنی بیر و باوەڕ و داب و نەریتی کۆمەلایەتی بێت. هەموو لە چوارچێوەی فۆلکلۆردا پۆلێن کراون. واتە هەردوو لایەنی ئەدەبی سەرزارەکی و (ئەتنۆگرافیا)، کە پیشە دەستییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە تێکەڵ کراون. هەروەها (د. مەولود ئیبراهیم حسن) لە پڕۆژە بڵاونەکراوەکەیدا بە ناوی (ئەدەبی میللی) بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی بەو جۆرەی خوارەوە دیاری کردووە، کە هەر خۆشی پێی وایە بە هۆی کۆنەکردنەوەی  سەرجەم فۆلکلۆری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دەکرێت بەشی دیکە مابێ، بەڵام دەست ئێمە نەکەوتبێت:

١- پەند.

٢- قسەی نەستەق.

٣- گوتەی ناو خەڵک.

٤- ئیدیۆم.

٥- نوکتە (گاڵتە و گەپ).

٦- مەتەڵۆک.

٧- حەکایەت وەک:

- حەکایەتی ئاسایی.
- حەکایەتی گیانداران.
- حەکایەتی کۆسە.
- حەکایەتی هەیاس.
- حەکایەتی مەکری ژنان.
- حەکایەتی خوڕافی (وڕێنە).

٨- ئەفسانە:

- ئەفسانەی خوداوەند.

- ئەفسانەی دڵداری.
- ئەفسانەی ژنخواستن.
- ئەفسانەی گەڕان بە دوای نەمریدا.
- ئەفسانەی گەڕان بە دوای نهێنی و بەختدا.
- ئەفسانەی ئەفراندن.
- ئەفسانەی لافاو.

٩- داستان:

- داستانی نەتەوەیی و نیشتیمانی.
- داستانی ئایینی
- داستانی دڵداری.

١٠-گۆرانی:

- گۆرانی لای لایە بۆ منداڵ.
- بەستە (گۆرانی شایی) گۆرانی (پێش شەڕ).
- گـۆرانی کـارکردن: وەک دروێنــە، ڕەوســەکـردن، ســاوار کوتانــەوە، گـۆرانی نـاو ڕەز و بێستان ڕنین... تاد.
- حەیران لە ڕووی جۆری گوتنەوە: سەرچیایی، مەجلیسی، غەریبی، حەیرانی خۆشەویستی، ئایینی، نیشتمانی، نەتەوەیی، چینایەتی، سیاسی.
- مەقام: وەک قەتار و هیجران و ئەڵڵاوەیسی و تاد.
- لاوک: وەک لاوکـی دڵـداری و خۆشەویسـتی، دڵـداری و کێشــەی عەشـیرەتی، دڵـداری و کێشەی ئایینزا و ئایینی، نەتەوەیی و ڕامیاری، غـەریبی، هـۆرە، سیاچەمانە، پـایزە، ئـازیزە، بەیت، شینگێڕی و سەردولکە.)) **(ئیبراهیم، ٢٠١٥: ١٩-٢٠).**

ئەگـەر سـەرنج بدەینـە ئـەو دابەشـکارییانە دەبینـین تـا ڕادەیـەکی زۆر لـە یەکـەوە نـزیکن سـەرەڕای هەبوونی هەندێ تێکـەڵی و خـاڵی جیاواز لـە نێوانیاندا، کـە ئـەوەش شـتێکی ئاسـاییە، چونکـە فۆلکلـۆر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەرهەمی ڕۆشنبیریی خەڵکە و ئاستی ڕۆشنبیریی خـەڵکیش جۆراوجۆر و

جیاوازە، بەپێی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا، بۆیە شتێکی سروشتییە، کە نووسەر و شارەزاییانی ئەم بوارە بیروبۆچوون و ڕاو سەرنجی جیاواز و هاوبەشیان هەبێت دەربارەی فۆلکلۆر و بەشەکانی، چونکە دواجار فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوت و کاروچالاکییەکانی مرۆڤە، جا چ لایەنی زارەکی بێت چ لایەنی ماددی، بە پێی گۆڕانی ژیانی کۆمەلایەتی لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا. کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دابەشکارییانەی، کە بۆ فۆلکلۆر کراون دەکرێت بڵێین فۆلکلۆر هەرسێ لایەنی بەرهەمی (سەرزارەکی، دەستکرد، داب و نەریت و بیروباوەڕەکان) دەگرێتەوە، کە هەریەک لەمانەش چەندین بەش لەخۆدەگرێت.

## تەوەرەی سێیەم/ گرنگی و تایبەتمەندیەکانی فۆلکلۆر:

- **گرنگی فۆلکلۆر:**

فۆلکلۆر بایەخ و گرنگییەکی یەکجار گەورە و بەرچاوی هەیە، لەمێژووی هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا، کە ڕووی گەشی ئەو نەتەوانەی پیشانداوە و بۆتە هۆکاری مانەوەی ئەو گەل و نەتەوانە، هەر لەبەر ئەوەشە، کە گەلان بە پەرۆش و بایەخەوە پارێزگاری لەو سامانە نەتەوەییە دەکەن و گرنگی پێدەدەن. بێگومان فۆلکلۆر هۆکارێکی گرنگە بۆ شارەزابوون و لێکدانەوە لە ڕابردووی خۆمان لە ڕووی چۆنیەتی ژیان و شارستانیەت و ڕۆشنبیری و بیر و باوەڕ و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە لە قۆناغە مێژووییەکانی ژیاندا، چونکە ((فۆلکلۆر بێگومان مەزنترین کەرەستێ مللیە ژ بۆ هەڵشکافتن یا ژین و ژیار و دیرۆک، ڕێز و سەروبەرێت مللەتی پێ تێنەزانین و دەستنیشانکرن، هەر ژبەر هەندێ ژی تورڤانێت جیهان، زانا و ڕوشەنبیران پویتەکێ مەزن ژ فولکلۆر خارییە، خڕڤەکرییە، چاپکرییە...))( **ئامێدی: ۲۰۰۲: ٥**)، هەروەها (تۆفیق کەریم)یش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە و دەڵێت: ((فۆلکلۆر سەرچاوە و کەرەستەیەکی بایەخدراوە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی سەردەمانی ڕابردووی ئەو گەلە، بەم پێیە ئەگەر ویستمان باب و باپیرانمان بناسین لە ڕووی بیروباوەڕ و نەریت و ئاستی گرنگی دانیان بە مەسەلەیەک دەتوانین لە فۆلکلۆرەوە بەوان ئاشنابین.)) **(کەریم: ۲۰۱۲: ۳۱).**

کەواتە هەر هەوڵ و توێژینەوەیەک بۆ زانین و ئاگاداربوون لە ژیانی ڕابردوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کارێکی گرنگ و بەنرخە لە پێناو گەیشتن بە ڕاست و دروستی شتەکان و

ساغکردنەوەیان بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. بێگومان ڕاستییەکانیش لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگەدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، کە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەیی باشترین سەرچاوەن بۆ گەیشتن بەو ڕاستییانە، چونکە ((فۆلکلۆر یاریدەدەرێکی گرنگە لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مێژوویی گەلدا، چونکە لەوەوە گەلێ بەسەرهات و ڕووداو و سیفەتەکانی قۆناغێک، یان سەردەمێکی مێژوویی ئەو گەلە ڕوون ئەبێتەوە.)) **(کامەران موکری: ١٩٨٤: ٣٥)**. واتە لە غیابی کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەیی، یان بوونی تەم و مژ و ناڕوونی تێیدا وا دەکات قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگا ون بێت و ئاگاداری نەبین، ((چونکە چەندین سەردەمی ژیانی گەلانی دنیا هەیە کە بەهۆی لەناوچوونی ئەو کەلەپوور و پاشماوە کۆنانەی، کە لێیان بەجێماوە ناتوانرێت تیشکی بخرێتە سەر و باسبکرێت، بەهۆی نەبوونی زانیاری و بەڵگەی بەرجەستەوە هەمووی دەچێتە خانەی نەبوونەوە.)) **(عەبدولقادر: ٢٠١٦: ١٨-١٩)**. لەمەوە گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری و کەلەپووری نەتەوەییمان بۆ دەردەکەویت، کە چەندە گرنگە لە ژیانی هەموو نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا، لەسەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا، کە هەر سەردەم و قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیش هەڵگری خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی بەپێی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ژیان و شارستانیەتی هەرگەل و نەتەوەیەک لە وێستگە مێژوویە ڕووناک و تاریکەکاندا، بۆیە پێویستە بەهەر شێوەیەک بێت بایەخ بەم سامانە نەتەوەییە بدرێت، چونکە ((فۆلکلۆر ئاوێنەی بالاّنمای ڕابردوومانە بە ڕووناکی و تاریکییەوە، ئەوەی ئەم ئاوێنەیە بشکێنێت ئەوا ناتوانێت بالاّی خۆی بەدرێژایی ڕۆژگار ببینێت.)) **(نوورەدین: ٢٠٠٥: ١١-١٢)**.

یەکێک لەمەرجەکانی بوون بە نەتەوە هەبوونی ناسنامەیە، کە پێناسەی نەتەوەکەی پێ دەکرێت و پێی دەناسرێتەوە. ئەم ناسنامەیەش بریتییە لە کەلەپوور و فۆلکلوری هەر نەتەوەیەک بەواتایەکی دی((یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەک خۆناسینە، واتە دۆزینەوەی شوێنەوار و مێژووی باوباپیران، کە پێی دەوترێت کەلەپووری نەتەوایەتی)) **(جاف: ١٩٨٥: ٥٥)**، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کەئەو سامانە بەنرخە ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی سادە و ساکاری خەڵکە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، کە لە ئەنجامی بەسەرهات و تاقیکردنەوەی ڕۆژگار هاتوونەتە بەرهەم، چونکە ((فۆلکۆری هەر نەتەوەیەک لە جەرگەی بەسەرهاتو سەرگوزەشتەی ژیانی دێرینی ئەو نەتەوەیە هەڵقوڵاوە و ئاوێنەیەکی پاک و بێگەردە، کە نیگار و ڕووخساری ڕاستەوخۆی گوزەران و

جۆری ژین و ئاستی ڕۆشنبیری ئەو میللەتە نیشاندەدات و ئامرازێکی شیاوە بۆ ناسینی ڕابردوو چ لەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری چ لە باری زانست و زانیاری و جۆری بیروڕای لەباوا)) **(شەریف: ١٩٧١: ٣).**

فۆلکلۆر سەرچاوە و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ئەدەبی نووسراو، چونکە ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەدەبی ئەمڕۆی هەموو گەلانی جیهان سەرەتا لە فۆلکلۆرەوە دەستی پێکردووە، وەک بناغەیەکی بەهێز و کاریگەر بووەتە هۆکاری گەشەکردن و داهێنان و پێشکەوتنی ئەدەبی ((ئەدەبی فۆلکلۆر بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو. ئەم ئەدەبە لەناو جەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە گەلێ لە بەرهەمە گەورە و مەزنەکانی گێتی ئەدەبی نەنووسراو بوون و لە پاشان بوون بە ئەدەبی نووسراو.)) **(خەزنەدار: ٢٠٠١: ١٥٨)**، لە هەموو قۆناغە مێژوویەکانی ئەدەبیدا نووسەر و شاعیران سوودیان لەم کەرەستە خاوە وەرگرتووە و بەرهەمەکانی خۆیانیان پێ ڕازاندۆتەوە، تەنانەت زۆربەی ئەو شاکارە ئەدەبییانەی، کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی شانازییان پێوەدەکات سەرچاوەکەیان بۆ فۆلکلۆر دەگەڕێتەوە، هەروەکو گۆرکی دەڵێت: ((بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆردایە. فۆلکلۆر کەرەستەیەکی گەورە و سەرچاوەیەکە بۆ هەموو شاعیر و نووسەران، ئەگەر بە باشی لە ڕابردوو گەیشتین ئەو کاتە بە باشی و بە وردی لە گرنگی فۆلکلۆر دەگەین.)) **(ڕەسووڵ: ٢٠١٠: ٢٧)**، هەروەها دەڵێت: لە ڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسوف و شاعیر میللەت خۆیەتی هەر ئەویش بەرهەمهێنەر و خولقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە و داستانەیە، کە لە کەڵچەری جیهاندا هەیە). **(ڕەسووڵ: ١٩٧٩: ٩).**

ئەلیکسەندەر کراب دەڵێت: ((فۆلکلۆر زانستێکی مێژووییە، بۆیە دەبێت ئەم زانستە بپارێزرێت و ببێ بە بەردی بناغەی ئەدەبی پێشکەوتوو)) **(عەزیز: ١٩٩٢: ٩٨)**، ئەگەر تەماشای بەرهەمی نووسەر و شاعیران بکەین دەبینین کەم تا زۆر سوودیان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و ئاوێزانی ناو بەرهەمەکانیان کردووە جا بە مەبەست بووبێت، یان بێ مەبەست، دواجار بە قازانجی بەرهەمەکە شکاوەتەوە و بەهێزتری کردووە، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆری وەکو ماددەیەکی خاوە چۆنت بوێت دەتوانیت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و بەکاری بهێنیت وەک دەگوترێت (خەنجەری بەر پشتێیە) لە هەر کات و شوێنێکدا دەتوانیت سوودی لێوەربگریت و کەلێن و بۆشاییەکانی پێ پڕ بکەیتەوە بە ئامانجی بەرهەمهێنانی دەقێکی سەرکەوتوو، کە زۆرترین خوێنەر بەلای خۆی ڕابکێشێت. ((باشترین

سەرچاوەشە بۆ ئەم نزیکبوونەوەیە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری میللی، بۆیە شاعیری هاوچەرخ ڕووی کردە داستان و پەند و شیعری فۆلکلۆری و داب و نەریت و گشت ئەو بیر و باوەڕانەی میللەت پەیڕەویان دەکات و بڕوای پێیان هەیە و وێنەی بەهێزی لێوەردەگرتن.)) **(گەردی: ٢٠٠٤: ٣٠١)**. بێگومان ئەوەش دەکەوێتە سەر توانا و لێهاتوویی نووسەر لە چنینی دەقەکەدا لە ڕووی تەکنیک و ناوەڕۆکەوە لە پێناو ڕازیکردنی خوێنەر.

کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەیی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پاراستن و مانەوەی زمانی ڕەسەنی زکماکی هەر نەتەوەیەکدا، هۆکارێکە بۆ زیندوو هێشتنەوە و بەرز ڕاگرتنی فەرهەنگ و کەلتووری گەل ((لەبەرئەوە کەلەپووری هەر نەتەوەیەک هەڵگری وشە و زاراوەی ڕەسەنی نەتەوەکەیە و مۆرکی ئەوی بە سەرەوەیە، هەرکاتێک زمانەکە بکەوێتە بەر مەترسی شێوان و لەناوچوون جا بەهەر هۆیەک بێت، ئەوا لەڕێگەی فۆلکلۆری ڕەسەنەوە دەتوانرێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات.)) **(عەبدولقادر: ٢٠١٦: ٢١)**، چونکە ڕەسەنترین و پاکترین سەرچاوەی زمانی زکماکی هەر نەتەوەیەکە، لەبەرئەوە ((ئەگەر ڕۆژێک بخوازین وە دوای زمانێکی پاراو و یەکپارچەو ستاندار بکەوین دەبێ پسپۆڕانی زمانناسی لەم گەنجینە بایەخدارەی ئەدەبی زارەکی کەڵک وەربگرن)) **(سەلیمی: ٢٠١٣: ٤٤)**، چونکە گرنگترین سەرچاوەی بەردەستە بۆ توێژەر و شاعیر و گۆرانی بێژ و داهێنەران، لە هەمانکاتدا یەکەمین قوتابخانەی مرۆڤایەتی جیهانییە و ڕێگایەکە بۆ ڕۆشنبیری چینەکانی کۆمەڵگە، کە پەیوەستە بە داب و نەریت و ڕێوڕەسم و بیر و باوەڕ و هونەرە میللییەکان، کە لە ڕاستیدا زەخیرەیەکی ڕاست و باوەڕپێکراوی گەورە و ڕۆشنبیرییەکی دەستاو دەست کراو و گواستراوەیە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا. **(برازی: ٢٠١٨: سیما کورد)**، هەر لەبارەی ئەم سامانە بەنرخە (د. رامی حداد) چەند لایەنێکی گرنگی خستۆتەڕوو، کە دیارترینیان ئەمانەن:

- گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی لەناو خەڵکدا لە کاتی گواستنەوەی ئەو پاشماوە بەنرخەی کە پێشینان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێهێشتووە، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوون و بووژاندنەوەی وڵات لە ڕووی شارستانیەت و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و بازرگانی و ئابووریی.

- فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەیی هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی نەوەی تازە لەدایک بوو، کە وەکو لاپەڕەیەکی سپی وایە دەتوانرێت بە باشترین شێوە پەروەردە بکرێت بە ڕۆشنبیری و داب و نەریتێکی ڕاست و دروست لەناو کۆمەڵگەدا لەپێناو پاراستنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی.
- هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری، ڕۆشنبیری، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان وڵاتاندا.
- بەشێکی گەورەیە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی ناوخۆیی، وە گواستنەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە بە شێوازێکی جوان و سەرجڕاکێش بۆ بینەر و گوێگر لە هەمانکاتدا، ئاوڕدانەوەیەکی کورتە بۆ خوێندنەوەی مێژوو بۆ ناسینی ڕۆشنبیری و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو. **(حداد: ٢٠٠٥: صحيفه الرأي).**

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنج و بۆچوونانەی، کە لەبارەی بایەخ و گرنگی فۆلکلۆر خراونەتەڕوو پێویستە هەموو گەل و نەتەوەیەک شانازی بە کەلەپور و فۆلکلۆری خۆیەوە بکات چونکە هۆکارێکی گرنگە بۆ بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەک و ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی دیاریکردنی ناسنامەی تاک و بوونی ئینتیما بۆ کۆمەڵێکی دیاری کراو، کە هۆکارێکە بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە، کە پێی جیا دەکرێتەوە لەناو میللەتانی جیهاندا. هۆکارێکە بۆ بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەڕووی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ژیریی و دەرونییەوە، هەروەها چاندنی بەها پەروەردەییەکان لە دەروونی تاکەکان و گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی ڕەچاوکردنی ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان لە هەمانکاتدا کەرەستەیەکی ڕەسەن و دەوڵەمەندە بۆ نووسەر و شاعیر و توێژەران بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە بەرهەمەکانی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن. ئەمەش وادەکات تام و چێژێکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت و هەموو خەڵک لێی تێبگات. لەم سۆنگەیەوە پێویستە هەموو نەتەوەیەک نرخ و بەهای ئەم سامانە بەنرخە بزانێت و گرنگی پێبدات لەڕووی کۆکردنەوە و، پاراستن و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، بەتایبەتی ئێمەی گەلی کورد پێویستە لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر

گرنگی بەم لایەنە بدەین، چونکە بەدرێژایی مێژوو کەوتووینەتە بەر شاڵاوی دوژمنکاری و داگیرکاری نەتەوەکانی دەوروبەر... .

- **تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆر:**

لەپاش خوێندنەوە و تێگەیشتن لە چەمک و زاراوە، بابەتە سەرەکییەکانی فۆلکلۆر، بایەخ و گرنگییەکەی، دەکرێت کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیشی بۆ دیاری بکرێت، کە پێی جیا دەکرێتەوە لە ئەدەبی نووسراو، کە هەر سەردەم و قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتی خاوەنی خاسییەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە قۆناغەکانی دیکە. بێگومان گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ژیان و شارستانیەت و ڕۆشنبیری مرۆڤایەتیش پێ بە پێ و قۆناغ بە قۆناغ بووە. فۆلکلۆریش هەڵگری هەمان ئەو سیما و خەسڵەتانەیە و تێیدا ڕەنگی داوەتەوە بەپێی قۆناغە مێژوویەکانی ژیانی کۆمەڵگە. شارەزایان و توێژەرانی ئەم بوارەش چەندین خاسییەت و تایبەتمەدییان بۆ دیاری کردووە، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان بۆ بکەین:

١- ئەم بەرهەمە دەمام و دەم و پشتاوپشت هاتووە لە باب و باپیرانەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان، دەستاودەستی پێکراوە و ماوەتەوە.

٢- بەبەرهەمی تاکە کەسێک دانانرێت و هەموو میللەت خاوەنییەتی واتە کەسێکی دیاریکراو خاوەنی نییە.

٣- ڕووخساری هەرە دیاری بریتییە لە سادەیی و ساکاری لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە، کە شەقڵی تایبەتی ئەو زەمان و دەورەی خۆی پێوەیە.

٤- لەناو خەڵکدا یەکجار زۆر بڵاوە بەخوێندەوار و نەخوێندەواریەوە. (**ڕەسول: ١٩٧٩: ٨-٩**).

٥- لێکچوون لە نێوان فۆلکلۆری گەلاندا، کە ئەمەش بۆ لێکچوونی شێوەی ژیان و ئاین و بیر و باوەڕ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ژینگەکەی دەگەڕێتەوە. (**شەریف: ٢٠١٢: ١٢٦**).

٦- فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکە لە بوارە جیاجیاکاندا، بۆیە بە واقعییەت ناوی دەرکردووە. (**دەشتەکی: ٢٠٠٠: ٣**).

٧- فۆلكلۆر لە هەموو كات و سەردەمێكدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و هەمیشە زیندووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە فۆلكلۆر وەكو ماددەیەكی خاو وایە، دەتوانرێت لە هەموو كات و شوێنێكدا سوودی لێوەربگیرێت و بەپێی واقعیی ئەو شوێنە بگونجێت و مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت. **(عەبدوڵلا: ٢٠١٤: ٥٩).**

## تەوەرەی چوارەم / عەزیزی مەلای ڕەش و بەرهەمەكانی:

- **سەرچاوەی ڕۆشنبیریی نووسەر:**

عەزیزی مەلای ڕەش خۆی دەڵێت من زمانی عەرەبیم زۆرباش دەزانی و كوردیم هیچ نەدەزانی، بەڵام نسكۆی شۆڕشی ئەیلول وای لێكردم، كە خۆم فێری نووسین و خوێندنەوەی كوردی بكەم هەر وەک خۆی دەڵێت: ((لە حەژمەت هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلوول ئاوێزانی خوێندنەوەی كتێبی كوردی بووم)). **(خاك و هەڵدێر: ٢٠١٩: ٤٠٥).** واتە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری هۆكارێك بووە بۆ فێربوونی زمانی كوردی و خۆ ڕۆشنبیركردنی. سەرەتای خوێندنەوەی بە ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد دەستپێكردووە و دواتر ڕەوانبێژییەكەی عەزیز گەردی خوێندۆتەوە و كەوتۆتە ژێر كاریگەری بەرهەمەكانی و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ پەیدا دەكات، خۆی دەڵێت زیاتر لە (٥)جار (داغستانی من)ی عەزیز گەردیم خوێندۆتەوە، كە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، هەروەها كاریگەری بەرهەمەكانی (یەشار كەمال)ی بەسەرەوە بووە بە تایبەتی ڕۆمانی (حەمەدۆک) كە خۆی دەڵێت زیاتر لە حەوت جارم خوێندۆتەوە، هەروەها ڕۆمانی (دایک) و بەرهەمەكانی (نەجیب مەحفوز) كاری تێكردووە.

زمانی كوردی بە قوتابیانی پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی گوتۆتەوە و چەندین چیرۆک و ڕۆمان و كتێبی جۆراوجۆری بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە، چونكە لەو كاتەدا كتێبی كوردی زۆركەم بووە. هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە سەرچاوەی ڕۆشنبیریی نووسەر و هاندەر بوون بۆ نووسین بە زمانی كوردی. سەرەتا بە شیعری منداڵان دەستی پێكردووە و پاشان دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان كردووە. **(مەلای ڕەش: چاوپێكەوتن، ٢٠٢١ هەولێر).**

- **پەیوەندی نووسەر بە فۆلکلۆرەوە:**

عەزیزی مەلای ڕەش وەک نووسەر و ڕۆماننووسێکی دیاری گەلەکەمان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پاراستن و زیندوکردنەوەی فۆلکلۆر و دەوڵەمەندکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی. پەیوەندی نووسەر بە فۆلکلۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی، کە تێیدا ژیاوە، بە هۆی ئەوەی نووسەر لە لادێ لە دایک بووە و زۆربەی تەمەنی لە ناوچەی دەشتی قەراج و کەندیناوە بەسەر بردووە و لە ناو واقیعی داب و نەریت وکەلتوری ئەو ناوچەیە پەروەردە بووە، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆرییەوە. بێگومان ئەم واقیعە لە ژیان و بەرهەمەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەکو خۆی دەڵێت: (لە ناو فۆلکلۆردا ژیاوم و لەبەردەستم بووە و لەو زمانەی بەوەلەند بوویمە، سەرەڕای ئەمەش زۆرجار دەمدیت، کە بە هەڵە لەسەر فۆلکلۆر دەنووسرا)، هەروەها دەڵێت: (علی فەتاح دزەیی)ش زۆرهانی دەدام، کە لەسەر فۆلکلۆر بنووسم و لە فەوتان ڕزگاری بکەم). **(مەلای ڕەش چاوپێکەوتن: ٢٠٢١ هەولێر)**، کەواتە ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر و کەلەپوور لە بەرهەمەکانی نووسەردا بەو زمانە سادە و ساکار و ناوچەییە و بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە باسکران.

- **بەرهەمەکانی عەزیزی مەلای ڕەش:**

هەتاوەکو ئەمڕۆ نووسەر (٢٣) بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە، کە (١٢)یان ڕۆمانن. یەکەمین بەرهەمیشی نامیلکەیەکی شیعری مندالانە بە ناوی (پشیلۆکە)، کە ساڵی ١٩٧٩ چاپیکردووە. داوهەمین بەرهەمی چاپکراویشی ڕۆمانی (چەواشە)یە، کە لە ٢٠٢٠ چاپکراوە. بەرهەمێکی دەستخەتیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن بە ناوی (تەبغەی گڵاو) وەک خۆی دەڵێت: (ڕۆمانەکە دەربارەی مەلا حیزب پەرستەکانە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی جارێ چاپم نەکردووە و لە کاتێکی گونجاودا چاپی دەکەم. **(مەلای ڕەش چاوپێکەوتن: ٢٠٢١ هەولێر)** ئەمانەی خوارەوەش بەرهەمە چاپکراوەکانیەتی:

١- پشیلۆکە، ١٩٧٩، شیعری مندالان.

٢- قولە مەیتەر، ١٩٨٠، چیرۆکی مندالان.

٣- کێخوا سێوی، ١٩٨٦، ڕۆمان.

٤- تۆبەی گورگ مەرگە، ١٩٩٠، چیرۆک.

٥- گورگ و بزن، ١٩٩٠ ڕۆمانی مێردمنداڵان.

٦- غەوارە، ١٩٩١، ڕۆمان.

٧- بۆرە، ١٩٩١، ڕۆمان.

٨- حیزبی کەران، ١٩٩٤،ڕۆمان.

٩- خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨- ڕۆمان بەرگی یەکەم.

١٠-کرمانج، ١٩٩٨، وتارە چیرۆک.

١١-خاک و کێشەی مان، ١٩٩٩، ڕۆمان بەرگی دووەم.

١٢- کۆڵنەدان ٢٠٠٣، چیرۆکی درێژی منداڵان.

١٣- لیڤەومان، ٢٠٠٥ ڕۆمان.

١٤- گورزگورزانێ ٢٠٠٨ چیرۆکی منداڵان.

١٥- مەلای ڕەش ٢٠١٠، ژیاننامەی باوکی.

١٦- خورجەیەک لە فۆلکلۆر ٢٠١٢ کەلەپوری کوردەواری.

١٧- مێرێی دەرسیم ٢٠١٣ ڕۆمان.

١٨-واریقاتی ژیان. ٢٠١٦، بەسەرهات و قسەی نەستەقی کوردەواری.

١٩- خۆری پێغەمبەرایەتی. ٢٠١٦، ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)

٢٠- نەفرەت لە مین. ٢٠١٧ ئۆپەرێتی منداڵان.

٢١- پل، ٢٠١٧، ڕۆمان.

٢٢- واریقاتی ژیانی خۆم، ٢٠١٩.

٢٣- خاک و هەڵدێر، ٢٠١٩، ڕۆمان، بەرگی سێیەم.

٢٤- چەواشە. ٢٠٢٠.ڕۆمان.

نووسەر تا ئێستا خاوەنی (١٢)ڕۆمانە و وەک کەسێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕەخنە ئامێز لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا کێشەی داگیرکاری خاک و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە لایەن داگیرکەر و دوژمنانی گەلی کورد و چەوساندنەوەی چینایەتی لە ناوخۆی کۆمەڵی کوردییەوە

بەرجەستە کردووە. دەشتی قەراج و کەندیناوەش لەم بوارەدا پانتاییەکی فراوانی لە ڕۆمانەکانیدا داگیرکردووە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دیاردە و داب و نەریت و جیاوازییە چینایەتییەکانی بە شێوەیەکی واقیعیانە و بە زمانێکی ناوچەیی سادە و ساکار وێناکردوون وەک ئەوەی خوێنەر خۆی لە ناو واقیعەکەدا بێت، چونکە نووسەر خۆی لە دایک بووی ئەو ناوچەیەیە و زۆربەی ژیان و تەمەنی لەوێ بە سەربردووە و بەتەواوی لە هەموو ڕوویەکەوە شارەزای ناوچەکەیە.

نووسەر لە چنینی دەق و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکاندا سوودی لە فۆلکلۆر و کەلەپووری میللی وەرگرتووە، ئەمەش لە پێناو پاراستن و زیندوکردنەوەی فۆلکلۆر و بەخشینی چێژ و ڕەسەنایەتی بە ڕۆمانەکانی وەک: پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و گۆرانی، داب و نەریت و بۆنە و بیر و باوەڕە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، کەل و پەل و پیشە دەستییەکان لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و خواردن و جل و بەرگ، هەروەها زمانێکی ناوچەیی پەتی ساکاری بەکارهێناوە. ئەگەر سەرنج لە ڕۆمانەکانی نووسەر بدەین دەبینین فۆلکلۆر زیاتر لەو ڕۆمانانەدا وەرگەڕ خراوە، کە تایبەتن بەو ناوچەیەی، کە خۆی تێیدا ژیاوە. نووسەر لە ڕۆمانی (کوێخا سێوێ) دا وەک نووسەرێکی لادێی و لە گۆشەنیگای لادێ نیشینێکەوە باس لە چەوساندنەوە و کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت و شێوازی ژیانی خەڵکی ناوچەی دەشتی قەراج و کەندیناوە دەکات و هەر بە کەرەستە و زمانێکی سادە و ساکاری لادێییانەش واقعی ژیانی خەڵکی ناوچەکەی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەرجەستە کردووە، لەم چوارچێوەیەشدا فۆلکلۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاوێزانی ڕۆمانەکە کراوە، کە لە بەشەکانی دواتردا بە دوور و درێژی باسی لێوەدەکەین. لە هەردوو ڕۆمانی (گورگ و بزن) و (بۆرە)شدا، کە بۆ مێرمنداڵان نووسراون، نووسەر زمانێکی سادە وساکار و فۆلکلۆر ئامێزی بەکارهێناوە، چونکە بۆ مێرمنداڵان دانراون و ئەو کاراکتەرانەی بەشداری تێدا دەکەن گیانلەبەر و ئاژەڵن، کە وەک مرۆڤی ئاسایی مامەڵە و هەڵسوکەت لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەن و دەجووڵێنەوە و کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئامانج لە نووسینی ڕۆمانەکە ئەوەیە، کە مێرمنداڵان پەند و ئامۆژگاریی لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکە وەربگرن و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بەکارییان بهێنێنن، بەڵام مەبەستی نووسەر تەنها چێژ و خۆشی و پەند و ئامۆژگاری نییە بۆ مێرد مناڵان، بەڵکو دەیەوێت لە پشتی ئەمەوە شتی دیکەمان پێ بڵێت، چونکە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە وەکو ڕەمز

بەکارهێنراون. نووسەر ویستوویەتی بارودوخ و بەڕێوەبەردنی کاروبار و واقیعی ژیانی کۆمەڵگە لەم ڕێگەیەوە پێشانبدات، کە چۆن مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا بەسەر هەردوو بەرەی چاکە و خراپەدا دابەشبووە و لە کۆتاییشدا هەر بەرەی چاکە خوازی سەردەکەوێت. لەچنین و بەرجەستەکردنی دەقی ڕۆمانەکاندا نووسەر سوودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە بە تایبەتی پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق... هتد.

لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە) و (غەوارە)شدا نووسەر باس لە دیاردەی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان و داب و نەریت و جیاوازییە چینایەتیەکانی ناوچەی دەشتی قەراج و کەندیناوە دەکات. زۆر بە باشی و شارەزایانە توانیویەتی واقیعی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە شێوەی زمانی خەڵکی ئەو دەڤەرە لە ناو ڕۆمانەکاندا بەرجەستە بکات بە سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر و کەلەپووری ئەو ناوچەیە، کە بە شێوەیەکی فراوان لە ڕووداو و بەسەرهات و گفتوگۆی نێوان کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. نووسەر باس لەو زوڵم و چەوساندنەوەیە دەکات، کە بەشێک لە ئاغا و میرەکان لە لایەک و هەندێک لە شێخ و سەید و مەلاکان لە لایەکی دی بە هۆی پێگە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکەوە بەرانبەر چینی هەژار و ڕەش و ڕووتی ناوچەکە کردوویانە، بۆ ئەمەش سوودیان لە ساویلکەیی و نەزانی و نەخوێندەواریی خەڵکەکە وەرگرتووە، بۆ نموونە نووسەر لە ڕۆمانی (خاک و چەوساندنەوە)دا باسی هاتنی (مستەر لاین) دەکات لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ تاپۆکردنی زەوی لەسەر خاوەنەکانیان، کە چۆن پێش هاتنی (لاین) (عەولاغا) و (شێخ قوتب) بە نهێنی پلانێک دادەنێن بۆ فریودانی خەڵکی گوندەکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن دەست بەسەر زەوییەکانیاندا بگرن و بۆ ئەمەش وایان پێشاندا، کە عولاغا لەسەر دەستی شێخ گەڕاوەتەوە و تۆبەی کردووە و بەردەوام هاتوو چۆی مزگەوتی دەکرد و نوێژ و ڕۆژی نەدەچوون. ئەو پەڕی ڕێزی خەڵکی دەگرت و خۆی وا نیشاندەدا، کە ئەو خزمەتکاریانە و تەنها دەیەوێت وەکو برا گەورەیەک خزمەتیان بکات و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات. خەڵکەکەش لە ساویلکەیی و نەزانی خۆیان باوەڕی پێ دەکەن و لە کاتی هاتنی (لاین)دا زەویەکانیان پێشکەش بە ئاغا دەکەن. تەنها (عەولا گزگل) نەبێت ئامادە نەبوو زەویەکەی خۆی بداتە ئاغا، چونکە پێی وابوو هەر کەسێک خاوەنی زەوی خۆی نەبێت خاوەنی شەرەف و

نامووسی خۆشی نییه، داواشی له خەڵکەکه کرد، کە زەوی خۆیان لەسەر ئاغا تاپۆ نەکەن، چونکه ئاغا جێی متمانه نییه و (گورگه له پێستی مەڕدا) هەرگیز واز له زوڵم و زۆرداری ناهێنێت. ....

له هەریەک له ڕۆمانەکانی (مێرێ دەرسیم ) و (لێقەومان) و (خاک و مان)دا نووسەر باس لەو چەوساندنەوه و کارەسات و نەهامەتیانه دەکات، کە بەسەر گەلی کوردا هاتوون. له ڕۆمانی (مێرێی دەرسیم)دا نووسەر باس لەو چەوسانەوه و زۆڵم و کوشتار و ستەمه دەکات، کە له (دەرسیم)ی باکوری کوردستان لەلایەن تورکه بەناو مسوڵمانەکانەوه دژی گەلی کوردی موسڵمان ئەنجامدراوه. (مێرێ) یەکێکه لەو قوربانیانه و دوای له دەستدانی خێزانەکەی ئاوارەی کوردستانی باشور دەبێت و له شاری هەولێر دەگیرسێتەوه، بەڵام دواتر هەر به دەستی تورکەکان دەکوژرێت. له ڕۆمانی (لێقەومان)یش نووسەر ژیانی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی له یەکێک له شارەکانی کوردستان دەکاته بابەت و ڕووداوی ڕۆمانەکەی، کە شاری هەڵەبجەی شەهیده، مەبەستی ڕۆماننووس له باسکردنی ڕووداوی کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجه، ڕیسواکردن و پێشاندانی دڕندەیی ڕژێمه خوێنڕێژ و دیکتاتۆرەکەی بەعسه له کوردستاندا، کە به زمانێکی ساده و ساکار و ڕەوان نووسراوه بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوه دڕندەیی و خوێنڕێژی ئەو ڕژێمه و کارەساته گەورەیه بگەیەنێته خەڵک.

له ڕۆمانی (خاک و کێشەی مان)یشدا نووسەر باس له چەوساندنەوەی خەڵکی گوندەکان به دەستی ڕژێمی خوێنڕێژی عێراق و بەرگری کردن و خۆ بەدەستەوەنەدان و مل کەچ نەکردنی خەڵکی ئەو گوندانه و پێشمەرگه و گیانی خۆڕاگری ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکات له بەرانبەر داگیرکەراندا، ئەمەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیه، کە عەزیزی مەلای ڕەش له ڕۆمانەکانیدا کێشه گەورەکانی میللەتەکەی خستۆتەڕوو وەک ئەنفال و تەعریب و کیمیاباران و کارەساتی دیکه، کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون، نەک کێشەی تاکەکەسی.

کەواته دەتوانین بڵێین به شێوەیەکی گشتی دوو بابەتی سەرەکی بوونەته هەوێنی له دایکبوونی ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش)، ئەوانیش هەریەک له کێشه نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان و کێشه کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانن، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دوو بابەتەش له ناو ڕۆمانەکانیدا سوودی لەفۆلکۆر وەرگرتووه و به شێوەیەکی فراوان له چنینی دەق و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو

ڕۆمانەکە و گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، دواجار ئەمەش بۆتە هۆکاری پاراستن و زیندووکردنەوەی بەشێکی زۆری فۆلکلۆری ناوچەکە و لە فەوتان ڕزگاری کردووە.

## بەشی دووەم/ جۆری گێڕانەوە و شوێن و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی وپەیوەستییەکانی بە (کات، ڕووداو، کاراکتەر، زمان):

### تەوەرەی یەکەم / جۆری گێڕانەوە:

گێڕانەوە پرۆسەیەکی گرنگە بۆ خستنەڕووی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دەقە گێڕانەوە بەندەکان بەتایبەت چیرۆک و ڕۆمان تەنانەت ڕۆڵ و بایەخی خۆی هەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا و پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە، هیچ بوارێک نییە، کە گێڕانەوە ڕۆڵی خۆی تێدا نەگێڕێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ((خستنەڕووی ڕووداوێکە، یان چەند ڕووداوێکی دوور یا نزیکە، لەڕێگەی گێڕەرەوە، کە خۆی بەشداربوویەکی ڕووداوەکەیە، یا بە باشی ئاگای لێیەتی و واقیعییە، یان خەیاڵییە)) **(سالح: ٢٠١٢: ٩)**، واتە گێڕانەوە کردەوەیەکی بەردەوامی ڕۆژانەی مرۆڤە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکان جا ڕاستی بن، یان خەیاڵی.

گێڕانەوە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان دادەنرێت لە پێکهاتەی بینای هونەری ڕۆماندا، کە هەر نووسەرە ڕێگا و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە چۆنیەتیی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی نێو دەقی ڕۆمانەکەیدا بۆ وەرگر. کەواتە ((گێڕانەوە دەبێتە ئامرازێک بۆ چنینی پەیوەندیی نێوان ئەوبنەما هونەرییانەی تێکستی چیرۆکەکەی لەسەر دروست دەبێت.))**(ئیبراهیم: ١٩٨٨: ١٦١)**، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گێڕانەوە ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکیی دەگێڕێت لە بنیاتنانی دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا، واتە ((تەکنیکی گێڕانەوە بەشێکی جەوهەرییە لە بەدیهێنانی بەرهەمی سەرکەوتوودا، کە ناوەڕۆکی ڕۆمانیش ئەنجامی کاری هەموو توخمەکانی ڕۆمانە.))**(حەسەن: ٢٠١٢: ٥٩)**، کەواتە مەرجی سەرکەوتنی هەر دەقێکی ڕۆمان پەیوەستە بە گێڕانەوەوە، وەک سەرەکیترین بنیاتی هونەری ڕۆمان.

گێڕانەوە بە شێوەیەکی گشتی دوو شێوازی سەرەکیی هەیە ئەوانیش (شێوازی بابەتی و خودیین، کە هەریەک لەمانەش پەیوەستن بە جۆری گێڕەوەوە، بەپێی دوور و نزیکییان لە ڕەوتی ڕووداوەکان، واتە: گێڕەرەوە چۆن و لە کوێوە تەماشای ڕووداوەکان دەکات. ئەگەر گێڕەرەوە هەمووشتزان بێت ئەوا شێوازی گێڕانەوەکە بابەتی دەبێت، بەڵام ئەگەر کەم شتزان بێت ئەوا شێوازی گێڕانەوە خودی دەبێت)**(سابیر: ٢٠٠٠: ٢٥٦-٢٥٧)**، بەپێی ئەم دابەشکردنە بێت نووسەر بۆ هەر شێوازێک

پشت بە جۆری گێڕەرەوە دەبەستێت، واتە ((لە گێڕانەوەی بابەتیدا، گێڕەرەوە بە زمانی کەسی سێیەمی نادیار لە دواوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان، بەڵام لە گێڕانەوەی خودیدا گێڕەرەوە بە زمانی کەسی یەکەمی قسەکەر لە ناوەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و دەچێتە ناو ناخی کەسایەتییەکانەوە))(**ڕەحمان: ٢٠١٢: ٤١**).

کەواتە تەکنیکی گێڕانەوە وەک یەکەیەکی ڕێکخەر و پەیوەندیدار بەسەرجەم ڕەگەزەکانی تری بنیاتی دەقی ڕۆمان، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕۆماننووسەوە لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی شێوازەکانی گێڕانەوە بەپێی شارەزایی و لێهاتوویی لە بواری پاشخانی ڕۆشنبیری و دەوڵەمەندیی لە فەرهەنگی زماندا، چونکە گێڕانەوە پرۆسەیەکە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت ((کارکردنیش لەسەر زمان و وشە هێندەی تر مەبەستەکان گرنگتر و تەکنیکە ئەدەبییەکانیش جوانتر دەکات.)) (**فەوزی: ٢٠٠٠: ١٩**)، لەبەرئەوە زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە چەندە سادە و بێگرێ و گۆڵ بێت و نزیکبێت لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک، ئەوەندەی تر مەبەستەکانی دەپێکێت و سەرکەوتوو دەبێت لە ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوە، چونکە زمان ئامرازی گەیاندنە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، هەروەکو فیکتۆر شکسلۆڤسکی دەڵێت: ((هەر چیرۆک بێژێک بۆ چیرۆکەکەی خۆی کەرەستەگەلێک هەڵدەبژێرێت، کە یارمەتی پێکهاتنی بابەتی سەرەکی بکات. لە ئەنجامدا چەشنی گێڕانەوە پەیوەستە بە بابەت و چەشنی ئاخێویش پەیوەستە بە کەرەستەکانەوە.)) (**ئەحمەدی: ٢٠٠٥: ٢١٦**).

بەم پێوەرە دیاریکراوانەی گێڕانەوە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی کێخوا سێوێدا شێوازێکی بابەتییە و نووسەر گێڕەرەوەیەکی هەموو شت زانە، کە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە نووسەر ئاگاداری ورد و درشتی چۆنیەتی ئامادەبوون و کارکردن و جووڵەی کاراکتەرەکانە و هەموو زانیارییەک لەبارەی ئەوانەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت، واتە لە تەواوی دەقەدا هەست بە بوون و ئامادەیی نووسەر دەکرێت. ئەم تایبەتمەندییەش ڕۆڵی سەنتەربوون لە نووسینی ڕۆماندا بە نووسەر دەبەخشێت، واتە نووسەر وەک تاکە ڕوانگەی بۆچوون و تێگەیشتن لەو جۆرە دەقانەدا پێگەیەکی سەنتەری هەیە و بەهۆیەوە گەلێک جاردەقێک بە گوێرەی خواستی نووسەر چوارچێوەیەکی مانای دیاریکراوی دەبێت و خوێنەر تەنها دەتوانێت لەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە، چونکە گێڕەرەوەی هەمووشت زان سنوورێکی دیاریکراو بۆ هەر مەبەستێک

دیاری دەکات بە مەبەستی پێکانی ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ڕۆمانەکەیدا. بۆنموونە نووسەر هەریەک لە کاراکتەرەکانی بە مەبەست تەنها بەیەک تایبەتمەندی دیاریکراو، کە خزمەت بە مەبەستی سەرەکی بکات نەخشاندووە، واتە گێڕەرەوە هەر کاراکتەرێکی بەو ناسنامەیە خوڵقاندووە، کە لە سەرەتاوە دیاری کردووە. ئەمەش لە درێژەی ڕۆمانەکەدا بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، کە چۆن هەموو کاراکتەرەکان پابەندی ئەو چوارچێوەیەن، کە نووسەر بۆی دیاری کردوون. بەمەش شێوازی ڕۆمانەکەی لە گێڕانەوە بەندیدا بردۆتە چوارچێوەی شێوازی بابەتییەوە.

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان، کە گوندەکانی دەشتی قەراج و کەندیناوەیە و نووسەری ڕۆمانەکەش هەر خەڵکی ناوچەکەیە. زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کوردییەکی پەتیی ڕەوان و تەڕ و پاراوە و یەکانگیر و هاوسەنگ و تەواوکارە لەگەڵ زمانی ئەدەبی فۆلکلۆر، چونکە ((دەقە فۆلکلۆرییەکان زمانیان ئاسان و ڕوونە و لەهەر ناوچەیەک بەپێی شێوەزاری ناوچەکە ڕەنگییان وەرگرتووە.)) **(عەبدوڵڵا: ٢٠١٧: ٥١)**. بەواتایەکی دیکە زمانی نووسەر و فۆلکلۆر تەواو ئاوێزانی یەکدی بوون لە بەرجەستەکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و شوێنی ململانێی ڕووداوەکان و کاراکتەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان. نووسەر ئەو وشە و دەستەواژە سادانەشی بەکارهێناوە، کە خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن و لە فەرهەنگی ئەو زمانە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش پرۆسەی گەیاندنی واتاو مەبەستی ئاسانتر کردووە، هەروەکو شێرکۆ بێکەس پێی وایە ((بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە دیاردەیەکی پۆزەتیفە و نزیک بوونەوەیە لە خەڵک و بازاڕ و شەقام و ئاخاوتنی ڕۆژانە...)) **(ئەحمەد: ٢٠١٣: ٧٤)**.

بەدرێژایی ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیریی، یان باکگراوندی نووسەر، کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە لە بنیاتنانی کەسایەتیی و تایبەتمەندییەکانیان بە ڕۆشنبیریی فۆلکلۆریی بە ئاشکرا دیارە، واتە کاراکتەرەکان هەڵگری هەمان خەسڵەتی ڕۆشنبیریی فۆلکلۆریی نووسەرن، چونکە وەک ئاشکرایە خاوەنی پاشخانێکی گەورەیە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی، ئەمەش بەو بارەدا شکاوەتەوە کە کارەکتەرەکانیش لەو تایبەتمەندییە بەهرەمەندبن، واتە شێوازی نووسەر بووە بە شێوازی کارەکتەرەکانیش، ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا ڕەنگی داوەتەوە.

- **بەکارهێنان و وەگەڕختستی فۆلکلۆر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا:**

ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕۆمانی کێخوا سێویدا بەشێوەیەکی فراوان سوودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و وەستایانە لە هەر بارودۆخ و هەڵوێستێکدا لە شوێنی خۆی بەکاریهێناوە. شێوازی بەکارهێنان و گونجاندنی فۆلکلۆریش لە ڕۆمانەکەدا، شێوازێکی ڕاستەوخۆیە، واتە هێنانی ژانرەکانی فۆلکلۆر وەک خۆی و بەبێ دەستکاری بۆ ناو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە، کە لە چوارچێوەی ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کراون، واتە لە ڕووی فۆڕمەوە دەقێکی لێوان لێو کردووە بە بابەتەکانی فۆلکلۆر، کەوا دێتەبەرچاو چەپکێک گوڵ، کە گوزارشت بێت لە فۆلکلۆر بەداوێکی ئاوریشمی کە گوزارشتبێ لە هونەری ڕۆماننووسین وەک نوێترین ژانری ئەدەبی شەتەک درابێت. ئەمەش لەلایەک کورتکردنەوەی کات و ڕووداوگەلێکی درێژە لە چەند ڕستەیەکی کورت و پوختدا بۆ لابردنی بێزاری خوێنەر. لەلایەکی دیکەوە جوانکاری و چێژێکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە (پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و ... هتد، وەڵام و پرسیارێکی ئامادەکراون و کاریگەری  زیاتریان لەسەر گوێگر و خوێنەر هەیە،)**(غەفوور: ٢٠١٨: ١٦٤)**.

نووسەر فۆلکلۆری وەک خۆی بە خوێنەران و نەوەکانی دوای خۆی ئاشنا کردووە. لەوەش گرنگتر بەشێک لە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەکەشی ئەرشیف کردووە و لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگاری کردووە. بە واتایەکی دیکە زۆریی بەکارهێنانی فۆلکلۆر لە هونەرەکانی گێڕانەوەدا، وایکردووە مەودای گێڕانەوەکان بەرتەسک ببێتەوە، ئەمەش شێوازێکی فۆلکلۆرییانەی بە گێڕانەوەکان بەخشیوە بەهۆی هێنانی بەشەکانی فۆلکلۆر بۆ ناو ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەک (ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەق و وشە و دەستەواژەی ڕەسەنی کوردی... هتد.) واتە زمانێکی فۆلکلۆریانە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەرجەستەکراوە، ئەمەش بۆ پاشەخانە ڕۆشنبیرییەکەی نووسەر دەگەڕێتەوە، کە پاشخانێکی دەوڵەمەندە بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی فۆلکلۆریی، کە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەش لێی بێ بەش نەبوون.

ڕۆماننووس لە ڕێگەی یەکێک لە ڕەگەزە دیارەکانی ڕۆمان، کە وەسفە زەینی خوێنەر بۆ چوونە ناو ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئامادە دەکات، کە هەر لە سەرەتاوە شوێنێکی واقعی وەک قەراج و کەندیناوە دەکات بە جێگای سەرنج و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاگادارمان دەکاتەوە، کە

خەریکە باسی ناوچەیەکی جوگرافی واقعی دەکات. لێرەوەش وەسف ئامرازێکی کاریگەری دەستی نووسەرە تا تایبەتمەندی ناوچەکە بناسێنێت، ئەمەش هەر لە دەستپێکەوە ئاشکرا دەبێت، کە کوێ دەبێتە گۆڕەپانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، هەروەها لە ڕێگەی وەسفەوە دەتوانین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بزانین خاک و دیاردە و تایبەتمەندییەکانی، ڕەگەزێکی گرنگی مانای ڕۆمانەکە پێک دەهێنن ئەوەتا کە دەڵێت: ((دەشتی قەراج چۆن بە بژوێن و لەوەڕ باشی ناوی دەرکردبوو، چوار پێنجساڵی پێنەچوو لە کشتوکاڵیشدا شوورەتی وادەرکرد، کە لە دەوروبەری هەولێر بە بڕشتترین زەویی دێمییە، ئەگەر بێت و مانگێک پاییز بمێنێت پەڵەی (یەعقووباغایی) لێ بکەوێت، لەوسەریش سێ جار تێرئاو بێت، دوو لە ئادارێ و یەک لە نیسانێ چێترە لە موڵکی خوراسانێ، بۆی هەیە یەک و چل، پەنجا، شەست ببڕێت، ئیتر خەڵک لە هەموو لایەکەوە بۆ کشتوکاڵ ڕوویان تێکرد، بەچەند ساڵێکی کەم ئاوەدانی و دێی گەورە گەورە پەیدا بوون. زەوی نەما خاوەنی نەبێت. ئەو بەیارانەی کە لە ڕۆژی بوونیانەوە نووکی گاسنیان بەخۆیانەوە نەدیبوو تێکرا کێڵدران))**(کێخواسێوێ: ٩)**. لێرەدا نووسەر لە وەسفکردنی دەشتی قەراجدا دەستەواژەیەکی خەڵکی دەشتی قەراج دەهێنێتەوە، کە باوبووە و گوتراوە (پەڵەی یەعقوباغایی) واتە ئەوەندە باران ببارێت، کە وڵاخ لە دوای باران بە ناو کێڵگەکەدا بڕوات یەکسەر جێ سمەکانی پڕئاو بن، کە نووسەر خۆی لە هەمان لاپەڕەدا ڕوونی کردۆتەوە، هەروەها پەندێکی فۆلکلۆریی تایبەت بە دەشتی قەراجی هێناوەتەوە، کە دەڵێت: (دوو لە ئادارێ یەک لە نیسانێ، چێترە لە موڵکی خوراسانێ)، کە مەبەست لێی بە پیت و بەرەکەتی زەوی دەشتی قەراجە، کە یەک و چل تا شەست دەبڕێت. چەندین وشەو دەستەواژەی دیکەی کوردیی پەتیی ڕەسەنی ناوچەیی لە وەسفەکەدا بەکارهێناوە وەک (بژوێن، بڕشت، زەویی دێمی، بەیار و ... هتد) کە ڕەوتی گێڕانەوەی وەسفەکەیان کورت و کاریگەرتر و واتادارتر کردووە.

بەم شێوەیە دەبینین وەسف ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرجەستەکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو بە تایبەتمەندییە فۆلکلۆرییەکانەوە دەگێڕێ، هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە کاراکتەرەکانیش بەشێوازێکی فۆلکلۆری دەبنە هەوێنی مەبەستی نووسەر. واتە نەک هەر شوێن بەڵکو کاراکتەرەکانیش لەڕێگەی وەسفەوە ڕەهەندێکی فۆلکلۆری وەردەگرن و دێنە بەر چاوان، تا کۆتایی بەهەمان ڕۆڵ و تایبەتمەندییانەوە درێژە بە بوونی خۆیان دەدەن و بەردەوام دەبن. بۆ نموونە نووسەر لە وەسفی

(ئەحمەدە لۆقدریژ)دا، دەڵێت: ((لۆقدریژ زۆر بەدین بوو، سەری بچوبایە نوێژی نەدەچوو، چەندی بڵێی دەستکورت و ڕووت و ڕەجاڵ بوو، مشک لە ماڵی کلکی بەئارد نەدەبوو، سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵە منداڵێکی ڕەش و ڕووتی سەرکەوبنکەی هەبوو)) **(کێخوا سێوێ: ١٤)**.

هەروەها لە وەسفی (ئۆمەرە گچکەل)دا دەڵێت: ((وەکو کوڕی ماڵی لێ هاتبوو، سووکەڵەی ماڵ بوو، ... مام ئۆمەر پشتی زۆر پێ قایم بوو، گیانێکی بەو بوو)) **(ل١١٨)**، هەروەها لەسەر زاری سێوە سۆریشەوە وەسفی هەلپەرستی (کوێخا وەسمان) دەکات و دەڵێت: ئە...ە-- نیسکە.. نیسک! لەگەڵ گورگ گۆشت دەخوات و لەگەڵ مەڕیش شین دەکات.))**(ل١٨٣)**. لە شوێنێکی دیکەدا لە وەسفی دوژمنەکانی مام ئۆمەردا دەڵێت: غارە پڕتاوەکەیان کردە گورگە لۆقە.))**(ل٣٥)**.

ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی گفتوگۆی نێوان کاراکتەرەکانیشدا زمانێکی کوردیی پەتی ڕەسەنی فۆلکلۆریانەی ناوچەیی بەکارهێناوە. بەشێوەیەکی بەرچاو سوودی لە ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەق وەرگرتووە. شێوازی گفتوگۆکانی کاریگەرتر و دەوڵەمەندتر کردووە و تام و چێژێکی تایبەتیی پێ بەخشیوە بۆ نموونە ڕۆمانووس گفتوگۆیەکی نێوان مەلا و ڕیش سپی و خزمانی شێخ گومەر و مام ئۆمەرمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بۆ مەبەستی ئاشتەوایی و مەسڵەتی دێنەلای مام ئۆمەر:

((- کە یەکەمجار ئەوانە بە نەخێری گیانیان هاتن و گەرحەیان ئاوەدان کردەوە، جگە لە خۆیان کەسی تریان بە نێر نەدەزانی. پڕیان دەدا داروبەرد. ئەو خەڵکە لەبەریان دادەدادیان بوو تا تۆیان لێڕاست هات و دەمکوتت کردنەوە.

- هەرزاڵمێک زەواڵێکی هەیە.

- لەسەرینی ئەو دکرەی، کە تۆ بە ئەوانت کرد قایدەی وایە تا ماون لەڕوویان نەیەت لە ئاستی منداڵێک دەست بکەنەوە.

- ئەوانەی متووی خراپەی تاوان بوونە زۆر زەحمەتە تازە بتوانن واز بێنن، بەڵام هەر چۆنێک بێت پێویستە ئاوێک بەم ئاگرەدا بکرێت.... .

- ئەوان ئەو حەیامە نەرم لێدەکەن.

- کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە.

دوا کەسیان، کە مەلا بوو گوتی: کاک ئۆمەر، ئەگەر تۆ ئێستا مل پێچی لەم کارە بکەیت، لەمەودوا هەر خوێنێک بڕژێت، ئۆباڵی لە ئەستۆی تۆدا دەبێت... .

ئۆمەر ئەوکات بە شادییەوە قوڕگی خۆی خۆشکرد و گوتی: قسەی ئێوە بەسەرچاوان، من لە ئاست ئێوە دەسەڵاتم نییە، چی دەڵێن ملم لە موویێک باریکترە، من وەکو ئەوان غرووریی ناکەم.... .

مەلا کە زانی ئۆمەر لە بارە پێی گوت: مادام تۆ ئەوەندە مەردانە لێمان هاتییە پێش، دەبێ هەر بە خۆشت لە چۆنێتی مەسلەتییەکە سەرپشک بی، چۆنی دادەنێیت ئێمە لە قسەت دەرناچین و پێی ڕازین.

ئۆمەر ماوەیەک بە داڵغە لێدان سەری لەبەرخۆی نا.

مەلا گوتی: ها چیت گوت.؟

ئۆمەر گوتی: باشە چی تێدایە، ناوەندی داردەگرم، نە شیش بسوتێت نە کەباب.

مەلا: لە پیاوەتیی خۆتە.

ئۆمەر: ئەگەر ئەوان بەمەی من دایدەنێم ڕازی نەبوون، ئەو کات ئێوە چەندی ویژدانتان ڕێتان دەدات، من مەغدوورکەن قەیدی ناکات داریکمان بەنێواندا بێنن.

مەلا: بەڕاستی قسەت بڕین.!))**(کێخوا سێوێ: ٣٧-٣٩)**، لێرەدا نووسەر چەندان وشە و دەربڕینی ڕەسەنی کوردیی و پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەقی لە ناو گفتوگۆکەدا وەگەڕ خستوون، ئەمەش زمانە ئەدەبیەکەی تۆکمەتر کردووە، جوانکارییەکی زیاتری پێ بەخشیوە، لە نموونەی وەک (هەر زاڵمێک زەواڵێکی هەیە، پڕیان دەدا دار و بەرد، دەمکوت کردن، ئاوێک بەم ئاگرەدا بکرێت، ئەو حەیامە نەرم لێدەکەن، کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە، مل پێچی، ئەملا و ئەولامان لێ نەدۆزییەوە، ملم لە موویێک باریکترە، ناوەندی دار دەگرم، نەشیش بسوتێت نە کەباب، داریکمان بە نێواندا بێنن. ....تد).

لە دیمەنێکی دیکەدا نووسەر گفتوگۆیەکی نێوان حاجی چڕدۆ و سێوەسۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو کاتەی، کە سێوە سۆر خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت حاجی ڕازی بکات، کە لە سەپانییەکەی بێبەشی نەکات، بۆیە کاتێک حاجی بەم شێوەیە چاوی پێدەکەوێت سەریدەسوڕمێ و باوەڕ ناکات، کە سێوە سۆرە و بەو شێوەیە خۆی ڕازاندۆتەوە، بۆیە لە خۆشییان:

((بە زەردەخەنەیەکەوە لێی چووە پێش و گوتی:

سەتت بمرێت لە باوان

کلت نابڕێت لە چاوان.

ئافرەتەکە بزەیەکی هاتێ و گوتی: - دنیا هەر ئەوەندەی تێدایە.

ئەوجا ڕووی تێکرد و گوتی: دەمنی ئەسپی ملهۆڕیت بەزیوە؟

ئافرەتەکە بە بزەوە گوتی: تازە چیم گوت.؟

حاجی: تانەت نا... لە تەبەق نەتگوت: الله سەدەق.

ئافرەتەکە: لەهەر خەسارەتێک پەندێک.))(ل٢٨)، هەروەها کاتێک مام ئۆمەر و سێوەسۆر شەرتی سەپانییەکەیان لەگەڵ حاجی چرچۆ تەواو دەبێت و بەشی خۆیان وەردەگرن، نووسەر لە دیمەنێکدا گفتوگۆیەکی نێوان سێوەسۆر و مام ئۆمەرمان بۆ دەگێڕێتەوە بەم شێوەیە:

((سێوەسۆر: ئۆخەی خۆ دەستمان بە یەکجاری لەبن سەری ئەو سوڕگومە دەرهات و کەلەکەمان کەوتە عاردی.

مام ئۆمەر: ئەوەی ڕاست بێت ئافرەت تۆ بە جەربەزەیی و چاو قایمی خۆتەوە ئەو نانەت لە گەرووی ئەژدیها دەرهێنا.

سێوەسۆر: ژیان هەوڵدانە، تا ڕەنج نەکێشێت گەنج نانۆشیت.

مام ئۆمەر: ڕاستە.

سێوەسۆر: من لە نێوچەوانی عەیشە بەکاری دەزانم، بۆ هەر زاڵمێک زەواڵێک هەیە.

- هەر چۆنێک بێت مەولودێکمان لەسەرە.

سێوەسۆر: ئیشاالله دەستمان بێتەوە بەر خۆمان دەیکەین.))(ل١٢٤-١٢٥)، لێرەدا دەبینین ڕۆماننووس گفتوگۆکەی بە چەندین وشە و دەربڕینی ڕەسەنی کوردەواری و پەند و ئیدیۆم و... هتد دەوڵەمەند کردووە، وەک (دەستمان لەبن سەری دەرهات، کەلەکەمان کەوتە عاردی، تا ڕەنج نەکێشیت گەنج نانۆشیت، دەستمان بێتەوە بەرخۆمان، ئەسپێ ملهوڕیت بەزیوە، تانەت نا... لە تەبەق نەت گوت: الله سەدەق، لە هەر خەسارەتێک پەندێک، سەتت بمرێت لە باوان کلت نابڕێت لە چاوان). ئەمەش جوانکارییەکی تری بەدەقەکە بەخشیوە و زمانە ئەدەبییەکەشی بەهێزتر کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕێگای مەنەلۆگیشەوە چەندین ڕووداو و بەسەرهاتی ناو ڕۆمانەکە و ناخ و هەڵوێستی کاراکتەرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ نموونە: کاتێک سێوەسۆر بایزی کوڕی ئاودەلی

شوبرای دەگرێت، کە خەریکی دزیکردنە لێیان، لەبەر قەرزداری و برسییەتی باوەڕی پێ دەکات، کە مرۆڤ بەهۆی هەژاری و دەستکورتی و نەبوونییەوە تووشی ئەم جۆرە کارانە دەبێت، چونکە خۆشی کێشەی هەژاری و برسییەتی و چەوسانەوەی دیبوو لە دەستی حاجی چرِدۆ، کە ساڵانی نەهاتی و بێ بارانی بەهۆی هەژاری و نەبوونییەوە ببوون بە سەپانی ئەوان، بۆیە کاتێک وشەی برسییەتی بەرگوێی کەوت هەژاری و نەداری خۆی بیرکەوتەوە ((لە دڵەوە گوتی: ڕاست دەکات لێدەغەز ڕاناچم، برسێتی ڕێیەکی لە هارییە، بزەیەک کەوتە سەر لێوەکانی:- هەر برسێتی نەبوو وەختابوو توشی بێناموسیم بکات؟. ئـ ...هـ بۆ کێش ...؟ بۆ حاجی چرِدۆ!... بێنێکی دایە:- ئەمە مانانی ئافرەت زۆربەمان لە ژیاندا سوخەتێکی دزێومان کردۆتە ڕەوشت: کە حوکمی مێردمان لەسەر نەما خۆمان لە هەرچی خزمی مێردە دوورە پەرێز دەگرین، کەچی لە ئاستی خزمی خۆمانیش وانین. خزمی ژنێ بەرەبەرە، خزمی مێردی دەربەدەرە، بۆ لەبەرچی وابێت...؟ ئافرەتێک خۆی لە هاوبەشی ژیانی و خوێنگری جەرگی خۆی لالوت بکات، لەگەڵ کێ ڕاست دەبێت؟ ها... ؟. هەرچۆنێک بێت بایز گۆشتیشم بخوات ئێسکم ناشکێنێت.)) **(کێخوا سێوێ: ١٧٨).**

نووسەر لە دیمەنێکی دیکەدا مەنەلۆگێکی (بەگم)ی خێزانی حاجی چرِدۆمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک کە بەهۆی لێقەوماوی و نەبوونییەوە بەدوای زەکات و خواردندا دەگەڕێت سووتفە بە ماڵی سێوەسۆردا دەکەوێت و نای ناسێتەوە، بەلام کاتێک سێوەسۆر خۆی پێ دەناسێنێت و دەڵێت من سێوەسۆری گیشەکەرتانم، شەرم دای دەگرێت و دەڵێت:

((ئـ..... هـ تووشم بە تووشی کێ بوو؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە دڵەوە گوتی: یاخوا زەمانە ڕووت ڕەش بێت! حەوجەی کێت کردین!؟ بە ڕەنجبەری خۆمان! ڕاستییان گووتووە: -

دنیا هەر وەکو تاجێکە

هەر ڕۆژ لەسەری تەرەسێکە.)) **(کوێخوا سێوێ: ١٤٩).**

نووسەر لە شوێنێکی دیکەدا چەند مەنەلۆگێکی سێوەسۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێک مام ئۆمەر نەخۆش دەبێت و توانای کارکردنی نامێنێت، بیانوو بۆ حاجی چرِدۆ دروست دەبێت و بە هەلی دەزانێت، کە لە سەپانییەکە دەریان بکات وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە سێوەسۆر، کە نەیتوانی لێی بە

ئاوات بگات، بۆیە سێوەسۆر دەکەوێتە بیرکردنەوە و مشوورخواردن بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی حاجی ڕازی بکات لەسەر کارییان دوور نەخاتەوە، بۆیە ناچار خۆی وا نیشاندەدات، کە خۆشیی لە حاجی دێت. ((زۆری نەخایاند بزەیەک ڕووی گەشکردەوە و گوتی: حاجی بۆ من ئاگری تێ بەر بووە و ئاگای لەخۆی بڕاوە، هەر ئەوەتە بە ئاشکرا نازەڕێت.
دیسان زەردەخەنە زایە لێوەکانی:- پێویستە من هەر بەم ڕێگایە پلانێک دابنێم و ئیخفالی بکەم، تا بەیەکجاری دەستمان لەبن سەری دەردرێت.

چەندجار پرسیاری لەخۆی کردەوە: باشە ئەی ئەگەر ئاشکرا بوو؟ ئەو کات چ دەکەم؟ ها؟ ماوەیەک بێدەنگ بوو: بەجارێک حەیام دەڕژێت، دەبمە سۆدرەی عالەمێ، دەبێ سەری خۆم بۆ هەندەران هەڵبگرم، تا ماوم ڕوو لە مەملەکەت نەکەمەوە، دوای هەناسە هەڵکێشانێکی درێژ وەڵامی خۆی داوە گوتی: نا... نا.... حاجی لە من مقەیەت ترە. دز و خاوەن ماڵیش یەک بن گای لە کولانکە ئاوا دەکەن.)) (**کێخوا سێوێ: ٨١**)، هەروەها کاتێک مام ئۆمەر و سێوەسۆر ڕوودەکەنە گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی کاری سەپانی بکەن، بەڵام بەهۆی زۆری تەمەن و پیری مام ئۆمەرەوە کەس بە سەپانیان وەرناگرێت، ڕۆماننووس لەسەر زاری سێوەسۆر گوزارشت لەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت: ((بە حەقی خوا بە تەمای ئەوبین سەپانیمان بۆ بکات کەشکمان لێ دەبێتە فەریک، لە برسان دەمرین)) (**ل٥٥**). ڕۆماننووس لەسەر زاری سێوەسۆر بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە کاری سەپانی و ڕەنجبەری پێویستی بە کەسانی گەنج و بەهێز هەیە.

لێرەشدا نووسەر بە شێوەیەکی بەرچاو سودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و چەندین وشە و دەستەواژە و دەربڕینی فۆلکلۆریانە و داب و نەریتی کوردەواریی لە ناو مەنەلۆگی کەسایەتییەکاندا بەکارهێناوە، کە دیمەنی مەنەلۆگەکانی پتەوتر و چێژدارتر کردووە.

بەشێوەیەکی گشتیی نووسەر وەستایانە و بەمەبەست و لە شوێنی خۆیدا فۆلکلۆری لە ناو ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا وەگەڕ خستووە، ئەمەش جوانکاری و چێژێکی زیاتری پێ بەخشیوە، زمانە ئەدەبەییەکەشی بەهێزتر و کاریگەرتر کردووە، لە هەمان کاتدا مەودای گێڕانەوەکانی چڕ و کورت و کاریگەرتر کردووە و دوورکەوتۆتەوە لە درێژدادڕیی. زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە زمانێکی کوردیی پەتیی سادە و ڕەسەنە، لە ناو هەناوی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاوە، هەروەکو نووسەر خۆی دەڵێت:

((وتم ئەگەر ڕۆمانەکە لە ڕووی تەکنیک و ناوەڕۆکیشەوە سەرکەوتوو نەبێت، با لە ڕووی زمانەوە بەهێزتر بێت.)) **(مەلای ڕەش: چاوپێکەوتن: ٢٠٢١: هەولێر).** ئەمەش یەکناگیریی و هاوسەنگییەکی تەواوی لە نێوان زمانی ڕۆماننووس و فۆلکلۆردا دروستکردووە، چونکە نووسەر خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندە بە ڕۆشنبیریی فۆلکلۆر، ئەمەش وای کردووە زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە نزیک بێت لە فۆلکلۆر.

## تەوەرەی دووەم/ شوێن و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی:

شوێن وەک قەوارە و چوارچێوە ، بەهایەکی گەورە و خاسیەتی خۆی هەیە و هەمە جۆرن، بۆیە سەیر نیە شوێن ڕۆڵێکی وا گەورە و بەرچاو لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، چونکە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی پەیوەندی یەکی بەهێز و بەردەوام مرۆڤی وابەستەی شوێن کردووە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە ژیاندا دەگێڕێت بە ڕادەیەک ئەو پەیوەندییە بەهێزەی مرۆڤ لەگەڵ شوێن گەیشتۆتە ئاستێک مرۆڤ ئامادەیە قوربانی لە پێناودا بدات، چونکە هۆکاری سەرەکی و مانەوە و بەردەوامی لە ژیاندا پەیوەستە بە شوێنەوە.

شوێن لە ناو دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا، لە پاڵ توخماکانی دیکەی وەکو کاراکتەر و کات و ڕووداو ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بنیاتی دەقی چیرۆک و ڕۆماندا، چونکە ((شوێن ئەو چوارچێوەیەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن.)) (قاسم: ١٩٨٤ :٧٦)، بە واتایەکی تر شوێن وەک ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی دەق هەموو ڕەگەزەکانی دیکە لە خۆ دەگرێت و هەموویان بە یەکەوە پرۆسەکە تەواو دەکەن، چونکە شوێن (( بە دابڕاوی لە توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە ناژیێ، بەڵکو لەگەڵ پێکهاتە چیرۆکیەکانی دیکەی گێڕانەوە، پەیوەندی جۆراوجۆر درووست دەکەن)) (ابراهیم: ٢٠٠٢: ١٠٢)، واتە شوێن و توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە تەواوکەری یەکترن، بۆیە دەتوانین بڵێین شوێن توخمێکی سەرەکییە لە بنیاتی کاری گێڕانەوەدا کە ((لە لایەک دەبێتە پانتایی یا خود شانۆی لەخۆگرتنی ڕووداو و کەسەکان، لەلایەکی دیکە، لە هەندێک دەقی ڕۆمانەکەدا ڕۆڵەکەی زیاتر دەبێت و وەکو کەسێکی تەوەرەیی، یا خود وەکو کێشەیەک خۆی دەنوێنێت )) (علی : ٢٠١٢: ٣٣ )، شوێن وەک شانۆیەک وایەکە تێیدا هەموو ڕووداوەکان پێشانی خوێنەر دەدات، شوێنەکانیش ڕاستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە مەودای ڕۆمانەکە دەبن، بە واتایەکی دیکە شوێن وەک فەزایەک وایە، کە هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان لە خۆ دەگرێت لە ڕووداو و کەسایەتی و ئەو پەیوەنییانەی لە نێوانیاندا هەیە تەنانەت ناسنامە بە کاراکتەرەکان دەبەخشێت و ڕۆڵی لە خولڤاندنی ڕووداوەکاندا هەیە.

شوێن وەک فەزایەکی فرە ڕەهەند دەکرێت لە چەندان لاوە سەیر بکرێن ((نیشتیمان پەروەری و کێشەی نەتەوایەتی و کێشەی دەروونی و چینایەتیش، لە ڕاستیدا کێشەی شوێنن، هەر شوێنیشە جۆری ژیان و باری ئابووری و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت داب و نەریت و جل و بەرگ و بگرە چارەنووسی مرۆڤیش دیاری دەکات.)) (ڕۆژ بەیانی: ١٩٩٧ : ٢٧٦)، بە واتایەکی دیکە کۆی کێشە نەتەوایەتی و چینایەتی و کلتوورییەکان سەرچاوەکەیان بۆ شوێن دەگەڕێتەوە، وەک ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ ژیان، هەروەها ((فەزای شوێن لە دەقەکاندا داب و نەریتەکان و مێژوو کلتوور و شارستانی و ڕۆشنبیری ئاشکرا دەکات.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢: ٥٣ )، واتە خوێنەر لە ڕێگەی شوێنەوە شارەزای داب و نەریت وفەرهەنگ و کلتوور و ئاستی ڕۆشنبیری کەسایەتییەکان دەبێت.

کەواتە شوێن ڕۆڵی هەیە لە خۆڵقاندنی کێشە و ململانێی نێوان مرۆڤەکان و دەستنیشانکردن و بەرجەستەکردنی داب و نەریت و کلتووری کۆمەڵایەتی و شێوە ژیانی مرۆڤەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر فەرهەنگ و ڕۆشنبیری تاکەکان، بە واتایەکی دیکە شوێن و ژینگە شێوە ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات و دواجاریش کۆی کەلتووری وە دەست هاتوو ڕەنگداوەی ئەو شێوە ژیانەیە، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین هەر ژینگە و شوێنێک داب و نەریت و کلتووری تایبەت بەخۆی هەیە و پێی دەناسرێتەوە، تەنانەت لە ڕووی شێوازی ئاخاوتنەوە تایبەمەندی خۆی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین شوێن و ژینگە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بوارەکانی فۆلکلۆرەوە هەیە، هەر لە (چیرۆک و پاند و ئیدیۆم و ئەفسانە) تا دەگاتە جۆری خواردن و کەل و پەل و کەرەستە دروستکراوەکان، کە هەڵگری سیما و تایبەتمەندی شوێنەکەن.

بۆ نموونە شوێن و ژینگەی لادێ و کراوە جیاواز لە شوێن و ژینگەی شار پەیوەنودی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و فۆلکلۆری جیاواز بەرهەم دەهێنێت، شوێنی شاخاوی و سەخت و پڕ

لە هەوراز و نشێو جیاواز لە دەشتی پان و بەرین و نەرمان، یان بیابانی وشک و کاکی بە کاکی، یان ناوچەی کەناردەریا و دورگەکان جیاواز لە ناوچەی زورگ و تەلان جۆری ژیان و زمان و شێواز و گوزەران و جلو بەرگ و پەند و ئیدیۆم ... هتد جیاواز بەرهەم دەهێنن، کە دەتوانین لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکەدا ڕاستەوخۆ شوێنەکە دەستنیشان بکەین، کەواتە بابەتە فۆلکلۆرییەکان کەم تا زۆر بە هۆکاری تایبەتمەندی شوێنەکانیان دروست بوون، بۆ نموونە پەندێکی تایبەت بە دەڤەری بیتوێن هەیە، کە دەڵێت: ((ساڵی وشک بیتوێن سەرپشک، ساڵی تەڕ بیتوێن لەڕ)، کە ئەمە بۆ تایبەتمەندی و جۆری خاکەکەی دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکە، ئەگەر ساڵێک باراناوی و تەڕ و تووشی بێت ئەوا بەرهەمی دەغڵ و دانەکەی باش نابێت، چونکە خاکێکی ئاوگرە، بەڵام ئەگەر ساڵێکی وشک و کەم بارانی بێت، ئەوا بەرهەمێکی باشی دەبێت، بەهەمان شێوە ڕۆماننووس لە ڕۆمانی کێخوا سێوێدا لە وەسفکردنی دەشتی قەراجدا پەندێکی هاوشێوەی تایبەت بەو ناوچەیە دەهێنێتەوە و دەڵێت: ((دەشتی قەراج چۆن بە بژوێن و لەوەڕ باشی ناوی دەرکردبوو، چوار پێنج ساڵی بێنەچوو لە کشتوکاڵیشدا شوورەتی وا دەرکرد: کەلە دەوروبەری هەولێر بە بڕشتترین زەوی دێمییە ئەگەر مانگێک پاییز بمێنێت پەڵەی (یەعقوباغایی) لێ بکەوێت لەو سەریش سێ جار تێرئاو بێت (دوو لە ئادارێ یەک لە نیسانێ چێ ترە لە مولکی خوراسانێ). بۆی هەیە یەک و چل، پەنجا، شەشست ببڕێت.)) (کێخوا سێوێ: ٢٠١٩: ٩) کە ئەوەش تایبەتە بە جۆر و پێکهاتەی خاکی دەشتی قەراج، ئەگەر بەو شێوەیە بارانی لێ بباریت ئەوا بەرهەمێکی باش دەدات، هەروەها ئیدۆمی (پەڵەیعقوباغایی)ش تایبەتە بەو ناوچەیە و ئەگەر بەو شێوەیە پەڵەی لێ بدات ئەوا داهاتەکەی بەو جۆرە دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین شوێن لەبەر ئەو بایەخە زۆرەی هەیەتی، کاریگەری بەهێزی خۆی لەسەر فۆلکلۆر بەگشتی بەجێ دەهێڵێت.

لە ڕۆمانی کێخوا سێوێدا دەشتی قەراج و کەندیناوە شوێنی سەرەکی ڕووداو و بەسەرهاتەکانە، کە نووسەر واقعی ناوچەکەی بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و ڕەخنە ئامێز خستۆتە ڕوو لەو چوارچێوەیەشدا کەلتوور و داب و نەریتی ناوچەکەی بە زۆربەی جۆرەکانییەوە خستۆتە خزمەت ڕۆمانەکە و جۆرێک لە ڕەسەنایەتی کوردەوارییانەی پێ بەخشیوە.

ڕۆمـاننوس لـە دەسـتپێکی ڕۆمانەکـەدا شـوێنی (مـام ئۆمـەر) مـان پـێ دەناسـێنێت، کـە کاراکتـەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کاتێک بەهۆی بێ بارانی و نەهاتی ناچار دەبێ گوندەکەی بـەجێ بهێڵێت، بۆیـە لـە کـاتی ڕۆیشـتنیدا دەڵێت: ((نـەهات لـە خـەڵکی قـەراج بـووە سـێ سـاڵ، ئەوانـەی بـە جووتـە نـەهات دەرنەپەڕین ومانەوە، وەک ئێمە داماڵران چییان لە دەستدا نەما، تا زەوییەکانیان پێ تۆ بکەن... ئەمەی گووت و چووە سەر غەرە بەردەکەی نزیکییەوە. ڕووەو دواوە لەسەر چنیچکان دانیشت، دەشتی پان و بەرین و ڕاستی قەراج سەرتاسەری کەوتە بەر چاو، کە حەسارەکەی خۆی وەک ملەحوشتر خۆی پێشـاندا، گـرژی ڕووخسـاری داگیرکـرد، کـزە لـە دەروونیـەوە هەسـتا و گـڕی سـۆز گرتـی و گـووتی، خۆشەویستم خۆشەویستم.. تاکە گووڵی دوورگەی هەستم.. ، لەو ساتەوەی کە تۆم ناسیوە ئەم وێنەیـەت کـەوا ئێسـتا لەبـەر سـێرەی دیدەکانمـە تابلۆیەکـە لـە سـکۆڵەی چـەپی دڵمـا هەڵواسـیوە... کاولەمەفتـەنم، کاولەمەفتـەنم. ئەمـەی گـووت و هەناسـەیەکی درێـژی هەڵکێشـا و بەسـەرهاتی سـەردەمایەکی خـۆی و قـەراجی هاتـەوە یـاد.)) (کێخـوا سـێوێ: ٢٠١٩: ٦– ٧ )، لێرەدا شـوێن وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆمان ڕۆڵی هەیە لە ناساندنی کاراکتەر و دەبێتە جۆرێک لە شوناسی کاراکتـەر، لـە هەمانکاتـدا کاریگـەری لەسـەر دەروونـی کاراکتـەر دروسـت دەکـات لـەکاتی ڕوودا و وبەرسەرهاتەکاندا، لە ڕووی هۆگری و ناهۆگری شوێنەکە، کە سروشتی مرۆڤ وایە، ئەو شوێنەی، کە تێیدا لەدایک بووە و یادەوەری خۆشی لەگەڵدا هەیە، لە خەیاڵیدا دەژی، وە خۆشەویستییەکی بێ سـنووری بـۆی هەیـە، کاتێک لێی دوور دەکەوێتـەوە، هەسـت بـە بـێ ئـارامی دەکـات و هەمیشـە لـە خەیاڵدایە، بەڵام شوێنێک کە پێی نا ئاشنایە و ڕقی لێ دەبێتەوە حەز دەکات زوو لێی دوورکەوێتەوە و بەجێی بهێڵێت بۆ نموونـە کاتێک شـەرتی سـەپانییەکەیان لەگـەڵ حـاجی چـڕدۆ تـەواو دەبێت، مـام ئۆمەر داوا لە سێوەسۆر دەکات هەرچی زووە بیگەیەننەوە گوندەکەی. ((مام ئۆمەر وەک پاڕانەوەیک، بـە هەناسـە هەڵکێشـانەوە وتـی:– ئەوەنـدە مەردایەتییەشـت بکردبایـە: – بـەیانی زوو بڕوبزگـوڕان بپێچینەوە لە بمگەیەنەوە کاولە قەراج)) (کێخوا سێوێ: ٢٠١٩: ١٢٥)، چونکە ئەوەندە تاڵی و سوێری و نەبوونیان لە قوون دەرکان چەشتووە خواخوای ئەوەیان بوو ڕۆژێک زووتر بگەڕێنەوە گوندەیان، بۆیە کاتێک بە گوندەکەیان شاد دبنەوە مام ئۆمەر دەڵێت: – ((یاخوا هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی دایک و باوکت، ژنەکە! ئەوەی ڕاستی بێت دەردوو کەسەرم نەما و تەنکێشم کەوتا عاردی و هەناسەیەکی

هەڵکێشا و : -ئەوجا مردن حەقە ناحەق نییە. سێوەسۆر: - نەمگووت: خوا عەمر بدات زوو دەگەڕێینەوە.)) (کێخوا سێوێ: ٢٠١٩: ١٢٨) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە شوێن چ کاریگەرییەکیی لەسەر ناخ و دەروونی تاکەکان هەیە بە هەردوو جۆری (هۆگر و ناهۆگر)، شوێنێک، کە خۆشی دەوێت و پێوەی پەیوەستە ئامادەیە قوربانیشی لە پیناودا بدات بەڵام شوێنێک، کە ڕقی لێیەتی و لێی بێزارە، هەموو هەوڵێک دەدات زووتر لێی ڕا بکات و لێی دوور بکەوێتەوە.

نووسەر لە دیمەنێکی جوان و سەرنجراکێشدا نەریتێکی جوانی ساڵانەی ماڵە ڕەوەندکانی دەشتی قەراجمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە تایبەتە بە ژیانی کۆچبەری و هۆبە و هەواری ماڵە مەڕدارەکان، کەلە سەرەتای وەرزی بەهاراندا بە مەبەستی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکانیان ئەنجامیان داوە . (( کە کاتی ماڵوەدەران دادەهات، لە هەموو لایەک کۆچ و کۆچباری ماڵە شوانکاران لە (سەنیە) و (موڵکیە) و (کەندیناوە) و زۆر شوێنی تر، وەک پۆلە قازو قوڵینگ و مراوی چین چین و کۆمەڵ کۆمەڵی نەپساوە بۆ ماوەی دوو هەفتە بەدوای یەکدا قەتاریان دەبەستا. کام هێستری باڵەبان یا وڵاخی جوان بوو، بارەکەیان بە تێڕ و توور و مڵاکدانی پڕ لە نەخش و گولیندار دەڕازاندەوە، دەیان کردە پێشەنگی کۆچەکە، کچی جوان یا شۆڕەژن جلەودار و سەرکێشیان بوون. بە ڕێگەی (بازاڕگە) و ( کلکەی دارە بزماران) و (قەرەبۆتک) و و قەرەپیتکان) ڕوویان تێدەکرد )) (کێخوا سێوێ: ٢٠١٩: ٧)

مەبەست لە هێنانەوەی ئەم دیمەنە جوانە لە داب و نەریتی خەڵکی ناوچەکە ئاشناکردنی شێوە ژیانی ماڵە شوانکارەکانی دەشتی قەراجە بە خوێنەر، کە بەهۆی هەڵکەوتە و جوگرافیای شوێنەکەیانەوە، خۆیان بەو جۆرە ژیانەوە خەریک کردووە، کە ناوچەیەکی بە پیت و دەوڵەمەندە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، هەروەها لە دیمەنەکەدا ڕۆماننووس وێنای چەندین شوێنمان بۆدەکات، کە وەک ڕێگا و دەروازەیەک وا بوونە بۆ چوونە ناوخاکی قەراج وەک ( بازگە، کلکەی دارەبزماران، قەرەبۆتک، قەرەبیتکان)، کە لای خەڵکەکە جۆرێک لە پیرۆزی و خۆشەویستی بۆ ئەم جۆرە شوێنانە دروستبووە، چونکە هاتووچۆی بەردەوامی ساڵانەی خەڵکی بەم ڕێگا و شوێنانەدا وای کردووە یاد و یادەوەری ئەم شوێنانە لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێتەوە و پێوەی پەیوەست بن، تەنانەت لە زۆر لاوک و حەیران و گۆرانی ناوچەکەشدا ناویان هاتووە و ڕەهەندێکی کلتووریان وەرگرتووە.

هەر لە گێڕانەوەی دیمەنەکەدا ڕۆماننووس نەریت و شێوازی ڕازاندنەوەی هێسترو وڵاخی کوردەواری کۆچەرییەکانی دەشتی قەراجمان بۆ باس دەکات ، کە چۆن بە کەلوپەل و نەخش و نیگاری تایبەتی ناوچەکە ، وڵاخ و بارەکانیان بە (تیڕو توورو مڵاکدان)ی پڕ لە نەخش و نیگار وگوڵینگدار ڕازاندۆتەوە و کردوویانن بەپێشبارو پێشەنگی کۆچەکە.

ڕۆمانتووس لە چەندین شوینی دیکەدا شێواز و کەلتوری خەڵکی ناوچەکەی لە ناو ڕۆمانەکەدا مەزراندووە، وەک( کوڵ کردن و ڕاوکردن و ڕازاندنەوەی بووک و کارە هەرەوەزییەکان و...هتد) ، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە هەر شوێن و ژینگە و ناوچەیەک نەریت و فۆلکلوری تایبەت بە خۆی هەیە.

- **جوگرافیای گوند و ڕەهەندە فۆلکلۆرییەکەی:**

گوند وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و بنیاتی دروستبوونی کۆمەڵگە (بە کۆنترین سەنتەری نیشتەجێ بوونی مرۆڤ دادەنرێت لەسەر زەوی و لە هەموو جۆرەکانی نیشتەجێبوون بڵاوترە. مرۆڤ پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە گەڕان و سوڕان بە دوای خواردەمەنی و ئاو، بەدوای ئارامی و حەسانەوە ناچاربوو جێگر بێت. واش مەزەندە دەکرێت، کە ئەم جێگیربوونە یەکەمجار پەیوەست بووە بە ئەشکەوتەکان و دواتریش شێوەی چەند خانوویەکی بچووکی پێکهێناو ناسرا بە گوند.)(**زیدان: ١٩٧٤: ١٩)**. واتە لە پێش دروستبوونی شاردا هەبووە و بەپێی پێشکەوتن و گۆڕانی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی سەرچاوە و پێکهاتەی دروستبوونی شاریش بووە، خاوەنی جوگرافیا و شێوە ژیانی تایبەت بە خۆیەتی، کە پێی دەناسرێتەوە بۆیە ((ناساندنی لادێ لەسەر بنەمایەکی جوگرافی و خەریک بوونی دانیشتوانێکی کەم بە پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و کەمی ژمارەی دانیشتوان و... پێناسەی لادێ و پێکهاتەکەی دەردەخەن))(**مەحموود: ٢٠٠٨: ٣٦**)، واتە کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی قەبارە و شوێنی دروستبوونی گوند.

فاکتەری سروشتی لە ڕووی بەرزی و نزمی (تۆبۆگرافیا) و ئاووهەوا و هەبوونی ڕێگە و بان و ڕووبار و کانیاوەکان ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی سنور و گەورە و بچووکی گوندەکە و هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها فاکتەری ئابووریش ڕۆڵی هەیە لە ڕووی فراوانی و

بەپیتی و دەوڵەمەندی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر شێوازی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی گوندەکە لە ڕووی جۆری خانووبەرە و قەبارەی چڕی دانیشتوان.

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکان، فاکتەری کۆمەڵایەتییە، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستبوونی گوند وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی نیشتەجێبوون تێیدا، چونکە ((هەستی کۆمەڵایەتی نێوان کشتیاران و ئارەزووی هۆزایەتی و پێکەوە ژیانی خێزان و کۆکردنەوەیان، کاریگەری هەیە لە پەیدابوونی کۆمەڵگە جێنشینەکان.)) (مەحموود: ٢٠١٣: ٣٨)، واتە نیشتەجێوون بە تەنها هێنانەوەی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەیدا نەبووە، بەڵکو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کاریگەری ئایینیش ڕۆڵێکی گەورەی تێدا گێڕاوە، چونکە مرۆڤ هەرکاتێک لەسەر شتێک ڕاهات، حەزدەکات جێگیری بکات و بیگونجێنێت بە یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان، کە دواجار بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم دەبێتە هۆی شتێکی پیرۆز و بە ئاسانی گۆڕانکاری تێدا ناکرێت، بە تایبەتیش ئەگەر ڕەهەندێکی  ئایینی هەبێت.

سروشت و پێکهاتەی شوێن و ژینگەی لادێ لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی، چڕی دانیشتوان، جۆری خانووبەرە، شێوازی ژیان، داب و دەستور و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ... هتد، ڕەهەندێکی فۆلکۆرییانەی پێ بەخشیوە، بۆ نموونە دانیشتوانی گوند بۆ بەرێکردنی کات لە شەوانی درێژی زستاندا لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و کاتەکەیان بە گێڕانەوەی چیرۆک و حیکایەت و ئەفسانە و نەزیلە و سەربوردە بەڕێکردووە و دەماودەمی پێکراوە و وەکو بەشێک لە فۆلکلۆر ماوەتەوە، هەروەها ئەو کەل و پەل و کەرەستانەی بەکاریان هێناوە بۆ ڕایی کردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان، یان ئەو پەند و ئیدیۆمانەی لە ئەنجامی ئیش و کار و بەسەرهاتی ژیانی ڕۆژانەی کەسانی وردبین و بە ئەزموون و دنیا دیدە هاتوونەتە بەرهەم، لەگەڵ کۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو (جۆری جلوبەرگ، چۆنیەتی ڕازاندنەوەی بووک و ژن و ژنخوازی و ڕاوکردن و ... هتد.) هەموو ئەمانە تایبەتمەندی و ڕەهەندی فۆلکلۆری ئەم جۆرە ژینگەیە نیشاندەدەن.

لەناو ژینگەی گونددا چەندین شوێن و جێگە هەن، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە تێپەڕبوونی کات ڕەهەندێکی فۆلکلۆرییان وەرگرتووە، بۆ نموونە شێوە و شێوازی خانووبەرە، کە بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار دروستکراون، لەم بارەیەوە (ژیگڵ) دەڵێت: ((ماڵی کورد بەزۆری لە خانوویەکی سادە و پەڕپووت پێک دێت، کە هەموو خێزانەکە لە ژوورەکە و بەرهەیوانەکەدا دەژین و دەشێ بەشێکی ئەو ژوورە گەورەیە ببڕێتەوە بۆ کەل و پەل و ئازوقە، خانوو لە دەشت دەکرێ دوو حەوشەی هەیە، یەک بۆ ماڵەوە ئەویتر بۆ ماڵات، تەنها خانووی پێ دەشت حەوشەی هەیە و لە ناوچە شاخاوییەکاندا حەوشەی نی یە.)) **(ژیگڵ: ٢٠٠٢: ٤٤)**، پێکهاتەی خانووەکانیش بە زۆری لە قوڕ و خشت یان بەرد و قسڵ دروستکراون لە ناوچە جیاجیاکاند، گەڵای دارمازوو و بەڕوو دەخرێتە سەر خانووەکان، واتە خانوو لە گوندا لە چەند ژوورێک پێکهاتووە، کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێک بەکارهێنراوە تەنانەت ژوور و گەوڕی ئاژەڵ و تفاق و ئالیکی ئاژەڵەکانیش هەر لە چوارچێوەی خانووی ماڵدا بووە بە مەبەستی پاراستنیان لە ئاژەڵی دڕندە.

ژووری هەڵگرتنی لەوەڕ و گژوگیای ئاژەڵەکان لە هەندێ شوێن پێی دەگوترێت (کادێن)، کە لە هەندێ پەند و ئیدیۆمیشدا ڕەنگی داوەتەوە وەک: (زل لە کادێنێ نابڕێن) واتە کادێن تایبەتمەندییەکی هەیە، کە هیچ کات خاوێن نابێتەوە، لە پاشماوەی کاوکۆت و گژوگیای ئاژەڵەکان، تەنانەت ئەگەر پاکیش بکرێتەوە هەندێ پاشماوەی لە زلەکاو زلەگیا هەر تێیدا بەجێ دەمێنێ، ئەم سیفەت و تایبەتمەندییەش بۆ لایەنی ئابووری و دارایی مرۆڤ گواستراوەتەوە، کە کاسە و گەنجینەکانیان هیچ کاتێک بەتاڵ نابێ و پەکیان ناکەوێ، واتە ئەگەر کەسێک بۆ پێویستیەک لە پارە، یان هەر شتێکی دیکە ڕوویان تێبکات بە دەستبەتاڵی ناگەڕێتەوە و دەڵێت: (زل لە کادێنێ نابڕێن، هەروەها ڕۆماننووس لە ڕۆمانی کێخواسێوێدا پەندێک تێکەڵ بە مەنەلۆگێکی سێوەسۆر دەکات لەو کاتەی کە دەیەوێت دەست لەگەڵ حاجی چڕدۆ تێکەڵ بکات دەڵێت: ((ئەگەر دز و خاوەن ماڵ یەکبن گای کولانکەی ئاوا دەکەن)) **(کێخوا سێوێ: ٢٠١٩ :٨١)**. ئەم پەندە لەسەر بنەمای شێواز و تایبەتمەندی خانووی گوندی لە کۆندا داڕێژراوە، کە لە کۆندا خەڵکی سۆبا و ئامێری خوگەرمکردنەوەی نەبووە و پشتیان بە ئاگر بەستووە، کاتێک لە ژوورەوە ئاگاریان کردۆتەوە سەربانی ژوورەکەیان لە ڕاستی ئاگرەکە کونکردووە بۆ

ئەوەی دووکەڵی ئاگرەکە لە ڕێگای ئەو کونەوە بچێتە دەرەوە بەم کونەیان گوتووە (کولانکە)، کە بە هیچ شێوەیەک گا بەم شوێنەدا ناچێتە دەرەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە یەکگرتنی دز و خاوەن ماڵە، کە بەیەکەوە دەتوانن هەموو شتێک بکەن ئەگەر مەحاڵیش بێت.

هەندێ لە ماڵەکانی گوند جگە لە ژووری دانیشتن و نووستن ژوورێکی دیکەیان هەبووە، کە بۆ مەبەستی میوانداری بەکاریانهێناوە و پێیان گوتووە (دیوەخان) کە زیاتر خەڵکانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی وەکو ئاغا و کێخوا و پیاو ماقووڵەکان دیوەخانیان هەبووە، کە بۆ مەبەستی کۆڕ و کۆبوونەوە و دانانی ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئاوایی، یان بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و گاڵتە و گەپ و گێڕانەوەی حیکایەت و بەسەرهات و گوتنی حەیران و پەند و ... هتد. تێیدا کۆ دەبوونەوە، هەربۆیە دەستەواژەیەکی تایبەت بەم شوێنەگوتراوە، کە دەڵێت: (هەباسە لە دیوەخانان چ باسە.).

لە ناوچە دەشتاییەکاندا قامیش و گەڵای دارخورما لەسەر خانووەکان دادەنرێت و هەراش و قوڕی بەکاروقسڵ و قوڕە پەستی پێ دەڵێن، ئەم شێوازەش لە هەموو جێگایەک پەیڕەو ناکرێت.) **(نیکتن: ٢٠٠١: ١١-١٢)**. هەر دەربارەی خانوو (عەلائەدین سەجادی) بەم شێوەیە وەسفی خانووی گوندی کردووە و دەڵێت: ((ژوورێک بۆ دانیشتن و خەوتن، ژوورێک بۆ دانەوێڵە و کاسە و کەوچک، ژوورێکی گەورە بۆ لەوەڕی مەڕ و بزن، ژوورێکیتر بۆ گاو و گوێرەکە، ژووری مەڕ و ماڵات دەکەوێتە پشت ژووری نووستنی خۆیانەوە، مەڕ و ماڵاتەکە بەناو ژووری  نووستنی خۆیانەوە دەڕوا تا دەگاتە پشتیرەکە.)) **(سەجادی: ١٩٧٤: ١٧٧)**، هەروەها ئەو کەل و پەلانەی لە ناو ماڵدا بەکاردێن بۆ مەبەستی جیاواز وەک (کەندو، هەمبانە، جەواڵ، دێزە، دێمکە، خوێدان.... هتد) ئەمانەش لەناو پەند و ئیدیۆمی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە بۆ نمونە دەگوترێت (شیری پەنا کەندوییە) ئەمە بە کەسێک دەگوترێت کە لە تەنگانە و ناوخۆشیدا وەکو کەسێکی نزیک و دڵسۆز لە هەر کات و ساتێکدا بە فریاد دەکەوێت و پشتت دەگرێت، یان دەگوترێت (هەر کەسە و گوێزان لە هەمبانی خۆی دەژمێرێت)، واتە هەر کەسە و بە پێی بارودۆخی خۆی تەماشای کەسانی دیکە دەکات، یان کەسێک کە تەمەنێکی زۆری بەڕێکردووە، و تەمەنێکی کەمی ماوە دەڵێت: (ئاردی جەواڵم خواردووە، ئی هەمبانێم ماوە)

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی قەبارەکەیان، چونکە جەواڵ لە ڕووی قەبارەوە گەورەترە لە هەمبانە، کەواتە پێکهاتە و شێوە سادەکە وایکردووە خانووەکانی گوند، بە پێکهاتەی کەرەستە و کەلوپەلەکانی ناویەوە سیمایەکی فۆلکلۆرییان هەبێت لە ڕووی شێوە و پێکهاتەکەی، چونکە خانووی گوند ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ژینگە سروشتیەکەیەتی بە بەراورد لەگەڵ خانووی شار، لە ڕووی شێواز و بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سروشت و پێکهاتە ژینگەییەکەوە هەیە.

یەکێکی دیکە لەو شوێنانەی کە تایبەتمەندی و ڕەهەندی کلتوری خۆی هەیە (کانی ژنان)ە، لە ئاوایی گوندەکاندا کانی تایبەت بە ژنان هەیە کە بە مەبەستی ئاوهێنان و کوڵ و قاپ و قاچاخ شووشتن و ئیش و کاری ڕۆژانەیان، بەبەردەوامی سەردانی دەکەن، هەر ئەمەشە وای کردووە، پەیوەست بوونێکی زۆر لە نێوانیاندا دروستبێت و ئەو ناوەی لێ بنرێ چونکە ((پەیوەندی نێوان شوێن و مرۆڤ پەیوەندییەکی دوور و درێژ و پڕ لە هەڵکشان و داکشان و جەدەلییە، تەنانەت مرۆڤ و شوێن بوونەتە دوو ڕەگەزی یەکتر تەواوکەر، هەردووکیان پەیوەست بە یەکترن و هاوکات یەکتر تەواو دەکەن.)) **(سالح و ئەسعد: ٢٠١١: ٢٥)**، هۆکاری ئەم پەیوەستبوونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژنانی ئاوایی ڕۆژانە لەو شوێنە (کانی ژنان) بەیەک دەگەن و لەگەڵ یەکدی کۆ دەبنەوە و باس و خواست و ڕووداوەکانی گوند و خەم و خەفەت و ئاوات و دەردەدڵی خۆیان بۆیەکدی دەگێڕنەوە، کەواتە کانی ژنان وەک شوێنێک لە ئاوایی گونددا جوڵێنەر و سەنتەری گێڕانەوەیە، هەر ژنێک سەردانی ئەوێ دەکات خاوەن گێڕانەوەی خۆیەتی، بە ئازادی چیرۆک و بەسەرهاتی ژیانی خۆی، یان کەسانی نزیک لە خۆی بۆ دەستە خوشکەکانی دەگێڕێتەوە، چونکە شوێنێکی دیکە شک نابەن، ناچار کانی ژنان دەکەنە بەهانەیەک بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، تەنانەت هەواڵ و دەنگ و باس و ڕووداوەکانی گوندیش زیاتر لەم شوێنەوە بڵاودەبنەوە و دەکەونە بەرگوێی خەڵک، بۆیە کانی ژنان وەک شوێنێکی کلتوری لەناو گوندا لە ناو پەندی پێشینانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە ئەو پەندەی کە دەڵێت: (کەسێک هیچ ناوی لە دوو نەبوون، دەچوو لە کانیێ ژنانی دەڕی) بۆ ئەوەی ناوی بێتە ناو ناوان و ببێتە جێگای قسە و باسی خەڵک و بکەوێتە سەرزاران، بەم شێوەیە دەبینین چەندین شوێن و

جێگەی دیکە لە گونددا هەن، کە سیمایەکی کلتورییان وەرگرتووە، وەک (گۆڕی پیاوچاکان، جێخوون، پەڕێز، هەوێز، هۆبە و هەواری ماڵە مەڕدارەکان و ... هتد.)

## تەوەرەی سێیەم/ پەیوەستییەکانی شوێن (بە کات، ڕووداو، کارەکتەر، زمان) :

- **پەیوەندی کات بە شوێنەوە:**

هەردوو ڕەگەزی شوێن و کات پێکەوە پەیوەستن و پێکەوەش بایەخ و گرنگییان دەردەکەوێت، چونکە شوێن بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت، هەرگیز لە یەکتر دانابڕێن و هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە، هەروەکو (ئەرەستۆ) پێی وایە، کە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن بەیەکەوە بەستراون و لەیەک دابڕاونین، چونکە هیچ ڕووبەرێکی شوێن نییە ساتەکانی کاتی بەسەردا تێنەپەڕێت و هیچ پانتاییەکی کاتیش نییە لە ڕووبەرێکی شوێن دەرنەکەوێت، کەواتە بەلای ئەرەستۆوە شوێن و کات لە ڕووی پەیوەندیی و لە ڕووی سروشتیشیانەوە بەیەکەوە بەستراون. بۆیە ناتوانین لە یەکیان جیا بکەینەوە. **(ئەحمەد: ٢٠٢٠: ٣٨)**، بۆ نموونە کاتێک باس لە ڕووداو و بەسەرهاتێک دەکرێت ڕاستەوخۆ دوو پرسیار لە مێشکماندا گەڵاڵە دەبێت و هەر دەبێ بیانکەین ئەوانیش کەی؟ لە کوێ؟، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەر دەبێت شوێن و کاتێک هەبێ بۆ ئەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تێدا ڕووبدات، بۆیە (کەسێک – گێڕەوە) یەک کاتێک ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، ناتوانێت باسی کات و شوێنی ڕووداوەکە نەکات، چونکە ((کاری گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەکات و شوێنەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، کە هەردووکیان بنەمای سەرەکی کاری ئەدەبی و هونەرین، بۆیە باسکردنی هەریەکێکیان بە شێوەیەکی سروشتی ڕاماندەکێشێت بۆ باسکردنی ئەوەیتر، لەبەر ئەم پەیوەندییە بەهێزەش زاراوەی (الزمكانية- کاتشوێن- Chronotop) گەشەیکرد، کە لە بنەڕەتدا لە هەردوو وشەی کات و شوێن داتاشراوە))**(بوعافیە: ٢٠١٧: ٢٢٤)**، لێرەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان شوێن و کات دوو لایەنەیە و هەر گۆڕانێک بەسەر یەکێکیاندا بێت ئەوەی دیکەش دەگرێتەوە و پەیوەستن و بەیەکەوە.

کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەش وەک لایەنی ڕۆشنبیریی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەماهەنگی نێوان کات و شوێنەوە هەیە، کە دەڵێین فۆلکلۆر واتە بەرهەمی کەڵەکەبووی سەردەمانی

ڕابردووی میللەتێک لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا. هەر قۆناغ و سەردەمێکیش بە تایبەتمەندی خۆی ئەو فۆلکلۆرەی ڕەنگڕێژ کردووە، بۆیە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان کات و شوێندا هەیە، کەواتە هەموو ئەدەبێک بە فۆلکۆریشەوە زادەی کات و شوێنی خۆیەتی و ئاوێنەی ئەو سەردەمەیە، بۆ نموونە، کە باس لە فۆلکلۆر دەکرێت زیاتر قۆناغی دەرەبەگایەتی بە بوارەکانی فۆلکلۆر دەوڵەمەندبووە، چونکە خەڵکانی لادێ نیشین زیاتر بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە وە خەریک بوون، (کە دواجار ئەم شێوە ژیانە و فەلسەفە و باوەڕی سەردەم لەناو فۆلکلۆردا ڕەنگی داوەتەوە و تایبەتمەندی کات و شوێنەکەی پێوەدیارە.) (پرۆپ: ١٩٩٨: ٥)، واتە تایبەتمەندی ژینگەی لادێ لە ڕووی هەڵکەوتە و چڕی دانیشتوان و بواری ئابووری و پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی بابەتە فۆلکلۆرییەکان، لە هەردوو بواری ماددی و مەعنەوی، کە سیما و تایبەتمەندی شوێن و سەردەمیان پێوە دیارە.

ئەو کەل و پەل و ئامرازانەی لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا بەکارهاتوون زۆر سادە و سەرەتایی بوون، بۆ نموونە جووتکردن بە ئاژەڵ بووە وەک (گاجووت و هێستر و کەر)، کەرەستەی جووتکردنیش لە دار دروستکراوە، لە بواری گواستنەوەشدا پشتییان بە وڵاخ بەستووە... هتد، کە جیاوازن لەو کەرەستە و ئامێرانەی ئەمڕۆ لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێن. ئەمەش لە ڕۆمانی کێخوا سێوێدا ڕەنگی داوەتەوە و ڕۆماننوس تێیدا بە شێوەیەکی زۆر جوان باس لە ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری گوندەکانی دەشتی قەراج و کەندیناوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەکات، بۆ نموونە کاتێک مام ئۆمەر و سێوەسۆر دەگەڕێنەوە گوندەگەیان دووبارە بڕیار دەدەن زەوییەکانیان تۆو بکەن، سێوەسۆر لەبەرنەخۆشی مێردەکەی بڕیاردەدات خۆی ئەو کارە بکات. ((مام ئۆمەر ماوەیەک خۆی بێدەنگ کرد: جەنابت بە چی تۆوی دەکەیت.؟

- بۆ؟
- پشووێکی خواردەوە:- کەرەستەی جووتمان کەرەستەی هێسترانە، بە گوێدرێژەکان ڕاناکێشرێت
- سێوەسۆر: ئەمەش چارە دەکرێت و بیرم لێکردۆتەوە، ئەمەی گوت و چوو دوو بست کلکی هەوجارەکەی کورت کردەوە، بە تەوشوان وەرگەڕا ئەم لاوئەولای، تا تەواو سووک بوو،

هەروەها دەستکاری نیر و کۆپەڵان و مژانەکەشی کرد.)) (**کێخوا سیوێ: ٢٠١٩: ١٢٩**)، هەروەها وەسفێکی جوانی لایەنی ئاژەڵداری خەڵکی ناوچەکە دەکات، کە چۆن ماڵە مەڕدار و شوانکارەکان لە سەرەتای وەرزی بەهاردا لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێکدەن و هۆبە و هەواری خۆیان هەڵدەدەن بە شێوەیەک، کە ((لەو قەراجە گەورەیە جێگا نەدەما، کە هۆبە و ڕەشماڵی لێ هەڵنەدرێت. تا گیا نێر دەبو، پەرێزە جۆ دەکەوتنە گۆڕێ مەڕ و ماڵاتیان لێدەلەوەڕاند، ئەو کات لێگرا پایدۆستیان دەکرد و هەرکەس بارگە و بنگەی خۆی تێکدەنا و بەرەو شوێنەکەی خۆی هەیبەی لێدەکرد.)) (**کێخوا سیوێ: ٢٠١٩: ٧-٨**)، بەم شێوەیە ڕۆماننووس شێوە ژیانی خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراومان پێ ئاشنا دەکات، لە قۆناغ و سەردەمێکی دیایرکراودا، کە گوندەکانی دەشتی قەراج و کەندیناوەن.

لەلایەکی دیکەوە لادێ نشینەکانی کورد هەر لەسەردەمانی کۆنەوە بۆڕایی کردنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، وەک زۆربەی گەلانی جیهان داب و نەریت و یاسا و ڕێسا و ئەزموونی تایبەت بەخۆی هەبووە. یەکێک لەو شتانەش، کە زۆر بایەخیان پێداوە و زانیارییان لەسەرکۆکردۆتەوە و سوودێکی زۆریان لێوەرگرتووە کاتەکان بووە، بەپێی کاتەکانی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و وەرزەکان بۆ زانینی کات و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، ئەمەش بەهۆی شارەزایی و ئەزموونی کەڵەکەبوویان (حسابی ڕووداوەکانی کەش و هەواو و ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییان بەپێی ژینگەی کوردەواری کردووە و زیاتریش لە ناوچە دێهات نشینەکان و شاخاوییەکان بەکارهاتووە.) (**ڕەسول: ٢٠٠٥: ٢٠**).

ئەم جۆرە کاتانەش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە ژێر کاریگەری (گەردوونیی، سروشتیی، ئایینیی، کۆمەڵایەتیی) سەرچاوەیان گرتووە بۆ نموونە: (پێش خۆرئاوابوون، دوای خۆرئاوابوون، پێش ڕۆژهەڵاتن، دانی ئێوارێ، دانی بەیانی، چێشتەنگاو، سیاوسوتی بەهارێ، گەلاوێژێ، کاتی پەڵەی، چلەی زستانێ، ڕەمەزانێ، شەشەکانێ، قوربانێ، کاتی دروێنەی، ساڵ وەدەرێ، کەپرە شینە، زەردەپەڕ، جگەرەکێشێک، سێزدەبەدەرێ، خاکەلێوە... هتد)، ئەم جۆرە کاتانە ئێستا بوونەتە فەرهەنگ و کەلتووری خەڵکەکە، ڕەهەندێکی کلتوورییان وەرگرتووە.

داهێنانی ئەم جۆرە کاتانەش، کەم تا زۆر پەیوەندیی بە جۆری شوێن و سەردەمەکەوە هەیە، چونکە سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی و کەش و هەوای شوێنەکە وای پێویستکردووە، کە خەڵکی ناوچەکە بەپێی تەجروبە و زانیاری خۆیان بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئیش و کاری ڕۆژانەیان بەپێی وەرزەکانی ساڵ بیر لە داهێنانی ئەم جۆرە کاتانە بکەنەوە، کە زیاتر بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە دەگەڕێنەوە، کە ژیان تێیدا سادە و ساکار بووە و زانیاری و تەکنۆلۆژیای تایبەت بەم بوارە لە ئارادا نەبووە، بەتایبەتی قۆناغەکانی ژیانی سەرەتایی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، هەروەها لە ڕووی زمانیشەوە بە زمانێکی سادە و ساکار داڕێژراون و وشە و دەستەواژەکان لە ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکەوە هاتوون، بۆیە دەبینین ئەم جۆرە کاتانە هەڵگری سیما و تایبەتمەندی شوێن و سەردەمی خۆیانن.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە سودی لەم جۆرە کاتانە وەرگرتووە، ڕۆمانەکەی پێ دەوڵەمەندتر کردووە بۆ نموونە: نووسەر لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوی تۆڵەکردنەوەی مام ئۆمەر لە ئەحمەدە لۆقدرێژ و هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە دەڵێت: ((مانگێکی ڕەبەق ئۆمەر شەوبێری نەدەکرد، هەموو شەوێ دەچووە سەر لۆقدرێژ:
- دەتکوژم ئەگەر بچیتە قولەی قافیش. دەبێ شەوێکی وا سەخوڕی بە گوڕێ وەربکەم، ئەژدادیشی بە خەیاڵییدا نەهاتبێت: کە ئەو شەوە شەوی دزانە. ئیتر ماوەیەک وازی هێناو چاوەڕوان بوو، تا لە چلەی زستان ئەو شەوەی بۆ هەڵکەوت، چ شەوێک؟ تاریک، ئەنگوستەچاو، هەور زگی گەیاندبووە عاردی. بارانێکی عامیە و سەربەکڵاوە وەک لوولەی مەسینە دەهاتە خوار، کەس ماڵە و ماڵی پێ نەدەکرا.)) (**کێخواسێوێ: ٢٤**)، هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((کاتی چێشتەنگاو حاجی لەسەر خۆخینیان دەگەڕایەوە، چاوی بە سێوەسۆر کەوت: ... لە بەیانییەوە جەنجەڕ دەگەڕێت جەنابیشیت خانمانە لە ماڵەوە دانیشووە!.. سێوەسۆر: مام حاجی، کە گوتت نەخۆش دەبڕێتەوە، ئەگەر تۆزێک قەلبم خۆشتر بێت ئینشاالله دانی ئێوارە دەچم، ئەگینا بەیانی زوو. (**کێخوا سێوێ: ٩٩-١٠٠**)، هەروەها نووسەر لە چەندان شوێنی ڕۆمانەکەدا ئەو جۆرە کاتانەی بەکارهێناون وەک (حەدوو سەدی پەڵە، سەگ و گورگیش لێک جیابوونەوە، چێشتەنگاو، دوای خۆروبان کەوتن، ئاخەلێوە، نێرینەی بەهار، شەوی بوکێنیی، کژی ماڵ وەردەران.... هتد).

کەواتە دەتوانین بڵێین گەلی کوردیش بۆ ڕایی کردنی کار و بارەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەبووە، یەکێک لەوانەش ئەو پێوانە و دابەشکارییەیە، کە بۆ کاتییان کردووە بەپێی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و وەرزەکانی ساڵ لەسەر بنەمای تۆربۆگرافیا و کەش و هەوای ناوچەکە، ئەمەش لەلایەن کەسانی وریا و شارەزا و بە ئەزموونی شوێنەکە ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن کار و بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکبخەن.

- **پەیوەندی ڕووداو بە شوێنەوە:**

هەموو ئەو ڕووداو و هەڵسوکەوت و کار و چالاکیانەی ڕوودەدەن جا سروشتی بن، یان دەستکرد، گەورەبن، یان بچووک، خۆشبن، یان ناخۆش... هتد. لە شوێندا ڕوودەدەن، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان شوێن و ڕووداو پەیوەندییەکی بەهێزە لە پاڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا، چونکە ڕووداوەکان لە شوێندا ڕوودەدەن و شوێنیش ((یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان، کە ڕووداوی لێ ڕوودەدات. ڕووداو نابێت گەر کارەکتەرێک بە یەکێکی دیکە نەگات لە شوێنێکدا، کە کۆمەڵە سیفەتێکی کۆمەڵایەتی و جوگرافی تێیدا کۆبۆتەوە.)) **(البحراوی: ١٩٩٠: ٢٩)**، واتە جوڵانەوەی کارەکتەر و جموجۆڵیان لە پەرەسەندن و ململانێ و ئاڵوگۆڕکردنی و ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان هۆکارێکە بۆ ناساندن و دەرخستنی شوێنی ڕووداوەکان، لە هەمانکاتیشدا پێگە و ڕۆڵ و گرنگی شوێن ڕووندەکاتەوە، تەنانەت هەندێجار شوێن ڕۆڵی هەیە لە خولقاندن و ئاڵۆزکردنی ڕووداوەکاندا، چونکە ((شوێن ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی وردەکارییەکانی ڕووداودا دەگێڕێت، واتە شوێن بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕووداوەکان و پەیوەندی مێژوویی شوێن و ڕووداوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.)) **(ئەسعەد: ٢٠٠٦: ٣١)**، کەواتە شوێن فەزای ڕووداو و بەسەرهاتەکانە و هیچ ڕووداوێک بێ شوێن دروست نابێت.

شوێن وەک قەوارە و چوارچێوە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و پەیوەستیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، چونکە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ لە دایک دەبێت تا ئەو ڕۆژەی کۆتایی بە ژیانی دێت، دەبێت لە شوێنێکدا بژیت و ئارام بگریت، لە پێناو مانەوەی لە ژیاندا، جا ئەو شوێنە شار بێت، یان گوند.

یەکەی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێ بوون لە کوردستاندا، کە زۆر وابەستەبێ بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە (گوند)ە، هەر بۆیەش زۆربەی نیشتەجێ بوانی ئەو ژینگەیە جوتیارن.

کۆمەڵگەی کوردەواری بە هۆکاری ئەوەی، لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی گوندنشیندا ژیاوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتبوو، جیاوازی چینایەتی زۆر بە ڕوونی پێوەدیاربوو. زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ و کلک گرێدانیان لەگەڵ شێخ و مەلاکان بۆ چەوساندنەوەی ژێردەستەکانیان و زەوتکردنی ڕەنج و ماندوو بوونیان تەنگی بە چینی زەحمەتکێش و جووتیار هەڵچینی بوو، ئەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ کێشە و ململانێی نێوان ئەو دوو چینەی زیاتر دەکرد، بە تایبەتی، کە زەوی وەکو شوێنێکی کشتوکاڵی بووە چەقی کێشە و ململانێکانی نێوان ئەو دوو چینە.

شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی گوندنشینی، لەلای نووسەر و ئەدیبان جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە و لە بەرهەمەکانیاندا، ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگەیە بەپێی سەردەم و قوناغە مێژووییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، (عەزیزی مەلای ڕەش) یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی، کە ئاگاداری ئەو سەردەم و قوناغە بووە و خۆی لەناو کێشەکانی لادێ و سیستەمی دەرەبەگایەتی دا ژیاوە، بۆیە توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە لەناو ڕۆمانەکانیشدا بەرجەستە بکات، چونکە ((ئەو واقیعە چینایەتییەی، کە نووسەرێک تێیدا دەژی لە بونیادی زەینی نووسەرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، لەمیانەی بەرهەم هێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری.)) **(گۆڵدمان: ١٩٩٩: ٩).**

عەزیزی مەلای ڕەش لە ڕۆمانی کێخوا سێوێدا باس لەو ڕووداو و کێشە کۆمەڵایەتییانە دەکات، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە گوندەکانی دەشتی قەراج و کەندیناوەدا ڕوویانداوە، وەک کێشەی زەوی و زار و دوژمنایەتی و تێکچوونی شیرازەی خێزان و چەوساندنەوەی ژن و ... هتد)، کە دواجار ئەو بابەتانە چوونەتە ناو فۆلکۆر و ئەدەبیاتی کوردی لەو سەردەمەدا.

کێشە و ململانێکان ئەو کاتە دەستپێدەکات، کاتێک (مام ئۆمەر) کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە یەکێک لەو ساڵانە بڕیاری مانەوەی دابو بە مەبەستی کشتوکاڵکردن و مانەوە و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە

((من بەلاش و حەلاش ئەم ماندووبوونە دەدەمە بەر خۆم: (هەموو ساڵێ وەرە و بڕۆ وەرە و بڕۆ). بۆ ئێرە ئاوەدان نەکەمەوە؟ سەرەڕای ئەوەی کە لەوەڕگەیەکی باشە، دەتوانم لە پاڵیشی هێدی هێدی بە فەلاحەتی بخولێمەوە، هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری دا پیشەکی بیرێکی لێدا. ئەگەرچی ئاوەکەی تاڵ و سوێربوو، هەر پێی ڕازی بوو. لە پاشان لە هەر چوارلاوە زەوییەکی زۆری بۆ خۆی دابڕی)) **(کێخوا سیوێ: ٢٠١٩: ٨)**، لەگەڵ نیشەجێبوونی مام ئۆمەر لە گوندی (دۆمە) و دەستکردنی بە کشتوکاڵکردن شێخ گۆمەریش، کە سەرۆکی عەشیرەتی کۆچەری عەرەبن لەگەڵ قەوم و قیلەکەی گوندی (گەرحە)، یان ئاوەدانکردەوە، کە هاوسنووری گوندی مام ئۆمەربوو، ئەمەش دەبێتە سەرەتای کێشە و ململانێکان.

ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕێک نەکەوتن لەسەر کێشەی زەوی و زار ڕووداوی سەرەکی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنن کە شێخ گۆمەر و دارودەستەکەی هەموو هەوڵێکیان بۆ داگیرکردنی زەوییەکانی مام ئۆمەربوو، چونکە زەوی و زاریان لە چاو خۆیان کەم بوو، بۆیە هەر ڕۆژە کار و کردەوەی نابەجێ و هیچ و پووچیان بەرامبەر بە مام ئۆمەر دەکرد وەک (مەڕ بەردانە دەغل و دان، پەرێزخواردن، هەوجاڕدزین، جێخوون سوتاندن و ... هتد.)، هەروەها شەوانە دەهاتنە سەرماڵی مام ئۆمەر و تەقەیان لێ دەکردن و ڕۆژانەش لە دەشتێ هەنجەت و بیانوویان بە شوانەکانی دەگرت و لێیان دەدان و مێگەلە مەڕەکانیان هەڵدەبڕین، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە مام ئۆمەر بێزار بکەن و دەست بەسەر زەوییەکانیدا بگرن.

کەواتە جۆر و ناسنامەی ڕووداوەکان پەیوەستە بە شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نموونە ڕووداو گەلێکی لەم جۆرە تا ڕادەیەکی زۆر لە شوێنێکی وەکو لادێدا چاوەڕێ دەکرێ، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بارە کۆمەڵایەتییەکەی، واتە تایبەتمەندی شوین لەناو بەسەرهات و ڕووداوەکاندا ڕەنگدەداتەوە و جۆرێک لە تایبەتمەندی بە ڕووداوەکان دەبەخشێت.

- **پەیوەندی کاراکتەر بە شوێنەوە:**

مرۆڤ چەندی هەوڵبدات و تێبکۆشێت، ناتوانیت لە شوێن و کاریگەرییەکانی، یان لە هەژموونی شوێن خۆی دەرباز بکات، چونکە دواجار هەر دەبێ سەربەشوێنێکی دیاریکراوبیت وتێدا نیشتەجێ بێت، بۆیە پەیوەندی نێوان شۆین و مرۆڤ پەیوەندی ژیان و مردنە، کە هەندێ جار ئەم پیوەندییە گەیشتۆتە ئاستێک، مرۆڤ ئامادەیە قوربانی لە پێناودا بدات، چۆنکە هوکاری مانەوە و بەردەوامی لە ژیاندا پەیوەستە بە شوێنەوە. ئەمەش وادەکات ((لە نێوان مرۆڤ و شوێندا پەیوەندییەکی دووسەرە دروست دەبێت و هەر یەکەیان کار لەوی تریان دەکات ..... چونکە پێویستە کاریگەرییەکی دوولایەنە هەبێت لەنێوان کارەکتەر و ئەو شوێنەی تێیدا دەژی یاخود ئەو ژینگەیەی دەوری داوە، بۆ ئەوەی بونیادی فەزای ڕۆمان بتوانێت ئەو حالەتە هەستیەمان بۆ ئاشکرا بکات، کە کەسەکە هەیەتی و تەنانەت ڕۆڵی هەیە لەو گۆڕانە ناوەکییانەی بە سەریدا دێن. لە ڕێگەی پەیوەندی بەهێزی نێوان فەزا و ئەو کردە و قسانەی کارەکتەرەکان ئەنجامیان دەدەن.)) **(بحراوی ١٩٩٠: ٣٠- ٣١)**.

کەواتە شوێن نرخ و بەهای نابێت، ئەگەر بێت و کارەکتەرەکان ئەو واتا ڕاستەقینەیەی پێ نەبەخشن و ڕۆڵیان نەبێت لە دەوڵەمەند کردنی بە دەلالەتەکان، بەهۆی فرەیی شۆێنەکان بەپیی جوڵەو هاتووچۆی کارەکتەرەکان، لە فەزای ڕۆماندا لەبەرئەوە (شوێن بریتییە لە کۆمەڵێک سنوری مادی، کە ئاماژەیە بە واتا دەروونیەکان و سەرجەم ئەو هەڵۆیست و کارانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەنجامیان دەدات) **(ئەحمەد : ٢٠٢٠: ٧٥ )**، کەواتە دەتوانین بڵێین کارەکتەری بێ شوێن و شوێنی بی کارەکتەر بوونیان نیە یاخود ئەگەر هەشبیت هیچ جووڵە و کاریگەریان نیە و وەک شتێکی مردوو وان .

کارەکتەرەکان بەپێی سروشتی ئەو شوێنەی، کە تێیدا دەژین جیاوازن لە ڕووی فەرهەنگ و کلتور و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیر و باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت  لە ڕووی جۆری جل و بەرگ و خواردن و ئەو کەل وپەل و ئامێرانەی لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریان دەهێنین، بۆ نموونە کارەکتەری شارنشین و کارەکتەری گوند نشین، یان کارەکتەری کەلاوەنشین و کۆشکنشین، بەهۆی جیاوازی ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییانەوە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازن، کەواتە شوێن

کاریگەری خۆی هەیە لە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و لایەنی دەروونی مرۆڤەکان ڕۆدەچێتە ناو ناخ و دەروون و هەست و سۆزی کەسەکانەوە و دواجار ئەمەش لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا ڕەنگدەداتەوە.

ژینگەی لادێ بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی هەیەتی، کە ڕووبەرو شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و ژمارەی دانیشتوانی کەمە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیی نێوان خێزانەکان زۆر بەهێزە و زۆر هۆگر و وا بەستەن بە ئاین و داب و نەریتەوە، لە هەمانکاتدا پەیوەندییان بە دەرەوەی خۆیان لە ئاستێکی کەم دایە. ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە وایانکردووە پابەندبن بە کۆمەڵێک داب و دەستور و یاسا و بەهای کۆمەڵایەتی، کە لە کاتی بۆنە و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان پەنای بۆ دەبن و پێوەی پابەند دەبن و جێبەجێی دەکەن، کە بەشێکە لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری خەڵکەکە، واتە ((شوێن لە بنچینەدا شوناسی خۆی لە ڕەگ و ڕیشاڵی ئەو فەرهەنگ و ڕۆشنبیرییە وەردەگرێت، کە خۆی سەر بە ئەو دادەنێت، هەر ئەو ڕۆشنبیریەش لە پارچە زەوییەکی جوگرافییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر لە واتای هێمایی و نەستی.)) **(الیبوری:١٩٨٨: ٢)**، کەواتە شوێن دەتوانێت ببێتە هۆشیارییەکی فکری، دەروونی، ویژدانی و کۆمەڵایەتی، کە بەردەوام لەگەڵ تاک و کۆمەڵ بەریەک دەکەون و کارلێک دەکەن، هەروها لەرێی شوێنەوە دەتوانین ڕاڤەی دەروونی بۆ کارەکتەرەکان بکەین، چونکە کاتێک کارەکتەرەکان بەر شوێنێکێک دەکەون ڕاستەوخۆ شوێنەکە بەکۆی پێکهاتەکانیەوە، کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی دروستدەکەن، تەنانەت لەرێی شوێنەوە دەتوانرێت ناسنامەی کارەکتەرەکان ئاشکرا بکرین .

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی کێخواسێودا باس لە پەیوەستی و خۆشەویستی کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات بۆ زێد و شوینەکەی خۆی، کە مام ئۆمەرە، بەشێوەیەک خۆشەویستی و هۆگرییەکەی لە ئاستێکدا بووە، کە خوێنی لە پێناودا برێژی و کوڕ و برازاکانی بکاتە قوربانی خاکەکەی خۆی، چۆنکە پێیان وابووە کە خاک شەرەف و نامووسە و دەبێت بەهەموو شێوەیەک بەرگری لێ بکرێت.

ئەوەتا کاتێک بەهۆی بێ بارانی و نەهاتییەوە گوندەکەیان بەجێدەهێڵین و بۆ کاری سەپانی ڕوو لە گوندەکانی دەوروبەر دەکەن، مام ئۆمەر ڕووەو ئاسمان دەڵێت :(کوڕ، برازا، ژن، دوژمنایەتی ئێلێکی زۆری دڕندە دایان نەهینام، کەچی یاللە، یاللەی تۆ پشتی شکاندم، هەڵی قەناندم و کردمیە پیری ئاخرشەڕ، پەڕاگەندەی هەندەران ........ ئەمەی گوت و بە ئەژنۆی تەزیوو، دەروونی هەڵقرچاو، تاسەری بزر بوو شەقاوێکی دەنا و شەقاوی دووەم ئاوڕی بەرە و دواوە دەداوە:- ئەی هاوار هەیش...ش ! خۆزیا بە خۆزیداران بمردمایە، بەڵام ئەم لانەوازییەم لە ژیاندا نەدیتبایە! نەهاتی خۆشە، قورتی ناخۆشە ئەمەی گوت و لە هۆڕ ژنی گریانیدا.))(**کێخوا سیوی :٥٣:٢٠١٩**)، بەم شێوەیە دەبینین ناخ و دەروونی مام ئۆمەر بۆ بەجێنیشینی زێد وماڵی خۆی چۆن دەکوڵێت، تەنانەت ترسی ئەوەی هەیە، کە لەغەریبیان سەربنێتەوە و جارێکی دیکە بە گوندەکەی شاد نەبێتەوە ((دەترسم ئەو ماوەیە لە غەریبیان سەربنێمەوە و ئەو تاقە ئاواتەی بە دنیام ماوە، کە ناشتنی تەرمەکەمە لە خاکی دۆمە، نەیەتەدی.

ئافرەتەکە بەزەردەخەنەوە گوتی : - بەڵێن بێت مەگەر من نەمێنم، ئەگینا خوانە خواستە لە پشت قولەی قافیش بمریت تەرمەکەت دەهێنمەوە لە دۆمەی تاقەت دەکەم .

مام ئومەر کە ئەم قسەیەی بیست موچڕکەیەکی شادی نزیک لە شا گەشکە بە لەشیدا هات و گوتی:- تازە باوەڕ بکە هەرچی خەم بوو لەنێو دڵما بەیەکجاری بارگەی تێک ...نا)) (**کێخوا سیوی: ٢٠١٩ : ٥٣**)، لێرەدا بەهێزی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێنمان بۆ دەردەکەویت، کە مرۆڤ حەز دەکات هێچ نەبێت، ئەگەر بە مردوویش بێت. بیبەنەوە بۆ زێدەکەی خۆی و لەوێ بینێژن.

کاتێکیش لە هەورازی ڕێگاکەدا مام ئۆمەر هەستدەکات ئەو هێز و تاقەتەی جارانی نەماوە و هەورازی ڕێگاکە ماندو و شپرزەی دەکات، بە ئاخ هەڵکێشان و هەناسەیەکی ساردەوە دەڵێت :(( پیری و هەزارعەیب، بریا مردن هەبوایە، پیربوون نەبوایە.)) (**کێخوا سیوی: ٢٠١٩ :٥**)، لێرەدا بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەو شۆینە، کە هەورازی ڕێگاکەیە، وایکردووە مام ئۆمەر بەو شێوەیە ناخ و هەڵوێستی خۆی دەرببرێت، ڕەخنە لە پیری و بیتاقەتی خۆی بگرێت و خۆزگە بەمردن بخوازێت.

هەروەها ڕۆمانووس لە شۆێنیکی دیکە دا وێنای ئەو بارودۆخەمان بۆ دەکات، کاتێک مام ئۆمەر و سێوەسۆر لە پەنای دیواری مزگەوتی گوندی چەغەمیرە دانیشتوون و چاوەڕێی ئەوەن کەسێک بە سەپانیان بگرێت، بەڵام کەس گوێیان پێنادات، بۆیە هەست بە بێزاری و نائارامی دەکەن و خۆیان وەکو غەییەرییەیەک لەو شۆێنە دێتە بەرچاو و یەکسەر زێد و ماڵ و گوندەکەی خۆیان دێتەوە یاد و ئاخی بۆ هەڵدەکێشێت و دەڵێت: ((لای خۆم پیاوێکی ناوداری قەراج و خاوەن قۆناغ و نیمچە دێیەک بووم، ئیستاش وا لەپەنا مزگەوتی (چەغەمیرە) کەوتوومە و کەس گووی بەکلاوم ناپێوێ.)) (**کێخوا سێوێ: ٢٠١٩: ٥٤**) یان بەپێچەوانەشەوە کاتێک شەرتی سەپانییەکەیان لەگەڵ حاجی چڕدۆ تەواو دەبێت و دەگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان، چەند هەستێکی خۆشیان هەیە، بە ماڵ و شۆێنی خۆیان شاد دەبنەوە. کەواتە پەیوەندی کارەکتەر بە شۆینەوە، وەک پەیوەندی ئاو بە ژیانەوە وایە و ژیانیش بەبێ شوێن مەحاڵە، بەتایبەتی ئەو شوینەی، کە مرۆڤ تێیدا لە دایک دەبێت و دەبێتە یەکەم وێستگە و لانەی ژیانی، کە بە درێژایی تەمەنێک پێناس و زێدی ئەو بووە، هەر کاتێک لەو شوێنە دوورکەوتەوە هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکات، هەمیشە لە یادەوەرییەکانی دا، لە خەون و خەیاڵەکانیدا، وەک سێبەرلێی جیا نابێتەوە. هەر شوێنیک بگریت پێناس و یادگاری خۆی هەیە و هەست و سۆزی مرۆڤیان وابەستەی خۆیان کردووە.

نووسەر لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا ڕۆڵ و ئەرکی بەو کەسایەتییانە داوە، کە خاوەنی پاشخانێکی میللین، چونکە تایبەتمەندی ڕۆمانەکە ئەوە دەخوازێت، کە بەشێوەیەکی فراوان فۆلکلۆری تێدا وەگەڕخراوە، بۆیە نووسەر پێویستە ئەو جۆرە کەسایەتییە هەڵبژێرێت، کە ئەو تایبەتمەندییەی تێدایە، چونکە کەسایەتی میللی بە هەموو خەسڵەت و پێکهاتە فیکری و ڕەفتارەکانییەوە، سەر بەکۆمەڵ و ژینگە میللییەکەیە.

کاتێک نووسەر وێنای کەسایەتی لەو جۆرە دەکات، ئەوا خۆی وابەستە دەکات بە پاڵنەری ڕاستییەوە، بەوەی کە دەبێت کەسایەتییەکە کەسێکی میللی بێت، بەم پێیە (نووسەر وا لەو کەسایەتییە دەکات، کە دەربڕێکی ڕاستەقینەی هەموو ئەو کەلەپوور و پاشماوە مرۆییە میللییە بێت لە ئەدەب و بیر و باوەڕو پەیڕەوی، چونکە نووسەر ناتوانێت ژینگەی ناوخۆیی و پاشماوەی کەڵەکەبوو، کە دوای

ئەوە جێیان هێشتووە، لێک جیابکاتەوە.) **(حمادي: ١٩٨٢: ١٣٦)**، کەواتە وێنەکە ئەو کاتە ڕووندەبێتەوە، کە نووسەر وێنای کەسایەتییە میللییەکان لە تێکڕای خەڵکی ڕەش و ڕووت وەردەگرێت، کە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی میللییدا دەجووڵێنەوە، چونکە (پێکهێنانی فیکری ئەو کەسایەتییانە دەکەوێتە سەر بیر و باوەڕ و بنەمای ڕەوشتیی، کە لەوانەیە پەیڕەوی میللی وەخۆی بنوێنێ، یان تەنها لە بیر و بۆچوونەکانی، یان لەناو گۆرانی و پەند و چیرۆک و سەرگوزشتەی میللی خۆی دەنوێنێت و دەردەکەوێت، وە مرۆڤی میللی ناتوانێت خۆی دابماڵێت لەو کەلەپوورە میللییەی، کە شۆڕبۆتەوە بەدرێژایی نەوەکان) **(س.پ)**.

کەسایەتییەکان لە ڕۆمانی کێخوا سێوێدا خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەندن بە ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەمەش بە ڕوونی لە چوارچێوەی وەسف و مەنەلۆگ و گفتوگۆی نێوان کاراکتەرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی کەسایەتییە سەرەکییەکان، چونکە ڕۆڵی زیاتر دەگێڕن لەبەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕووداوەکان.

نووسەر بە سەلیقەیەکی ورد و شارەزاییەکی تەواوەوە ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی کردووە لە دارشتنی پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا. بەپێی ئەو سەردەم و قۆناغەی، کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوویانداوە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ناوچەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە خەمڵاندووە. نووسەر وێنەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی لە نێو واقیعی ژیانی کۆمەڵ وەرگرتووە. هەڵقووڵاوی ناو هەناوی ئەو ژینگە لادێ نشینەن کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوویداوە، ئەویش گووندەکانی دەشتی قەراج و کەندیناوەن، بۆیە کەساییەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەش ڕەهەندێکی لادێیانە و فۆلکلۆرییانەیان هەیە. خاوەن پاشخانێکی میللیین لە ڕووی بیر و باوەڕو ڕەفتار و داب و نەریتی کۆنی کوردەواری و پەند وئیدیۆم و قسەی نەستەق و...هتد. تەنانەت لەناو و نازناوی کەسایەتییە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕۆمانەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە، جا یان بەهۆی سیفەتی کەسەکانەوە، یان بەهۆی پێگە و مەقامی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە، ئەمە لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە (کوێخا سێوێ) کە شاکەسی ڕۆمانەکەیە، هەروەها هەریەک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە (مام ئۆمەر) و (شێخ گۆمەر). وشەکانی (کوێخا، مام، شێخ) کە دراونەتە پاڵ ناوەکان، واتا و ڕەهەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، (کوێخا) بە واتای دەسەڵات و بەڕێوەبردن دێت، (مام) بۆ مەبەستی خۆشەویستی و زیاتر دەدرێتە

پاڵ ئەو کەسانەی، کە تەمەنیان بەرە و سەر هەڵکشاوە، (شێخ)، کە دراوەتە پاڵ ناوێکی عەرەبی، لێرەدا بەواتای سەرۆکی عەشیرەت یان خێڵ هاتووە، هەروەها لەناو کەسایەتییە لاوەکییەکانیشدا، نموونەی لەم شێوانە بەدی دەکرێت وەک: (حاجی چڕدۆ، ئەحمەدە لۆقدرێژ، عایشە بەکار، کوێخا وەسمان، مام ڕوواڵ، خەجەشەل... هتد) بۆ نموونە سیفەتی (چڕدۆ) کە لە بنەڕەتدا سیفەتێکی ئاژەڵی شیردەرە، بەو ئاژەڵانە دەگوترێت، کە شیریان بە زەحمەت لە گوان دێتەدەرێ و بەزەحمەت دەدۆشرێن، دواتر ئەم سیفەتە خوازراوە بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانەی، کە ڕەزیل و پیسکەن لە نموونەی کەسایەتیی (حاجی چڕدۆ)، کە کەسێکی  ئەوەندە ڕەزیل و پیسکەیە چاوەڕوانی هیچ جۆرە بەخشین و پیاوەتییەکی لێ ناکرێت. وشەی (چڕدۆ) وشەیەکی کوردیی پەتیی خۆماڵیی ڕەسەنە لە ناو هەناوی ژیانی ئاژەڵداریی کوردەوارییەوە سەرچاوەی گرتووە. فەرهەنگ و کەلتووری ئەم ناوانە هی سەردەمێکی مێژوویی کۆنی دەرەبەگایەتیی و خێڵایەتین و خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەو سەردەمیان پێوەدیارە. ئەم جۆرە ناو و ناتۆرە و نازناوانەش زیاتر هی کۆمەڵگەی لادێنشینن و ڕەهەندێکی فۆلکلۆرییان وەرگرتووە.

بەم شێوەیە دەتوانین تایبەتمەندی کەسایەتییەکان، کە ڕەهەندێکی  فۆلکلۆرییان هەیە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە پێ بدەین، کە بە دیاریکراوی بەهۆی شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتییانەوە بوون بە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە فۆلکلۆرییانە، بۆ نموونە سیفەت و تایبەتمەندی مام ئۆمەر و سێوێ هەردووکیان تایبەتمەندی  کلتووری کوردییانەیان وەک نەریت و مەردایەتی و ڕاستگۆیی و دڵپاکی و ئازایەتییان هەیە، بەو هۆیەی خاوەنی زەوی و زارن، وەک خاوەن دەرک و ماڵی باش خۆیان بەرجەستە دەکەن.

- **پەیوەندی زمان بە شوێنەوە**

شوێن وەک ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و زمانیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکی دوولایەنەدان و تەواوکەری یەکترن. زمان سەرەڕای ئەوەی هۆکارێکە بۆ لێک تێگەیشتن و ئالوگۆڕکردنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر شوێن و سەردەم و قۆناغێکدا شوناسی تاک و کۆمەڵگەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەی کلتوور و بەهاکانی کۆمەڵ و هۆکاری مانەوەی ئەم کلتوور و بەهایانەشە، چونکە زمان و بیرکردنەوە و کردەوەکانی مرۆڤ هەمیشە لە ژیانی

کۆمەڵایەتیدا پەیوەست و گرێدراوی یەکترن و دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، چونکە (زمان بەشێکە لە کلتور و کلتووریش بەشێکە لەزمان، هەردووکیان بەجورێک تێک ئالاَون، کە کەس ناتوانێت بەبێ لەدەستدانی واتا و چەمکی ڕاستەقینەی زمان، یان کلتوور لێکیان جیابکاتەوە.) (**براون :١٨٢:١٣٨١**)، واتە زمان یەکێکە لەو کەناڵانەی، کە لە ڕێگایەوە هەست و بیرۆکەکانمان لە کلتوردا ڕەنگدەدانەوە، لە ڕێگای کلتوور و بەهۆی زمانەوەیە، کە واتا دروست دەبێت، کەواتە زمان گرێ دراوی هزر و بیرکردنەوەمانە.

هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی جۆرێک لە ڕۆشنبیری خۆیەتی، لە فەرهەنگ و کەلتورەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، بەپێی ئەو بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی تێیدا دەژی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، کە ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمێنانی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییەدا، دواجاریش هەر ئەم ڕۆشنبیرییە کەم تا زۆر بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەکو تێۆرەکەی (مارکس)، کە لەسەر بنیاتی ئابووری بۆ کۆمەڵگە دامەزرراوە، پێی وایە کۆی بابەتە ڕۆشنبیرییەکانی ناوکۆمەڵگە بەهەموو جۆرەکانیەوە، پەیوەستە بەلایەنی ئابووری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، ئەو دوولایەنەش ناودەنێت (سەرخان و ژێر خان)، کە یەکەمیان بابەتەکانی کلتور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە، دووەمیشیان بابەتی پارە و ئابووری و هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە، واتە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە ژێرخانی ئابوری کۆمەڵگە دیاریکەری ڕوانگەو دیاردە ڕۆشنێرییەکانی ناوکۆمەڵگەیە، بەواتایەکی دیکە لایەنی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری کە پێی دەگۆترێت (سەرخان)، ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابوری کۆمەلگەیە، هەروەها سەرخانیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ژێرخانی ئابووری واتە هەر گۆرانکاری و پیشکەوتنێک لە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگەدا ڕوبدات، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پیشکەوتن و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و لەهەمانکاتێشدا گەشەکردن و پێشکەوتنی سەرخانیش ڕۆڵی دەبێت لە گەشەکردن و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری. (**ئیگڵتۆن: ٢٠٠٨: ٢٤-٢٦**) بەم پێیە بێت زمانیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە کەلتوری کۆمەڵگە بێبەش نییە لە کاریگەری هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەپێی شوێن و سەردەمە جیاوازەکان، واتە ئاخێوەرانی هەر شوێن و ژینگەیەک بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان شێوازی

ئاخافتنی تایبەت بەخۆیان هەیە، لە ڕووی جۆری ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە بەکاری دەهێنین لە قسەکردن و گفتوگۆی ڕۆژانەدا، واتە بەریەککەوتن و مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری ئەو شوێن و ژینگەیەی، کە تێیدا دەژی، لە زمان و ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا ڕەنگدەداتەوە، تایبەتمەندی شوێنەکەی پێوە دیارە.

شوێن وادەکات، کە زمان و دەربڕین و پەند و شێوە و زاراوە و شێوەزاری جیاواز هەبن، کە شوێن بە شەقڵ و ڕەنگی خۆی لە قاڵێبیان دەدات، بۆ نموونە کاتێک لەلادێ و ناوچە شاخاوییەکاندا دەبینین بۆ کەسێک کە ماندووبێت و هەناسەی سواربێت دەڵێن :(دەڵێی لەبەر هەورازی)، بەڵام لەناوچە دەشتاییەکاندا دەڵێن :(دەڵێی ڕێگای حەوت گوندت بڕیوە)، یان لە ناو پیشەوەراندا شێوەی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لەوانەیە کەسانی دی لێیی تینەگەن، بۆ نموونە کاتێک فیتەرێک بانگی شاگردەکەی دەکات دەڵێ (حەوتم (٧)بۆبینە) مەبەستی ئەوەیە، کە سپانەی (٧) ی بۆ بێنێ و یان لەناو چین و توێژە جیاوازەکاندا هەریەکە و جۆرێک لەشێوە زمان و هێما و ئاماژەی ئاخاوتن و تەنانەت ئەدەبی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە (پییەر زیما) پێی وایە، کە دەبێت حیساب بۆ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا بکرێت لەسەر ئاستی زمان، بەو واتایەی زمان دەبێتە پێوەر و دواجار لە ڕستەوە دەبێتە زمانی گوزارشتی دەستە و گرووپێک یان کۆمەڵە و چینێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە، واتە هەر کۆمەڵە و تاقم و گرووپیک لەناو گومەڵگەدا زمان وشێوازی تایبەت بە خۆیان دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی چینایەتی و بیر و باوەڕی کەسەکەیە، بۆ نموونە کاتێک کەسێکی دیاریکراوی سەر بە چینێکی کۆمەڵگە شیعرێک یان ڕۆمانێک دەنووسێت، بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆی وەک نوێنەری چینەکەی خۆی لەناو دەقە ئەدەبیەکەدا ڕەنگدەداتەوە، دواجار لە ڕێگای ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکاریهێناوە دەتوانرێت کۆدی کۆمەڵایەتی و پەیامی دەقەکە ئاشکرا بکات.(**مەنتک: ٢٠١٨ : ٧٣**)، کەواتە توێژینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی دەقی ئەدەبییەوە، بەشێوەیەکە، کە شێوە و جۆری ئاخاوتنی چینەکانی کۆمەڵگە بە ژینگە و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە گرێدەدات و تەنها زمان دەتوانێت ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ دەرببڕێت، واتە تەنها لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێ واقیعی ژیانی کۆمەڵگە بەرجەستە بکرێت، بەواتایەکی دیکە گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکانی

ناو کۆمەڵگە، لە ڕێگەی وشـە و زاراوەی تـایبەت بە خویـانەوە دەتوانن گوزارشـت لە ڕۆڵ و کیشـە و گرفتەکان و دنیا بینی خۆیان بکەن.

بەپێی ئەوەی، کە باسکرا، شوێن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هـۆی جیاوازی لە شـێوەزار و جۆر و شێوازی ئاخاوتن لە ڕووی بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژە و زاراوانەی، کە لە مامەڵە و کار و بار و گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێت، بەگوێرەی ئەو شـوێن و ژینگەیەی، کە کەسـەکان تێیـدا دەژیـن، کە هەر شـوێن و نـاوچەیەک تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە لە ڕووی جـوری قسـەکردن و ئاخاوتندا، کە پێی دەناسریتەوە لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا.

ئەدەب بەشـێوەیەکی گشـتی و ڕۆمـان بەتـایبەتی بەرهەم و هـونەری زمـانە و گوزارشـتکردنە لە واقعـی ژیـانی کـۆمەڵگە، کە ڕۆمـاننوس دەیەوێـت لە ڕۆمانەکەیـدا بەرجەسـتەی بکـات و بیگەیەنێـتە خۆێنەر، ئەوەش دەکەوێتە سەر توانا و شێوازی دەربرین و چۆنیەتی مـامەڵە کردنی نووسـەر لەگەڵ زمانـدا، چـۆنکە هەر نووسـەرە جۆرێـک لە شـێواز و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە، لەڕووی ئەو وشـە و دەستەواژانە بەکاریان دەهێنێن و تـا چ ڕادەیەک یـەکانگیرە لەگەڵ کـات و شـوێنی ڕووداو وە بەسـەر هاتەکانی ناو ڕۆمانەکەدا.

ئەگەر سەرنجێکی وردی ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش بدەین بەتـایبەتی ڕۆمانەکـانی (کێخـوا سـێوێ، خـاک و چەوسـانەوە، غەوارە ) بۆمـان دەردەکەوێـت، کە لە ڕووی داڕشـتنەوە بە زمـانیکی کوردی پەتی و ناوچەیی گوندەکانی (دەشتی هەولێر) نووسـراونەتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆمـانووس بە شـێوەیەکی بەرچـاو فەزای گونـدی لە زۆربەی ڕۆمانەکانـدا خوڵقانـدووە، بۆیە ئەو وشە و دەسـتەواژانەی، کە کارەکتەرەکان قسـەی پێدەکەن. هەمـان ئەو زمـانەیە، کە خەڵکی لە ژیـانی ڕۆژانەیدا لە گوند بەکاری دەهێنن، لەبەرئەوە پێویستە خوینەریش سـەروکارێکی لەگەڵ ژیانی گوند و دەشت و چیا و دۆڵ و هەوراز و نشێوەکانی ئەو ژینگەیەدا هەبێت. بۆ نموونە ڕۆمانووس لە ڕۆمـانی کێخواسـێوێدا. کە بـاس لە ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی گونـدەکانی دەشـتی قەراج و کەنـدیناوە دەکـات، هەمـان ئەو شـێوە زمـانە نـاوچەییەی بەکارهێنـاوە، کە خەڵکـی نـاوچەکە ڕۆژانە قسـەی پێـدەکەن، لەهەمانکاتدا بۆتە زمانی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەش، ئەمەش زیرەکی و لێهاتووی نووسـەرمان بۆ

دەردەخات، لەپێنا و گەیاندنی هزرو پەیامەکەی بەخوێنەر، هەروەکو (گۆڵدمان) پێی وایە بەرهەمی ئەدەبی هی چین و توێژێکی کۆمەڵایەتیە و نووسەر وەک تاکێکی بەهرەمەند و شارەزاو خاوەن مەعریفە، گوزارشت لە بیرو بۆچوون و کێشە و گرفتەکانی چینەکەی دەکات و هۆشیاری و جیهانبینی چینەکانی کۆمەلگە دەخاتە ڕوو. (**ئیگڵتون :٢٠٠٨:٦١**).

ڕۆمانووس لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکەدا شێوە زمانی ناوچەیی دەشتی قەراج و کەندیناوەی بەکارهێناوە، کە بە ئاشکرا لە گفتوگۆ و مەنەلۆگی نێوان کارەکتەرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە ڕۆماننووس مەنەلۆگێکی حاجی چرِدۆمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو کاتەی کە دەیەوێ مام ئۆمەر و سێوەسۆر بەسەپانی بگرێت و تەماح لە سێوە سۆر دەکات ((ئاخ .. خـ .. خـ نەمردبام تەنیا شەوێک لە باخەڵم بنووستبایە ! . دوای ماوەیەک بیرکردنەوە: (مێردەکەی دەگرم، بە با سەپانیشم تەواو بن، خۆ هیچ لەبەرکی من دەرنایەت. سەپان یەک بێت و دە ( ١ /٦ ) ی ڕەوسە گەنم و (٥/١) ی جۆ لە کیسە من دەچێت. تەنیا نان نانەکە زەرەردەکەم.)) (**کێخوا سێوێ :٢٠١٩ : ٥٩**)، هەروەها کاتێک سێوە سۆر بڕیاری تۆوکردن دەدات، مام ئۆمەر پێی دەڵێت: ((مادام بڕیارت لەسەرە خۆت بیکەیت، لە ناو زەوییەکان بگەڕێ، کوێندەر دەوجۆم و نەورایی و ئاوگرە تۆی بکە تەنکیش بدە، بەم عەڵبە و نیوە جێگەی دوو عە ڵبان بێ بگرە .... ئەگەرچی پێیخۆش نەبوو ببێتە تەڕازو بەڵام لە بەر ڕەقی زەوییەکە ناچاربوو ، ئەگەر قەرزداری هەرِوە بەیاری : قەراج ملی دایە . پنجی دەغڵ زەلام لە سەر دانیشتبوایە، تەبارە وا پاڵی دابووەیەک، وا تێکپەڕی بوو بێژنگت لەسەر دانابوایە ڕایدەگرت. قەتیی لە ناو دەگیرا .)) (( کێخوا سێوەێ :٢٠١٩ :١٢٩-١٣٠ )). بەم شێوەیە ڕۆماننووس چەندین وشەو دەستەواژەی بەکارهێناوە ، کە تایبەتن بە شوین وژینگەی لادێ و دەشتی قەراج و کەندیناوە ، وەک ( ئاقار، پەرێز ، کەندو جۆم ، تەلان ، یاغر یاغر ، حەیرما ، دەوجۆم ، قوڵخ ، قارچە ، تەبارە ، قەدبڕ ، هەوراز و نشێو ، گیشە ، بەرانپێلک، ڕەوسە، حومێرە ، تەڕاوز ، حۆقە ، ئیزرەم ، بازرەقە ، ئاوخۆرەوە ، تێلەکیش ، چەتاڵ ، چەشمە ، خیلۆک ، شەوێن ، شیوەخوار، هەوێز ، خورجە ، سابیتە ، نارچە ،..........هتد).

کەواتە ڕۆمانووس لە پاڵ زمانە ئەدەبییەکەدا، شێوەزمان و ئاخاوتنی دەشتی هەولێر ( قەراج و کەندیناوە ) ، کە ناوچەیەکی پان و بەرینی دەشتی هەولێرە، بەکار هێناوە، چونکە کارێکی ئاسان نییە ڕۆمانووس بتوانێت، شێوەزاری ناوچەیی لە ڕۆمانەکەیدا فەرامۆش بکات، لە بەر خاتری زمانە پەتیەکە، چونکە ئەگەر ڕۆمانووس ئەوەی کرد، ئەوا بەشێک لە دەوڵەمەندی زمان لە دەستدەدات، لەلایەکی دیکەشەوە تام و ڕەنگ و بۆی ڕۆمانەکەش نامێنیت.

## بەشی سێیەم/ دەقئاوێزانی فۆلکلۆری لە ڕۆمانەکەدا:

### سەرەتا: کورتەیەکی تیۆری دەربارەی دەقئاوێزان:

دەقئاوێزان وەک ڕەوت و ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتووەتە ناو کایەی ئەدەبییەوە. (دەقئاوێزان (INTERTEXTULITY) وەکو زاراوە بۆ یەکەمین جار لەسەر دەستی (جولیا کریستیڤا لە ساڵی ١٩٦٦ لە گۆڤاری (تل کل) TELQUEی فەڕەنسی بڵاوکرایەوە) و لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا شوێنی خۆی گرت، دواتر لە سەرەتای حەفتاکاندا گواسترایەوە بۆ ئەمریکا) **(عزام: ٢٠٠١: ٣٠)**، ڕەگ و ڕیشەی زاراوەکە سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فەڕەنسی، کە زاراوەی (intertextualite) بۆ دانراوە لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی (intertextuality) بۆ بەکاردەهێنرێت، کە لە زاراوە فەڕەنسییەکەیان وەرگرتووە.**(شوان: ٢٠١٤: ١٠٤-١١٠)** لە زمانی عەرەبیشدا زیاد لە چەند زاراوەیەک بۆ ئەم چەمکە لە ئارادایە وەرگێڕە عەرەبەکان لەسەر وەرگێڕانی زاراوەکە یەکدەنگ و هاوڕانین بە چەندین جۆر زاراوەکەیان وەگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی وەک (التناص، التناصیة، النصوصیة، تداخل النصوص، النص الغائب... هتد)، بەڵام دواجار ئەوەی لە هەموویان زیاتر باوە و سەقامگیربووە و بەکاردێت (التناص)ە، **(عزام: ٢٠٠١: ٤١)**، هەروەها لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (بینامتنی)ی بۆ بەکارهاتووە، **(بەرزنجی: ٢٠٢٠: ١٧١)**.

شارەزایان و توێژەرانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە (سەرەتاکانی پەیدابوون و چەکەرەکردنی چەمکی دەقئاوێزان دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕا ڕەخنەیی و فەلسەفییەکانی (میخایل باختین)، کە بەتایبەت لە کتێبی (مارکسییەت و فەلسەفەی زمان)دا، بۆ یەکەمجار لە ڕووی تیۆرییەوە باسی بونیاتی تێکەڵاوی لە نێوان دەقە ئەدەبییەکان کردووە، لەو کاتەی جەختی لەسەر دیالۆگ-گفتوگۆ) دەکرد لە نێوان دەقەکاندا.) **(صاڵح و ناظم: ٢٠١٧: ١٢٨)**، واتە (باختین لە ڕێگای بەکارهێنانی ناونیشانی (دیالۆگ) لە نووسینەکانیدا، پێش دەرکەوتنی چەمکی دەقئاوێزان خوێندنەوەی بۆ چەمکەکە کردووە. دوای (باختین) بۆ یەکەمجار (جولییا کریستیڤا) لە ساڵی ١٩٩٦، کە زۆر بە بیرۆکەی (دیالۆگ-گفتوگۆ)ی باختین کاریگەربووە زاراوەی دەقئاوێزانی (intertaxtuelite) لە لێکۆڵینەوەکانی

خۆیدا بەکارهێناوە و چەند توێژینەوەیەکی لە ساڵانی (١٩٦٦-١٩٦٧) لە هەردوو گۆڤاری ( Tel Qu ell) و (Critic) بڵاوکردەوە و دواتریش ئەو توێژینەوانەی لە کتێبی (سیمیۆتیکا) و (دەقی ڕۆمان) بڵاوکردەوە. **(بایز: ٢٠١٣: ٣٢)**.

(کریستیڤا) وای دەبینێت، کە دیاردەی دەقئاوێزان ڕەگ و ڕیشەی لە مێژووی ئەدەبیدا هەیە و درێژ دەبێتەوە بۆ ناو دەقە شیعرییە نوێخوازەکان. **(محمود: ٢٠١٢: ٣٩)**، کەواتە دەتوانین بڵێین ئاماژە و بنەما سەرەتاییەکانی ئەم چەمکە هاوکات نییە لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی خودی زاراوەکە، بەڵکو ئەم دیاردەیە مێژوویەکی دانەبڕاوی هەیە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا بەپێی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی.

دەرکەوتنی چەمکی تازەی دەقئاوێزان لە ڕەخنەی عەرەبیشدا مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، هەرچەندە پێش دەرکەوتنی چەمکەکە بەواتا ڕەخنەییە تازەکەی چەمکی دەقئاوێزان لەژێر ناوی چەند زاراوەیەکی تردا کۆکرابوویەوە، بەڵام بەواتا هاوچەرخە ئەوروپییە تازەکە نا، بەڵکو لەژێر ناوی تردا ئاماژە بە واتاکەی درابوو، بە دیاریکراوی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە گوتاری نوێی ڕەخنەیی عەرەبی کەوتە ژێر کاریگەری تیۆروانین و جیهانبینی ڕەخنەگرە ئەوروپییەکانەوە بەتایبەتی فەرەنسییەکان، کە ڕەخنەگرە عەرەبەکان زۆر پێیان کاریگەربوون. (د.محمد مفتاح)، کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە نوێکانی ڕەخنەی عەرەبی، پێی وایە ئەگەر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر دەقئاوێزان بکەین، نابێت تەنیا توێژینەوەی تاکە دەق بکەین و سەیری بکەین، کە دەقێکی داخراوە بە ڕووی خۆیدا، بەڵکو شاعیر لە دەقی دیکەی ئەدەبی دەخواتەوە، کە ئەمەش هەمان بۆچوون و دنیابینی ڕابەران و پێشەوایانی دەقئاوێزانی ئەوروپییە دەربارەی ئەم چەمکە. **(محمود: ٢٠١٢: ٥١)** هەرچەندە ڕەخنەگری عەرەب (عبدالله الغدامی) لە کتێبی (الخطیئة و التفكیر)دا لە بەرانبەر وەرگێڕانی دەقئاوێزاندا زاراوەی بەیەکداچوونی دەقەکان (تداخل النصوص)، یان دەقە بەیەکداچووەکانی بەکارهێناوە، ئەمەش لە ژێرکاریگەری بیر و بۆچوونەکانی (کریستیڤا و بارت و ڕیفاتێر)دابووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ دا یەکەمین لێکۆڵینەوە لەسەر دەقئاوێزان بەواتا هاوچەرخە ئەوروپییەکەی لەلایەن (محمد بنیس)ەوە بووە، بەناونیشانی (ظاهرة الشعر المعاصر في المغرب، مقارنة البنویة التكوینیة) لە ژێرکاریگەری بۆچوونەکانی (تۆدۆرۆف و کریستیڤا) لەبارەی دەقی (ئامادە

و نائامادە، بزر)دا، بەشێکی بۆ ناونیشانی دەقی نائامادە (النص الغائب) تەرخانکردووە، هەرچەندە زاراوەی دەقئاویزانی وەک خۆی بەکارنەهێناوە لە نووسینەکانی دا، بەلام بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی دەقی نائامادە هاوواتای چەمکی دەقئاویزان بووە، چونکە پێی وایە دەق تۆڕێکە چەندەها دەق تێیدا بەیەک دەگەن، ئەمەش هەمان بۆچوونی (کریستیڤا و بارت)ە لەبارەی دەقئاویزان. **(محمود: ٢٠١٢: ٥٣-٥٤)**، هەروەها لە چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی تردا ئاماژەی بە چەمکی دەقئاویزان کردووە، بەڵام بە زاراوەی جیاواز، هەروەکو لە ساڵی ١٩٨٨ دا زاراوەی (هجرە النص-کۆچی دەق)ی لە کتێبی (حداثة السوال)دا بەکاریهێناوە، لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە کتێبی (الشعر العربی الحدیث، بنیاته و ابدالاتها، الشعر المعاصر)دا زاراوەی (التداخل النصی- هاتنە ناوەوەی دەقی) بەکارهێناوە، هەروەها (د. محمد مفتاح) لەم بوارەدا ڕێچکەی (محمد بنیس) گرتووە و چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی دەقئاویزان بڵاو کردۆتەوە، لەوانە (تحلیل الخطاب الشعری، استراتیجیە التناص)ی لە ساڵی ١٩٨٥ دا نوسیووە، وردتر چۆتە ناو باسەکە و لە چەمک و زاراوەکەی کۆڵیوەتەوە و ڕووبەرەکەی فراوانتر کردووە، زاراوەی (التناص)ی بەرانبەر چەمکی دەقئاویزان بەکارهێناوە. **(مەولود و حسێن: ٢٠١٧: ١٣٠)**.

سەبارەت بە دەرکەوتنی چەمکی دەقئاویزان لە ناو ئەدەبیاتی کوردیشدا، ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا بخشێنینەوە دەبینین لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ هیچ جۆرە نوسین و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە بەرچاو ناکەوێت، زیاتر باس لە دزین و وەرگرتن و تێکهەڵکێشکردن کراوە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە تاک و تەرا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتی وەرگێڕان و وتار و نووسین لەسەر دەقئاویزان دەبینرێن، یەکەمین کەس، کە بەشێوەیەکی تیۆری و پڕاکتیکی کاری لەسەر ئەم چەمکە کردبێت لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا، شاعیر و ڕەخنەگر (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) بووە، کە لە گۆڤاری (ئێستا) بابەتێکی دەربارەی دەقئاویزان بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (دەقئاویزان و ڕەخنەی نوێ)، کە تێیدا بۆ یەکەمجار زاراوەی (دەقئاویزان)ی بەکارهێناوە، کە دەکرێت بڵێین ئەمە یەکەم هەنگاوە لەمەڕ دەقئاویزان لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. **(شوان: ٢٠١٤: ١٠٦)** لەدوای ئەو هەوڵەی ناوبراو چەند لێکۆلەرێکی دیکە وەکو (ئەنوەر قادر محمد، د. کەمال مەعروف، د. فازل مەجید و د. زاهیر مەجید و د. زاهیر لەتیف، د. عەبدولسەلام سالار، د. علی تاهیر، د. ڕێزان صالح مەولود و سەنگەر نازم حسێن) و چەند

لێکۆلەرێکی دیکە لە دوو تویێی گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا لێکۆڵینەوەیان دەربارەی چەمکی دەقئاوێزان نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە. **(محمود: ٢٠١٢: ٧٢-٧٤)**. وە لە بواری ئەکادیمیشدا چەند نامەیەکی باشی دکتۆرا و ماستەر لە زانکۆکانی کوردستان دەربارەی دەقئاوێزان نووسراون، لەوانە نامەی دکتۆرا (د. شنۆ محمد مەحمود) بە ناونیشانی (دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد و گۆران و لەتیف هەڵمەت)، هەروەها نامەی دکتۆرای (د.هەڵمەت بایز) بەناونیشانی (دەقئاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیای بەختیار علی دا) وە لێکۆڵینەوەیەکی (د. نەجم خالید ئەلوەنی) دەربارەی (جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێبی جەبار جەمال غەریبدا) لەگەڵ چەند باس و توێژینەوەی باشی تر لە گۆڤار و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا لەمەڕ دەقئاوێزان نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بەم شێوەیە چەمکی دەقئاوێزان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا نەشونمای کردووە و لە توێژینەوە زانستییەکان پانتاییەکی داگیرکردووە و بووەتە بابەتێکی گرنگی ناو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

لەلایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە چەندین لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ چەمک و تایبەتمەندییەکانی دەقئاوێزان کراوە و هەریەکە لە گۆشەنیگای خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ ئەم چەمکە کردووە بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ کار و تێڕوانینەکانی (باختین)، کە پەیوەندی نێوان دەقەکان بە دیالۆگ(گفتوگۆ) ناو دەبات و پێی وایە هیچ دەقێک لە دیالۆگ بەدەر نییە، (جولیا کریستیڤا)، کە بە تێڕوانین و کارەکانی (باختین)ەوە کاریگەربووە. بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی ئەو زاراوەی دەقئاوێزان دەرکەوت. دەڵێت: ((هەموو دەقێک وەکو تابلۆیەکە لە وەرگرتنەکاندا، گشت دەقێک بریتییە لە هەڵمژین و گوێزانەوە بۆ دەقێکی دیکە)) **(سعدیة: ٢٠١٦: ٤٥)**، بەپێی ئەم بۆچوونەی کریستیڤا بێت هیچ دەقێک سەربەخۆ نییە و هەموو دەقەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاوێزان و دەستلەملانی یەکترن، هەر کریستیڤا ئاماژە بۆ سەرچاوە جیاوازەکانی نێوان دەق و ئەو سەرچاوانە دەکات و دەڵێت: ((دەقئاوێزان کۆچی دەق و بەناویەکدا چوونی دەقەکانە، لە فەزای دەقێکی دیاریکراودا چەند دەستەواژەیەک یەکتردەبڕن، کە لە دەقەکانی ترەوە وەرگیراون.)) **(ئەلوەنی: ٢٠١٢: ٤٤)**، کەوابێ دەقئاوێزان گواستنەوە و بەیەکداچوونی نێوان دەقەکانە لەگەڵ یەکتردا و لە کۆتاییشدا بەرهەمهێنانی دەقێکی تازەیە.

هەروەها (ليتش Leitch) وای دەبينێت. کە دەق خودێکی سەربەخۆ، يان مادەيەکی يەکناگير نييە، بەڵکو زنجيرەيەکە لە پەيوەندی لەگەڵ دەقەکانی ديکە، ياخود داڕشتنی دەق تۆڕێکی ناتەواوە لە پارچە پارچەی وەرگيراو جا بە هەست و نەست بێ، يان بێ هەست و نەست. **(عزام: ٢٠٠١: ٣٠)** بەم پێيە بێت لەدايک بوونی هەر دەقێک پەيوەستە بە چەند دەقێکی ديکەوە، کە لەگەڵ يەکتردا کار دەکەن و سنوری يەکتر تێ دەپەڕێنن. (ڕيفاتێر) يش وا لە دەقئاوێزان دەڕوانێت، کە بريتييە لە تێبينی خوێنەر بۆ پەيوەندييەکانی نێوان کاری ئەدەبی و پێشتر، هەروەها پێی وايە، کە دەقئاوێزان ئالييەتێکی ڕاستەقينەی خوێندنەوەی ئەدەبييە، کە لێکچوونە لەگەڵ چەند دەقێکی ئەدەبی و نائەدەبی، کە جگە لە واتا شتێکی ديکەی لێ بەرهەم نايەت. **(سعديە: ٢٠١٦: ٤٦)**.

هەروەها (فليپ سولرس F SOLLERS) دەڵێت: (هەموو دەقێک دەکەوێتە چوارڕيانی ڕێگای چەند دەقێکی ديکە لەيەک کاتدا، وە بريتييە لە دووبارە خوێندنەوەی ئەو دەقانە، ياخود دەمەزەرد کردنەوە و چڕکردنەوە و گواستنەوە و قووڵکردنەوەی دەقەکانە.) **(هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٤٧)**. ئەمەش ئەوە دەگەيەنێت، کە دەقئاوێزان دووبارە داڕشتنەوە و بەرهەمهێنانەوەی دەقی تازەيە لە دەقەکانی ديکەدا بە تەکنيک و شێوازی جياواز وەکو (ڕۆڵان بارت) پێی وايە، کە (هەموو دەقێک لە بنەڕەتدا جوينەوەی چەندين دەق و بيرۆکەی پێشووترە، کە لە نەست و باگراوندی نووسەردا جێگەی گرتووە و داواجاريش بەشدار دەبن لە پێکهاتەيەکی هونەری نوێدا و خۆيان لە فۆڕمێکی ديکەدا دەنەخشێننەوە.) **(ئيبراهيم: ٢٠١٧: ٥٧٧)**، (بۆرخيس)يش هەمان بۆچوونی بارتی هەيە و پێی وايە، لە هيچ دەقێکدا بابەتی تازە نييە، بەڵکو هەموو بابەتەکان پێشتر ئاماژەيان پێکراوە، تەنها ئێمە سەرلەنوێ لە چوارچێوەيەکی تردا دايدەڕێژينەوە. **(بەرزنجی: ٢٠٢٠: ١٦٩)**.

کەواتە لەبەر ڕۆشنايی ئەو پێناسە و ڕاڤانەی، کە بۆ ئەم چەمکە کراوە، دەتوانين بڵێين، کە هيچ دەقێکی سەربەخۆ و پاک و بێگەرد بوونی نييە بەو واتايەی، کە خاڵی بێت لە وەرگرتنی دەقی ديکە، بەڵکو هەموو دەقێک تێکەڵە و ئاوێتەيەکە لە دەقەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، بەڵام بەشێوەيەکی داهێنەرانە، بە واتايەکی ديکە هەموو دەقێکی تازە لە دايک بوو بەرئەنجامی کارلێک و پەيوەندی، ياخود بەيەکداچوون و بەريەککەوتنی نێوان دەقەکانی پێشخۆی و سەردەمی خۆيەتی لە

ناوەڕۆک و فۆڕمێکی تازەدا، چونکە ئەگەر ئەم کارلێک و توانەوەیە نەبێت لە نێوان دەقەکاندا، ئەوە پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی نوێ و داهێنانی تازە کارێکی زەحمەتە.

دەقئاویزانی فۆلکلۆری وەک یەکێک لە جۆرە سەرەکییەکانی دەقئاویزان لە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەرجەم نەتەوەکانی جیهاندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، نووسەر و شاعیران کەمتازۆر بەشێوازی جۆراوجۆر سوودیان لە ژانرە ئەدەبییەکانی فۆلکلۆر وەرگرتووە بۆ چنینی دەقەکانیان، هەروەکو (گۆرکی) دەڵێت: ((بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆردایە-واتە لە ئەدەبی خەڵکی دایە، فۆلکۆر کەرەستەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران گەر بە باشی لە ڕابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین ئەبێ و ئەوسا زۆر بە وردی لە گرنگی فۆلکلۆر ئەگەین.)) **(ڕەسوڵ: ١٩٧٩: ٩)**، ئەمەش لەلایەک دەقەکانیان بێ واتادارتر و دەوڵەمەند و توکمە و جوان و چێژدارتر کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێک لەم سامانە دەوڵەمەندەیان لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگارکردووە.

(عەزیزی مەلای ڕەش) وەک ڕۆمانووسێکی دیاری گەلەکەمان و خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەند بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری فۆلکلۆری سوودێکی زۆری لە فۆلکلۆری نەتەوەیی وەرگرتووە و ئاوێزانی ڕۆمانەکانی کردووە، کە لەلایەک بۆتە سەرچاوە و ئیلهامێکی باش بۆ چنینی ڕۆمانەکانی لەلایەکی دیکەش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتیدا، کە بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا ڕەنگی داوەتەوە، پرۆسەی ئاوێزانبوونەکەش لە چوارچێوەی هونەرەکانی گێڕانەوەدا بەرجەستەکراوە وەک لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمان پێکردووە.

ڕۆماننووس زۆر بە شارەزایی و کارامەیی بە شێوازی جۆراوجۆر و لە شوێنی خۆیدا ژانرە فۆلکلۆری و بیر و باوەڕە کلتووری و کۆمەڵایەتییەمانی ئاوێزانی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکەی کردووە. ئەمەش وای کردووە ڕۆمانەکە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە پتەوتر و بەهێزتر بێت و چێژی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە پوختی و کورتبڕی هێناوەتە ئاراوە.

## تەوەرەی یەکەم/ پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان یەکێکە لە ژانرە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری، کە پێکهاتووە لە چەند ڕستەیەکی سادە و کورت و واتادار، کە بەرهەمی ئەزموون و دنیا دیدەیی پێشینانە و لە ئەنجامی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە و بووەتە سامانێکی دەوڵەمەندی گەلەکەمان ((پەندی پێشینان بریتیین لە چەند وتەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراو و مانایەکی بەرزیان تێدایە، لە زەمانێکی کۆنەوە کەوتونەتە زمانی کوردی، چۆنێتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕیان پیشان ئەدەن.)) **(سجادی: ١٩٥٢: ١٠٦)** مێژووی پەیدابوونی پەندی پێشینان پەیوەستە بە مێژووی سەرهەڵدانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە، کە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە تییادا زمان بە شێوەیەکی زۆر سادە و سەرەتایی بووە، پەندی پێشینان بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک و هەڵقوڵاوی ژیانی سادە و ساکاری کۆمەڵە، کە لە کاروکردەوە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە جا چاک بووبن یان خراپ، کە کەسانی دونیا دیدە و بەئەزموون وەکو ئامۆژگارییەک بۆیان جێهێشتووین، بۆ ئەوەی لە ژیاندا تووشی هەڵدێران و لادان نەبین. **(ڕەسوڵ: ١٩٧٩: ١٠٣)**، لەبەرئەوەی ((پەندی پێشینان بابەتێکی پەروەردەیی گەورەشی هەیە، گەل لە ڕێگای پەندی پێشینانەوە نەوەکانی خۆی یەک لە دوای یەک پەروەردە دەکا)) **(ڕەسووڵ: ٢٠٠٨: ٧)**، چونکە ((پەندی پێشینان زادەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی ڕۆژگاری دورو ودرێژی خەڵکە، وتەی کورتبڕ و پڕمانا و بەجێن، کە تەعبیر لە بار و گوزەرانی خەڵک دەکەنەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی... هتد)) **(ئەحمەد: ٢٠٠٨: ٨٩)** پەندی پێشینان لەناو کۆمەڵەدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و لەناو کۆڕ و دانیشتن و گفتوگۆی نێوان خەڵکدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، لەبەرئەوەی ((لە هەموو شتێک کاریگەرترە لە دڵی ڕۆڵەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا، چونکە لە دەروونی خۆیانەوە هەڵقوڵاوە و لەسەر پەڕەی دڵیان هەڵکەنراوە، لەبەرئەوە هەموو کەسێک بەلایەوە جوانە و لەکاتی قسەکردندا بۆ بەهێزکردنی قسەکەی ئەڵی وەک پەندی پێشینان دەڵێ)) **(خاڵ: ١٩٧١: ٤)**

قسە و گفتوگۆی نێوان خەڵک شیرین و کاریگەر و ڕون و ڕەوانتر دەبێت بەمەرجێک لە کات و شوێنی خۆیدا بەکاربهێنرێت. بە پێچەوانەوە ئەو تام و چێژ و کاریگەرییەی نابێت تەنانەت لەوانەیە تێگەیشتنیشی زەحمەت بێت. ((پەندی پێشینان وتەیەکی کورت یان نیمچەدرێژە، کە بە هۆیەکەوە

وترابێ و دەستنیشانکەر و ڕێنیشان دەربێ بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کۆمەڵ خاوەنییێتی و لە ژیانی کۆمەڵ ئەدوێ.)) **(شارەزووری: ٢٠١٠: ٩)** پەندی پێشینان بەناو هەموو کایە و باس و خواستەکانی ژیاندا شۆڕبۆتەوە و هەڵقولاوی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییە و لە زمانی ڕەش و ڕووت و چەوساوە و ڕەنجکێشی گەلەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە تەنانەت ((لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەشێوەیەکی گشتی پەندی پێشینان دوای ئایەت و قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر وەک بەندی دەستور و یاسا دەوری خۆی گێڕاوە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵکەکەو ڕابەری کردنیان بۆ ڕێی چاکە و لادانیان لە خراپە.)) **(شارەزا: ١٩٧٦: ١٠)** واتە لەناو کۆمەڵگەی نەخوێدەوار و بەتایبەت لەناو چینی ڕەش و ڕووت و چەوساوە و دەرباری کۆمەڵگە پەندی پێشینان وەک بەند و دەستور و یاسایەکی پیرۆز سەیرکراوە و لە کاتی کێشە و گیرۆگرفتەکانیان پشتیان پێ بەستووە و لە هەر بوار و هەڵوێستێکدا ڕاستەوخۆ پەندێکی پێشینانیان هێناوەتەوە کاریگەری خۆی هەبووە لە یەکلاکردنەوەی بابەتەکەدا، چونکە ((پشتبەستنە بە نزیکترین بەڵگە و نموونەی بەرهەمی خەڵک، کە خۆیان و باب و باپیرانیان بە جۆرێکی عەفەوی و لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ڕووداودا خۆڵقاندوویانە و کردوویانە بەیاسا و نەریتی ژیانی خۆیان)) **(س.پ: ١٤)** لە هەر بارودۆخ و هەڵوێستێکدا قسەکەر لە کاتی گفتوگۆدا بۆ جەختکردنەوە و پاڵپشتی لە قسەکانی و کاریگەری دانان لەسەر کەسی بەرامبەر پەندێک بە نموونە دەهێنێتەوە، چونکە ((پەندی پێشینان ڕستەگەلێکی کورتی ماناداری زانایانەیە، کە بەهۆی جوانییەوە لەناو خەڵکدا باوبوون و هەموویان بەکاری دەبەن و کەڵکیان لێ وەردەگرن و زۆربەشیان کێش و سەروادارن و قسەیان پێ دەڕازێتەوە.)) **(بۆرەکەیی: ٢٠٠٨: ١٩)**

پەندی پێشینان واتا و مەبەست و مەغزایەکی فراوانیان هەیە و لە چوارچێوەی چەند وشە و ڕستەیەکی کورت و پوختدا داڕێژراون و جۆرێک لە کێش و مۆسیقایان تێدایە، کە دەرهاویشتەی ناو بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان و ئەزموون و دنیا دیدەیی مرۆڤن، کە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێڕن لە پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکانی گفتوگۆی نێوان تاکەکان و بەلاداخستنیان ((ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو بیرۆکە فەلسەفیانەی، کە پەندەکان لە ناوەڕۆکی خۆیاندا هەڵیان گرتووە و ئەو سروشتە فەلسەفییەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە پەندەکان بۆ بارودۆخی تایبەت و لەباری

قسەکردن خۆیان بگونجێنن و قسەکەر بۆ پوختکردنەوە و کورتکردنەوەی گفتوگۆ پەنایان بۆ ببات.)) **(ئیبراهیم: ٢٠١٧: ٥٩٢)**

پەندی پێشینان وەک یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری لەناو ئەدەبی نووسراودا خۆی سەلماندووە نووسەر و شاعیران کەم تا زۆر سوودیان لێوەرگرتووە و ئاوێزان و تێکهەڵکێشی بەرهەمەکانیان کردووە و بنیادی دەقی ئەدەبییان پێ ڕازاوەتر و تۆکمەتر کردووە، ڕۆمانیش وەک ژانرێکی نوێی ئەدەبی مەیدانێکی فراوان و لەبار و گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە بەپێی سروشت و تایبەتمەندی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان دەتوانرێت گێڕانەوەی ڕۆمانی پێ دەوڵەمەندتر و چێژدارتر بکرێت، هەروەها چێژ و گەرم و گوڕییەکی زیاتریش بەخوێنەر ببەخشێت.

(عەزیزی مەلای ڕەش) وەک ڕۆماننووسێکی بەتوانا و خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەند بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆمانی (کێخواسێوێ)دا چەندین پەندی پێشینانی ئاوێزانی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە.

زۆربەی هەرە زۆری پەندەکانیش وەک خۆی و بەبێ دەستکاری بەپێی یاسای جوینەوە بەکارهاتوون و واتایان ڕوون و ئاشکرایە، هەموو کەس لێیان تێدەگات، ئەگەر لە هەندێ شوێن کەم تا زۆر لە ڕووی دارشتنەوە دەستکارییەکی کەمی چەند پەندێک کرابێت، ئەگەرنا زۆربەیان وەک خۆیان بەکارهاتوون.

ڕۆمانووس لە گێڕانەوەی یەکێک لە دیمەنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا باسی بەسەرهاتی ڕاوکردنەکەی (مام ئۆمەر) و (ئەحمەدە لۆقدرێژ)مان بۆ دەکات، کە دوو هاوڕێ و برای گیانی بە گیانی یەکترن کاتێک دەچن بۆ ڕاوکردن، بەڵام لەو کاتەی (مام ئۆمەر) لە ناو سیپەکەدا خەوی لێ دەکەوێت (لۆقدرێژ) تەماع لە تفەنگەکەی دەکات و لە خەودا دەیتاتە بەر خەنجەران و هەوڵی کوشتنی دەدات، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ کردووە، ژیانی لەسەر ئەوبووە بەهەموو شێوەیەک یارمەتی داوە و دەستی گرتووە کەچی خیانەتی لێدەکات، گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە لەسەر زاری (مام ئۆمەر) ئەم خیانەت و بێ وەفایی و نمەک حەرامییەی (لۆقدرێژ)مان بۆ دەگێڕێتەوە، لەبەرجەستەکردنی وەسفەکەشدا چەندین پەندی پێشینانی ئاوێزانی گێڕانەوەکە کردووە.

((بەینێک کڕبوو: بۆق پێت وەبدات نەوعی مار نییە، ئەوەی من پێم دەکرد خێر لێم بوو بە گورگ و شێر، تا ئێستا بەرماڵی لەسەرئاو دەگەڕا، دیارە خلوەش دەکێشێت و بەنگیش دەکێشێت.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: من تەنیا ئەوم لە عەشیرەتەکەی خۆی هەڵاوێردبوو، دەمگوت بە بیادەمان دەچێت، نەمدەزانی دوو بست لە ڕەگەزی خۆی دانەبڕاوە، ڕاستیان گوتووە: ئاقیبەتی گورگ هەر گورگە. (لۆقدرێژ) کە ئەمەی کرد لەبەر دغدغەدانی عەشیرەتەکەی نەبوو، کە هەموو ڕۆژ داویان لێدەکرد، بەڵکو تەماعی تفەنگەکەی بوو، ئەگەر داوای تفەنگەکەی لێ بکردایە بێگومان ئۆمەر دڵی نەدەشکاند و بەڕێزەوە پێشکەشی دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕەچەڵەکەوە فرچکی بەخوێن ڕژتن گرتبوو مرووەدەی بوو بوو ئەم ڕێگایەی پێ ڕەواتر بوو، خووێک گرتی بە شیری بەری نادات بە پیری.)) **(کێخوا سیوێ: ٢٠١٩: ٢٣-٢٤)**، لێرەدا نووسەر چەند پەندێکی تێکەڵ بە گێڕانەوەکە کردووە، وەک (بۆق پێتەوە بدات نەوعی مار نییە) واتا کاتێک کەسێکی نزیک وەک خزم و دۆست و برادەر خیانەتت لێ بکات زۆر خراپ و ناخۆشتر و کاریگەرترە لەوەی کەوا بێگانەیەک یان دوژمنێک خیانەتت لێ بکات، یان کە دەڵێت: (خوویەک گرتی بە شیری بەری نادات بە پیری) واتا، کەسێک کە لە منداڵییەوە خووی بە ڕەفتار و کردەوەیەکی دیاریکراو گرت زۆر زەحمەتە بە گەورەیی وازی لێ بهێنێت، کە پەندەکە وەک خۆی و بەبێ دەستکاری بەکارهاتووە، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((لۆمەی عەبدی لە عەزابی قەبر گرانترە))**(کێخوا سیوێ: ٢٠١٩: ٤١)**، لێرەدا پەندەکە بە هەمان واتا و مەبەستی بنەڕەتی خۆی بەبێ دەستکاری بەکارهاتووە، کە واتای ئەوە دەدات مرۆڤ هەرگیز ڕێگە بەوە نادات، کە چاو شۆڕی مرۆڤەکان بێت، ئەگەرچی لەو پێناوەدا دووچاری گوناهیش ببێتەوە و لە دواڕۆژ و لەو دنیا خوای گەورە لە بەرامبەر ئەو گوناهەدا سزای بدات، خۆشترە لەوەی هەموو ڕۆژێک خەڵکێکی هەلپەرست و بێهەڵوێست سزای دەروونیت بدات.

لە دیمەنێکی دیکەشدا پاش ئەوەی (مام ئۆمەر) دوای ئەو هەموو شەڕ و دوژمنکارییە زەوییەکان دەکاتە ماڵ و لەسەرخۆیان تاپۆ دەکات، بەهۆی بێبارانی و نەهامەتییەوە گوندەکەیان بەجێدەهێڵن سەرەڕای ئەو هەموو موڵک و ماڵ و دەوڵەمەندییە پەڕاگەندە و دەربەدەر دەبن و بەدوای ڕەنجبەری و سەپانیدا دەگەڕێن و ڕوو لە گوندی (چەغەمیرە) دەکەن لە پەنا مزگەوتەکە خەمبار و بێتاقەت لە چاوەڕوانی ئەوەدان کەسێک لایان لێ بکاتەوە و بە ڕەنجبەر بیانگرێت، نووسەر

بەهێنانەوەی چەند پەندێک ئەم بارودۆخەی (سێوەسۆر) و (مام ئۆمەر)مان لەسەر زاری خۆیان بۆ دەگێڕێتەوە.

((لەگەڵ هەناسە هەڵکێشان: ئێ...ی .. ی پیرە دنیا وەفات بۆ کەس نییە (بڵندان نەوی دەکەیت، نەوییان بڵند دەکەیت). ڕاستە دەڵێن: ماڵ چڵکی دەستە و دێت و دەڕوات، بەڵام بۆ هەندەکەس بەسانایی دێتەوە دەست، بۆ هەندێکیش بەبەردەقانێ، لە شەوەزەنگا توور هەڵدراوە، شەو و ڕۆژ بەدوایا ماندو و شەقین نایدۆزنەوە. مام ئۆمەریش لێی وەرگرتەوە و گوتی: زۆر ڕاستە حورمێ، لەلایەکی دیکە عەبایە بکەوێتە سەرشانی هەرکەسێک دەیکاتە پیاو، کە هاتە خوارەوەش دەماودەم دەییەخێت.

ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: لای خۆم پیاوێکی ناوداری قەراج و خاوەن قۆناغ و نیمچە دێیەک بووم، ئێستا وا لە پەنا مزگەوتی (چەغەمیرە) کەوتوومە و کەس گووی بە کڵاوم ناپێوێت.

پیاو کە گلۆرەی کەوتەلێژی کەس خاسی پێنابێژی.))**(کێخوا سێوێ: ٥٤)**، لێرەدا کە دەڵێت: ((لای خۆم پیاوێکی ناوداری قەراج و خاوەن قۆناغ و نیمچە دێیەک بووم، ئێستا وا لە پەنا مزگەوتی چەغەمیرە کەوتوومە و کەس گووی بە کڵاوم ناپێوێت.)) لە چوارچێوەی بەکارهێنانی یاسای هەڵمژین بەکارهاتووە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەندەی کە دەڵێت: (بەرد لە جێی خۆی بەسەنگە) واتە کاتێک مرۆڤ لە شوێن و مەوتەنی خۆی نامێنێت، ئەو پێگە و مەقام و هەیبەتەی جارانی نامێنێت و کەس حسابی بۆ ناکات، یان ئەو پەندەی کە دەڵێت: (پیاو کە گلۆڵەی کەوتەلێژی، کەس خاسی پێ نابێژی)، واتا کاتێک مرۆڤ تووشی شکستی و بارودۆخێکی خراپ و ناهەموار دەبێتەوە و بەرەبەرە شتەکان لەدەست دەدات، کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و پشتیوانی لێناکات، ئەم پەندەش وەک خۆی و بەبێ دەستکاری بەکارهاتووە و واتاکەی بۆ خوێنەر ڕوون و ئاشکرایە.

لەم سۆنگەیەوە ڕۆماننووس دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بەدرێژایی ڕۆژگار لە یەک بارودۆخ و ئاستدا نامێنێتەوە، بەڵکو لە هەر کاتێکدا ئەگەری ئەوەی هەیە بە جۆرێکی دیکە بگۆڕێت.

لە شوێنێکی دیکەدا گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە چەند پەندێکی پێشینان ئاوێزانی مەنەلۆگێکی (سێوەسۆر) دەکات، کە تیایدا سەرکۆنەی خۆی دەکات و ڕەخنە لەخۆی دەگرێت بەهۆی ئەوەی، کە

کاتی خۆی جوان و گەنج بووە گەنجێکی زۆر داواکاری بوونە، بەڵام ئەو پێیان ڕازی نەبووە و دڵی ڕەنجاندوون. ((پڕ بەسیپەلکەکانی هەناسەیەکی هەڵکێشا. لەم ژیانەی خۆی بێزار بوو. ما سەرکۆنەی خۆی بکات: لێگەڕێ با ئاوام لێ بێت. بەخوای چابوو کەسێک، کە بەقەدەر بەرەی خۆی پێڕانەکێشێت و بە بڵنداندا بڕوانێ ئاوا وەک من بە نەوییاندا دەکەوێت. بەلاشیان نەگوتووە: هەرکەس بەبەرزیدا بفڕێت پیادا دەتڕێت. دڵی ئەو هەموو گەنجانەم بەبێ سوود ڕەنجاند.)) **(کێخوا سێوێ: ٩١)** واتە کەسێک خۆی بە گەورە بزانێ و لاف بەسەر خەڵکدا لێ بدات و خۆی لە خەڵکیتر بە باڵاتر بزانێ و زیاد لە سنووری خۆی تێپەڕێنێت هەرگیز بە ئاواتی خۆی ناگات و ڕۆژێک دادێت پەشیمان دەبێتەوە، لێرەدا پەندەکە بەدەستکارییەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: ((ئەوەی بە بەرزیدا بفڕێت پیادە دەتڕێت.)) کە شێوازی پەندەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە، (ئەوەی بەرز بفڕێت، نزم دەنیشێتەوە.) کە بەهەمان واتا بەکارهێنراوە.

نووسەری ڕۆمانەکە لە دیمەنێکی دیکەدا کۆمەڵێک پەند تێکەڵی گفتوگۆیەکی نێوان (مام ئۆمەر) و (سێوەسۆر) دەکات، کاتێک شەرتی سەپانییەکەیان لەگەڵ (حاجی چڕدۆ) تەواو دەبێت و بەشەکەی خۆیان وەردەگرن و ڕزگاریان دەبێت لەدەستی. ((سێوەسۆر: ئۆخەی خۆ دەستمان بەیەکجاری لەبن سەری ئەو سوڕگومە دەرهات و کەلەکەمان کەوتە عاردی.!.

مام ئۆمەر: ئەوەی ڕاستی بێت ئافرەت تۆ بەجەربەزەیی و چاوقایمی خۆتەوە ئەو نانەت لە گەرووی ئەژدیها دەرهێنا.

سێوەسۆر: ژیان هەوڵدانە. تاڕەنج نەکێشیت گەنج نانۆشیت.

مام ئۆمەر: ڕاستە.

سێوەسۆر: من لە نێوچەوانی عەیشە بەکاری دەزانم. بۆ هەر زاڵمێک زەواڵێک هەیە.)) **(کێخوا سێوێ: ١٢٤-١٢٥)** لێرەدا ڕۆماننووس دوو پەندی ئاوێزانی گێڕانەوەکە کردووە وەک (تاڕەنج نەکێشیت گەنج نانۆشیت.)واتە هیچ شتێک بە بێ هەوڵ و ماندووبون بەدەست ناهێنرێت یان (هەر زاڵمێک زەواڵێکی هەیە) واتە هەر کەسێک ستەم و زۆرداری بکات و خەڵکی بچەوسێنێتەوە ئەوا خوای گەورە زەواڵێکی بۆ دەنێرێت و دەکەوێتە ژێر دەستی ئەو، لە نموونەی حاجی چڕدۆ و عایشەبەکار، کە هەریەک لە پەندەکان وەک خۆی و بەبێ دەستکاری بەهەمان واتا بەکارهێنراون.

هەروەها ڕۆماننوس لە دیمەنێکی دیکەدا پەندێک لەسەر زاری سێوەسۆر دەهێنێتەوە، کە وەڵامی حاجی چرڕۆی پێ دەداتەوە، لەو کاتەی دەیەوێت لە سەپانییەکە بێ بەشییان بکات، کە دەڵێت: ((دەبوایە پێش تایێ بەرێ بەخۆت دابدەیت)) **(کێخوا سێوێ: ٢٠١٩: ١٠٠)**، لێرەدا ئەم پەندە بە پێی یاسای هەڵمژین بەهەمان واتا و مەبەست دەستکاری کراوە و پێکهاتەکەی گۆڕاوە، کە شێوازی پەندەکە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە (لەپاش بارانان کەپەن)، ئەمەش بەو واتایەدێت، کە هەموو شتێک ئەگەر لە کات و وەختی خۆیدا نەکرێت، هیچ سوودێکی نییە دوای ئەوەی، کە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە و لە دەست دەرچووە.

بەم شێوەیە ڕۆماننوس لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا پەندێکی زۆری لە چوارچێوەی ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا ئاوێزانی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە.

**تەوەرەی دووەم/ ئیدیۆم:**

ئیدیۆم دانەیەکی ئامادەکراوی زمانە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە گفتوگۆ و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و هەست و دەروونی گوێگر، لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، کە بەواتای (property) واتە خاوەنێتی، یان تایبەتمەندی دێت، دواتر گواستراوەتەوە بۆ نێو زمانی لاتینی و لە لاتینیشەوە هاتووەتە ناو زمانی فەڕەنسی و لە سەدەی شازدەدا گواستراوەتەوە ناو زمانی ئینگلیزی و واتاکەشی بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە، کە (کۆمەڵە وشەیەکە لە ڕێکخستنی جێگیردا، کە مانایەکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لە ماناکانی وشەکان، کە هەریەکە بە جیا هەیانە) **(Oxford Advanced: 2005: 770)**، لە زمانی عەرەبیشدا بە (كناية) هاتووە، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لەوەی، کە مرۆڤ پێی دەردەبڕێت و مەبەستی پێ لە غەیری شتێکیترە، کە باسی لێوەدەکات چاوگەکەش (كنيت) یاخود (كنون بكذا)ە واتە شاردنەوەی وتنی بە ڕاشکاوانە. **(الهاشمی: ٢٠١٠: ٣٠٩-٣١٠)**.

زمانەوانان و شارەزایانی زمانی کوردیش وشەی (درکە)یان بەرامبەر بە (ئیدیۆم) داناوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف) لە کتێبی (وشەی زمانی کوردی)دا لە بەشی فریزۆلۆجیدا ئیدیۆمی بە فریزی گیراو داناوە ((کاتێ لەیەکگرتنی هەنێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێ ئەوە بەو جۆرە فریزانە دەڵێن فریزۆلۆجی)) **(١٩٧٢: ٥٦)** بەم پێیە بێت ئیدیۆم تایبەتە و واتاکەشی لە کۆی وشە

پێکهێنەرەکانەوە بەیەکەوە دروستدەبێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ((کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکیتر ببەی، کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەمانا باسکراوەکەوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆکراوەکە بچێ)) **(فەخری: ١٩٧٦: ٩٤)**

قسە و ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕۆژانەی مرۆڤ پڕن لە ئیدیۆم و تام و چێژێکی تایبەت دەبەخشن بە گفتوگۆکان کاریگەری زۆرتر لەسەر گوێگر دروست دەکەن، بەهۆی ئەو سروشتە ڕەوانبێژییەی، کە هەیەتی، چونکە ((جوانی و ڕەوانبێژی ئیدیۆم لەوەدایە، کە وێنەیەکی وا بۆ مەبەست و ماناکەی دەکێشێت، کە بەتەواوی و ئاشکرا هەستی پێ بکەین و دەرون بهەژێنێت.)) **(علی: ١٩٨٢: ١٧)**، یان ((بریتییە لە کۆمەڵێک وشە و ڕیزکردن و لێکدانی ئەو کۆمەڵە وشەیە، دەستوری ڕێزمانی بەسەردا دەچەسپێنرێت و ئەو مانایەی، کە کۆمەڵە وشەکە دەیدات لە تاکە وشەیەکی ئەو کۆمەڵە وشەیەدا ڕەچاو ناکرێت.)) **(وەیس: ١٩٨٢: ٦٤)**

(د. محەمەد مەعروف فەتاح)یش دەڵێت: ((ئیدیۆم بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسایی دوو وشە، یان زیاتر پێکیدێنن، ئەو واتاییەی، کە دێتە کایەوە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە، لەواتای کەرتەکانەوە، یان لە پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانەوە پێش بینی ناکرێت.)) **(فەتاح: ٢٠١٠: ١٦٧)**، بە واتایەکی دیکە ((ئیدیۆم بریتییە لە یەکەیەکی زمانی لە دوو وشە، یان زیاتر پێکدێت و واتایەکی تایبەت لەخۆدەگرێت جیاواز لە کەرەسە پێکهاتووەکانی ناو ئیدیەمەکە.)) **(عوسمان: ٢٠٠٩: ١١٣)**، کەواتە واتای ئیدیۆمی مەبەست لە واتا ڕوون و ئاشکراکە نییە، کە هەر یەک لە دانە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکە هەیانە، بەڵکو لە کۆی واتای بەشە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆمەکەوە دێت، وەک یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ، کە واتایەکی شاراوەیە و هەموو کەس هەستی پێناکات، یان ((بریتییە لەو دەربڕینانەی، کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بەڵام لە ژێرەوە زڕدانەی واتاسازین و لەسەری ڕێککەوتوون و خۆیان لە زماندا چەسپاندووە.)) **(مامەعەلی: ١٩٩٨: ٣٨)** لێرەدا واتای ژێرەوە و دەوروبەری دەربڕینەکە مەبەستە نەک واتا ڕێزمانییەکە لەبەرئەوەی ((کینایە.. دەربڕینێکە دوو واتای هەیە، یەکێکیان دروست و یەکێکیان درکاوە، مەبەست واتا درکاوەکەیە، نەک واتا دروستەکە.)) **(عەبدوڵلا: ٢٠١٤: ٣٢٥)**

ئیدیۆم بەهۆی ئەو کورتبڕی و پوختی و سروشتە ڕەوانبێژییەی، کە هەیەتی وای کردووە زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت لە ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕۆژانەی نێوان خەڵک و ژانرە ئەدەبییەکاندا،

چونکە ((ئیدیۆم ئاوێنەی کلتوور و ڕۆشنبیری میللەتانە و دیاردەیەکە لە زمانی ئاخاوتندایە و لای هەموو ئاخێوەرانی زمانی دایکێک ئامادەیی هەیە، واتە مۆری کۆمەڵی پێوەیە و مانەوە و لەناوچوونی بەندە بە بڕیاری کۆمەڵەوە)) **(عومەر: ٢٠٠٩: ٦٧)** پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەربڕینانەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە جوانترین و وردترین هۆکاری ڕەوانبێژییە و زۆر لەوە بەهێزتر و کاریگەرترە، کە ڕاستەوخۆ شتێک ئاشکرا بکرێت و دەری ببڕێت، یان بتەوێت ڕاوبیرو بۆچوونی خۆت بەشێوەیەکی شاراوە و پۆشراو بگەیەنێتە بەرامبەرەکەت و ڕاستە و ڕاست ئەو شتەی پێنەڵێیت. **(ئەحمەدی: ١٣٨٦: ٤)** بەواتایەکی دیکە ئیدیۆمەکان کەرەستەی پێشوەخت ئامادەکراوی زمانن هزر و دنیابینی حازریان پێیە، دەبنە بەڵگە نەویست لە دەستی قسەکەردا و ئاڕاستە و ڕەوتی ئاخاوتن و گفتوگۆکان هەموار دەکەن و کەلێن و بۆشاییەکان پڕ دەکەنەوە و وەک تونێلێک ڕێگای دوور و درێژی ئاخاوتن کورت دەکەنەوە. **(غەفوور: ٢٠١٨: ٢١٢)**

لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و گۆڕانی کاروپیشەی خەڵک و پەیدابوون و داهێنانی ئامراز و کەل و پەل و تەکنۆلۆژیای تازە و خوێندەوار بوون و ڕۆشنبیری مرۆڤ و ... هتد ئیدیۆمی هەمەچەشن و تازەش دروستدەبن بۆ نموونە ئیدۆمی (کۆمپیوتەرە)، کە بەواتای زیرەکی و وریایی دێت، لەگەڵ لە دایکبوونی ئەم تەکنەلۆژیایە لە دایک دەبێت، چونکە ((ئیدۆم ئاوێنەی واقعی ژیانی خەڵکە، لە هەریەکێک لە سەردەم و قۆناغەکانی خۆیدا.)) **(ئەحمەد: ٢٠٠٤: ٢٩)** لەهەمانکاتدا لەگەڵ دەربازبوون لە قۆناغێکەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیکەی ژیان دەکرێت هەندێک لە ئیدیۆمەکان لەناوبچن و باویان نەمێنێت و خەڵکی بەکاریان نەهێنێ، بەڵام بەردەوام ئیدیۆمی تازە لەدایک دەبن و ئەو ئیدیۆمانەی، کە زۆر بەهێز و سەرنج ڕاکێشن مانەوەی خۆیان دەسەلمێنن، هەروەها هەر ژینگە و ئیدیۆمی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە هەر ژینگە و ئاستێکی تایبەت بەخۆی لە زمان و کلتور و بیروباوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەیە، کە ((بەدرێژایی مێژووی میللەت و زمان، هەریەکە لە جێیەک و دەم و کاتێکدا، بەرەبەرە بەپێی پێویست و پێشکەوتنی زمان و ژیان دروست بوون و دەبن.)) **(فەخری: ١٩٧٦: ١٩)** هەروەها بەگوێرەی جیاوازی چینەکانی کۆمەڵ دەبینین، کە جۆر و ناوەڕۆکی ئیدیۆمەکانیش جیاوازن، ئیدیۆمێک، کە لە هەناوی چینی دەرەبەگ و دەوڵەمەند و دەسەڵاتداریان چینی ڕەنجبەر و زەحمەتکێش لە جووتیار و پاڵەوان و

سەپان و شوان و گاوان و باخەوان، ... هتد سەری هەڵدابێت، ئەوا بەهەوێنی ئەو ئایدۆلۆژیایەش مەیوە و تیایدا ڕەنگی داوەتەوە تەنانەت هەندێ لە ئیدیۆمەکان تایبەتمەندی ڕەگەزێکی دیاریکراویان پێوەدیارە بۆ نموونە ئیدیۆمی (جەرگت نەسوتێ) ئیدیۆمێکی ژنانەیە و زیاتر ناسکی و هەست و سۆز و سەلامەتی پێوەدیارە.

کەواتە بەپێی پێناسە و لێکدانەوەی زمانەوانان بێت ئیدیۆم بەو چەمک و دەربڕینە ئامادەییانەی زمان دەگوترێت، کە بە شێوازێکی زمانەوانی تایبەت داڕێژراون و دوو واتایان هەیە، واتایەکی وشەیی و واتایەکی زاراوەیی، کە لە بەسەرهاتێکەوە سەرچاوەی گرتووە و مانای ژێرەوە و دەوروبەری دەربڕینەکەیە، بەکۆی دەستەواژەکە و ئەو بارودۆخەی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە دەکرێ مانایەکە بەدەستەوە بدات، کە هەر ئەم مانایەش مەبەستە. دەکرێ بڵێین ئیدیۆم ئاستێکی بالای زمانە، چونکە هەموو کەسێک، یان گوێگرێک ناتوانێت تێیان بگات و هەندێکیان پێویستییان بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن هەیە، بەڵام هەندێکی تریان ڕوون و ئاشکران و گوێگر دەتوانێ بەئاسانی تێیان بگات، بەمەرجێک مێژوویەکی لەگەڵ زمانەکەدا هەبێت، ئەمەش (بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر وشە و دەستەواژەیەک، یان زاراوە و دەربڕینێکی کوردی لەبنەڕەتدا بەسەرهات و ڕووداو و چیرۆکی تایبەتی لە پشتە دواتر وەکو ئیدیۆم بڵاوبۆتەوە و کەوتۆتە سەر زاران.) **(ئەحمەد: ٢٠١٢: ٩)**

مەزراندن و وەرگەرخستنی ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری لەناو ژانرەکانی ئەدەبی نووسراودا، لەلایەک دەقەکەی پێ تۆکمەتر دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە مەودا و کاتی گێڕانەوە و گفتوگۆکان کەم دەکاتەوە و کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر هەست و دەروونی خوێنەر دادەنێت و چێژێکی زۆرتری پێ دەبەخشێت، چونکە ئیدیۆم سروشتێکی ڕەوانبێژییانەی هەیە، هەم کورتبڕی و جوانکاری هەم تام و چێژێکی تایبەت بە ئاخاوتن دەبەخشێت.

نووسەر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ئیدیۆمێکی یەکجار زۆری ئاوێزانی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە، کە بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری پشکی شێری بەردەکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی نووسەر، کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: لەبەر زیندووکردنەوەی ئیدیۆم و وشەی ڕەسەنی کوردی ڕۆمانەکەم بەم

شێوەیە دارشتووە، لە هەمانکاتدا سەرچاوەی ڕۆشنبیری نووسەر خۆیشی ڕۆڵی خۆی هەبووە، کە دەوڵەمەندە بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری فۆلکلۆری.

ڕۆماننوس لە دەستپێکی ڕۆمانەکەیدا (مام ئۆمەر)مان پێ دەناسێنێت، کە یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە بۆ ئەمەش چەند ئیدیۆمێکی تێکەڵ بەگێڕانەوەی ناو وەسفەکە کردووە ((مام ئۆمەر زەلامێکی تۆزێک کورتەبالا و مەچەک ئەستوور و بەناوشان و سنگ پان کاتی جاحێڵ بوو زۆر بەتاقەت بوو. نیو عەڵبە گەنمی بەتەنێ دەخستە سەر پشتی وڵاخ. لە زۆرانێ و دەست گەمەدا کەم کەس دەوێرا مل لەبەر ملی نێت. سمێڵی ساڵ دوازدە مانگ لە خەنە دەگرت. لە دووررا سوور دەچۆوە. لە هەورازی ڕێگاکەدا مشەمش و هانکە هانکی پێکەوتبوو، شنگی لەبەر بڕابوو، چۆکی شل بوو بوو، سەری دەرۆیی قوونی لەدوو نەدەهات، ئەوکات هەستی کرد تەمەن پشتی لێسەندووە و بەرە و لێژایی ژیان دەڕوا و ناگەڕێتەوە، بە هەناسە ساردی منگەیەکی لێوەهات: ((پیری و هەزار عەیب)) ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: بریا مردن هەبوایە پیربوون نەبوایە.)) **(کێخوا سیوێ: ٢٠١٩: ٥)**
نووسەر بەهۆی چەند ئیدیۆمێکەوە وەسفی مام ئۆمەرمان بۆ دەکات لە سەردەمی گەنجی و پیریدا بۆ نموونە: ئیدیۆمی (نیو عەڵبە گەنمی بەتەنێ دەخستە سەر پشتی وڵاخ) واتە لە سەردەمی گەنجیدا کەسێکی بەهێز و بە توانا و بە تاقەت بووە، بەڵام کاتێک بەرەو پیری دەچێت ئەو هێز و توانایەی جارانی نامێنێ و ئاخ بۆ سەردەمی گەنجییەتی هەڵدەکێشێت و دەڵێت: (پیری و هەزار عەیب، بریا مردن هەبوایە پیر بوون نەبوایە.) واتا مرۆڤ کاتێک بەساڵدا دەچێت و پیر دەبێت ژیان و هێز و وزە و جووڵەی جارانی نامێنێ و تووشی جۆرەها دەرد و نەخۆشی دەبێت و خۆزگە بە مردن دەخوازێت، کە ئەمە لایەنێکی هەزلی و کۆمیدیشی تێدایە و زۆرجار بۆ پێکەنین و خۆشی، کاتێک کەسانێکی بەتەمەن و پیر لەهەورازی ڕێگادا یەکییان دەکەوێت و توانای ڕۆیشتنیان نامێنێت و هەناسەیان سوار دەبێت پێیان دەڵێن: (بەخوای دووت لە کەندێ دان، یان داتەوە کەندێ)، لێرەدا دەستەواژە و ئیدیۆمەکان بەهەمات پێکهاتە و واتای خۆیان بەکارهێنراون.

هەروەها کاتێک مام ئۆمەر لە تۆڵەی کوشتنی کوڕەکانی چەند کەسێک لە دوژمنەکانی دەکوژێت و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە مەنەلۆگێکی مام ئۆمەرمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە تیایدا هەستی خۆی لە بەرامبەر تۆڵەکردنەوەکەدا دەردەبڕێت و دەڵێت: ((- ڕۆڵە شەهیدەکانم چاک دەزانم

ئەوانە بەبەرخوێنی ئێوە ناکەون، ئەوانە بنیادەم نین، سەکسارن، قەومی لوتن، فاسقی خەمسەن، کوشتنیان واجبە.

- مست لە درێشە دەگەڕێتەوە، تا ترسیان نەگەیشتبۆیێ لە ڕەشادەتی خۆیان واتەنی: ڕۆستەمی مازەندەران بوون، زەلام خۆر و سەرهەڵقەن بوون، کەچی ئێستا واتۆزێک ترسیان بینی بوونە کۆمەڵێ قشپل: هەریەکەیان بەلایەکدا گەنم گرد و جۆ بڵاویان لێکرد.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەگەرچی دوو کونتان لە جەرگی من کردووە، بە مردن نەبێت پڕنابێتەوە، بەڵام چەندی دەکەم ویژدانم ڕێم پێنادات وەک ئێوە گورگ و بنیادەم خۆرنیم. ئەمەی گوت و جێی هێشت بەدەم ڕێوە:

- کافرکوشتن، غەزایە، بەڵام بێ مروەتیش باش نییە.)) **(کێخواسێوێ: ٣٥-٣٦)** لێرەدا دەبینین کۆمەڵێک ئیدیۆم و وشە و دەستەواژەی ناوچەیی ئاوێزانی گێڕانەوەی مەنەلۆگەکە کراون. وەک (بنیادەم نین، سەکسارن، قەومی لوتن، فاسقی خەمسەن، گورگ و بنیادەمخۆرن.)، کە ئاماژەن بۆ دڕندەیی و بێویژدانی و خوێنڕێژی، کە ڕۆماننوس بەشێوەیەکی جوان و سەرەنجڕاکێش لەسەر زاری مام ئۆمەرەوە وەسفی دار و دەستە و پیاوەکانی شێخ گومەری پێکردوون هەروەها ئیدیۆمی (دوو کونتان لە جەرگی من کردووە.) بە واتای لە دەستدانی کەسانی خۆشەویست و نزیک دێت بە تایبەتی کوڕ و کچ.

کاتێکیش مام ئۆمەر زەوییەکانی لەسەر خۆی تاپۆ دەکات لە خۆشییان ڕوو دەکاتە سێوەسۆر و دەڵێت: ((ئافرەت دڵمان کەوتە عاردی، قسەی خۆمان بردە سەر تازە چ لە گۆڕی نەما ئەگەر لەمەودوا دەریشمان پەڕێنن هەر ئێمە سەرکەوتووین)) **(کێخوا سێوێ: ١١٨)**، لێرەشدا ڕۆماننوس ئیدیۆمی (دڵمان کەوتە عاردی) تێکەڵی گفتوگۆی نێوان مام ئۆمەر و سێوەسۆر کردووە، کە بە واتای ڕزگاربوون لە ناخۆشی و ڕاڕایی و قەلەقی دێت، یان ئاسودەبوون و بێخەمبوون لەبارەی شتێک.

گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە لە دیمەنێکی دیکەدا بە ئاوێزان کردنی چەند دەستەواژە و ئیدیۆمێک وەسفی ڕەزیلی حاجی چڕدۆمان بۆ دەکات و دەڵێت: ((حاجی نەک هەر بەخۆی، منداڵەکانیشی ورد و درشت قرچۆک و بەرچاو تەنگ بوون، نۆکیان بە نۆ نان دەخوارد، رقکیان لە دان دەبۆوە نانی پێدەخورا.)) **(کێخوا سێوێ: ٦٥)**، هەریەک لە ئیدیۆمەکانی (قرچۆک، بەرچاوتەنگ، نۆکیان بە نۆ نان

دەخوارد، رقكیان لە دان دەبۆوە نانی پێدەخورا) واتای ڕەزیلی و چاوچنۆكی دەگەیەنن و بە كەسێك دەگوترێت پیسكە بێت و دڵی نەیەت ماڵ و سامانی خۆی بخوات. هەروەها كاتێك مام ئۆمەر داوای هاوكاری لە كێخوا وەسمان دەكات لە وەڵامدا دەڵێت: ((خۆ شێت نەبوومە بەلاش و حەلاش خۆم لەم گێلەوەژەی ئێوە هەڵدەسوم.))، كە لە بنەڕەتدا ئەم دەستەواژەیە لە ئیدیۆمی (سەرم نایەشێ سێتای لێ باڵێنم) وەرگیراوە و لەچوارچێوەی یاسای هەڵمژیندا بەهەمان واتا داڕێژراوەتەوە.

بەم شێوەیە ڕۆماننوس هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی بەشێوەیەكی فراوان ئیدیۆم و وشە و دەستەواژەی ناوچەیی ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە كردووە.

**تەوەرەی سێیەم/ ئەفسانە:**

ئەفسانە ژانرێكی گرنگ و سەرەكییە لە ئەدەبی فۆلكلۆری گەلاندا. مێژووی پەیدابوونیشی هاوتایە لەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤایەتی ((چونكە بەرهەمی ئەو كاتەیە، كە ئادەمیزاد دەستە وەستان و بێ دەسەلات ڕووبەڕووی سروشت دەوەستا و هیچ ڕووداوێكی سروشتی بەڕێكی بۆ لێك نەدەدرایەوە و تێی نەدەگەیشت و دەسەلاتیشی بەسەردانەبوو.))**(ڕەسوڵ: ١٩٧٩: ١٤-١٥)** مرۆڤی سەرەتا لە بەرامبەر ڕووداو و دیاردە سروشتییەكانی دەوروبەری جۆش داماوە و نەیتوانیوە لێكدانەوەیەكی زانستییانەیان بۆ بكات چونكە هیچ سەرچاوە و بنەمایەكی زانستی لە پێش خۆیدا نەبووە، كە پشتی بێ ببەستێت، بۆیە لە ڕێگەی خەیاڵەوە هەوڵیداوە ڕووداو و دیاردەكانی ژیانی سەرەتایی لێكبداتەوە و تاڕادەیەك باوەڕ بەخۆیان بێنن، كە كارەسات و ڕووداوەكانی سروشتی بەم شێوەیەن، بۆیە دەكرێت بڵێین، كە ((ئەفسانەكان چارەسەری خەیاڵین بۆ كێشە ڕاستەقینەكان.))**(الدباغ: ١٩٨٦: ٩٩)**، چونكە كاتێك مرۆڤەكان ڕووبەڕوی كارەسات و دیاردە سروشتییەكانی گەردوون بوونەتەوە تووشی ترس و دڵەڕاوكێ و سەرسوڕمانی زۆر بوونەتەوە و ناچار پەنایان بۆ خەیاڵ بردووە و لەم ڕێگەیەوە لێكدانەوەیان بۆ دیاردەكانی دەوروبەر كردووە و پێیان وابووە هەموو دیاردەكانی ژیان خواوەندی تایبەت بەخۆیان هەیە بەپێی هزر و زانیاری خۆیان چیرۆكێكیان بۆ دروستكردووە بەشێوەیەك، كە واقیع و خەیاڵ تێیدا تێكەڵ بەیەك كراوە و داویانەتە پاڵ خواوەندەكان وەك خوای شەڕ و ئاشتی و جوانی و ....هتد. لەبەرئەوە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ ((ترس و نەزانین و پێویستی، هەرسێكییان پێكەوە هۆیەك بوون بۆ

بیرکردنەوە و بەکارهێنانی هزر و گەڕان بە جەستە و فیکر، ئەمەش بۆخۆی سەرەتای هزر و زانستێک بوو، کە دەتوانین ناویبنێین زانستی ئەفسانەیی))**(حەسەن: ٢٠٠٧: ١٧١)**

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەفسانە بەشێکە لە وشیاری مرۆڤی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کاتێک لە ئاست ڕووداو و کارەساتە سروشتییەکان دەستەوەستان و بێ دەسەڵات بووە بە واتایەکی دیکە ئەفسانە چیرۆکێکی نەریتییە، کە ڕووداو گەلێکی لە عادەت بەدەر دەگێڕێتەوە و لەبارەی کاروباری خوداکان و پاڵەوانەکان دەدوێت، هەروەها دەربڕی بیروباوەڕی گەلانە لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا بۆ دیاردە سروشتی و پەنهانییەکان، هەموو کۆمەڵگایەک جۆرێک لە ئەفسانەیان هەیە، زۆربەیان ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڕاستە و نموونە باڵایانەن، کە ئەو کۆمەڵانە دایانهێناون ئەفسانە بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی مرۆڤە لەگەڵ گەردوون و ژیان و مردن و سەرجەم دیاردەکانی ژیان، لەبەرئەوە ((مرۆڤ ئەفسانەی کردووە بەهۆیەک بۆ ئەوەی شەقڵی بیروباوەڕ بدات لە تاقیکردنەوەی ژیانی خۆی، تا دڵنیا بێت بەو هەموو پەنهانییەی لە گەردووندا هەیە، کە دەستی ناگاتە ئاشکراکردنی.)) **(کەریم: ٢٠١٥: ١٤)**، چونکە ((ئەوەندە ڕووداوی دژوار و سەختییان کەوتۆتە بەرچاو لە ئاستیانا بەدوای ڕاستییەکاندا حەپەساون، چونکە بەرهەمێکە زادەی خەیاڵ و دەربڕینی مرۆڤی سەرەتایە)) **(بێخاڵی: ٢٠١٣: ٤١)**.

کەواتە دەتوانین بڵێین سەرچاوەی سەرەکی پەیدابوونی ئەفسانە بریتییەلە واقع، چونکە ڕووداو و کارەسات و دیاردەکانی گەردوون ڕاست و واقیعیین و ئاشکرا و دیارن، بەڵام ئەوەی دیارنییە و پەنهانە ئەو هۆکار گەلەیە، کە لە پشت ئەم دیاردانەوەیە، کە هەر ئەمەشە وای کردووە مرۆڤ لە ئاستیدا دەستەوەستان بێت و بەشێوەیەکی ڕەمەکی بەمەزەندە و هزر و خەیاڵ و زانیاری خۆی لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ هۆکاری پشت ڕووداوەکان کردووە دواتر لە شێوەی چیرۆکێکدا داویانەتە پاڵ خوداوەند و دیاردەکان، بەم شێوەیە بوونی کارەسات و دیاردە و ڕووداوە سروشتییەکانی ناو گەردوون لەلایەک و لێکدانەوەیەکی خورافی و خەیاڵیانەی مرۆڤیش بۆ هۆکارەکانی پشت ڕووداوەکان لەلایەکی دیکەوە، هۆکاری دروستبوونی ئەفسانەکانن، هەر لەبەرئەمەشە دەگوترێت: ئەفسانەکان تێکەڵەیەکن لە خەیاڵ و واقع.

لـەدوای داهێنـانی نووسـین و پێشـکەوتنی زانسـت ئەفسـانەکان نووسـرانەوە و کـران بـە دەق، دواتـریش ئـەدیب و نووسـەران وەک کەرەسـتەیەکی خـاو و دەوڵەمەنـد سـوودیان لێـوەرگرت و بەرهەمـەکانی خۆیـان پـێ دەوڵەمەنـد و بـەپێزتر کـرد، چونکـە ئەفسـانە جیهـانێکی فـراوان و ئـازادە و گونجـاوە بـۆ ئـەو بـوارە و (دەشـێت هـەموو شـتێک لـەناو ئەفسـانەدا ڕوودات)**(جیـان: ٢٠٠٥: ١١٧)** بەواتایـەکی دیکـە ئەفسـانە دەرفـەتێکی لـەبار و گونجـاو بـۆ نووسـەر و ئـەدیبان دەسـتەبەر دەکـات و دەتـوانن سـوودێکی باشـی لێوەربگرن و مەرامـەکانی خۆیـانی پـێ جێبـەجێ بکـەن، ژانـری ڕۆمـانیش مەیدانێکی فراوان و لەبارە بۆ ئەو مەبەستە.

(عەزیزی مەلای ڕەش) لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا کەم تا زۆر لە هەندێ شـوێندا پـەنای بردۆتـە بـەر ئەفسـانە و تێکـەڵ بـە ڕەگـەزەکانی گێڕانـەوەی کـردووە. بـۆ نموونـە لـە یـەکێک لـە دیمەنەکانـدا مەنەلۆگێکی (مام ئۆمەر)مان بۆ دەگێڕێتەوە، کە تیایدا ئاماژە بە (کێوی قاف) دەکات، کاتێک دەیـەوێت تۆڵـەی خـۆی لـە (ئەحمـەدە لۆقدرێژ) بکاتـەوە لـەپای ئـەوەی خیانـەتی لێکردووە و هـەوڵی کوشـتنیدا ((مانگێکی ڕەبەق ئۆمەر شەوبێری نەدەکرد و هەموو شەوێ دەچووە سەر لۆقدرێژ.

- دەتکوژم ئەگەر بچیتە قولەی قافیش.)) **(کێخوا سێوێ: ٢٤).**

لێرەدا قولـەی قـاف مەبەسـت لـە کێـوی قافـە هێمایـە بـۆ شـوێنێکی سـەخت و عاصـی و دوورە دەسـت و کـەس ناتوانێـت دەسـتی پێبگـات، هـەروەها ((گیـانی بـەدی جنۆکـە و دێـو ودرنـج و خێـو، بـەدرێژایی مـانگی ڕەمـەزان لـە پشـت چیـای قـاف دەبەسـترێنەوە، چیـای قـاف لێـرەدا خـودی چیـای قەفقاسـە، کـە لـە ئەفسـانە یۆنانییەکانـدا ئـەو کـات لـەلای گـەل لـە ڕووی جوگرافیـاوە ئەوپـەڕی زەوی بووە.)) **(رسول: ٢٠١١: ١٣)**، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بە ڕەگەزی ئەفسـانەیی (مێردەزمـە)، یـان (دێوەزمـە) دەکـات، کـە لـە زۆربـەی ئەفسـانەکان و تەنانـەت لـە حەکایەتیشـدا ئامـادەیی هەیـە و وێنەیەکی خەیاڵی لە زیهنی ئێمەی مرۆڤدا هەیە، لە ئەفسانەی کوردیشدا هێمای ترس و خراپەکارییە، ((لەنـەکاوێک زڕە زڕێکـی کەوتـە بـەرگوێ، کـە سـەری بـەرزکردەوە دیتـی: ئافرەتێکـە خرینگـەی زڕ و پوڵپەی لە دوورەوە دەبیسترێت وا ڕێ و ڕێ دێت.

ئۆمـەر لـە ترسـان دڵـی داخورپـا و لەبەرخۆیـەوە گـوتی: دەڵێن زۆرجـار بـووە مێردەزمـە شـەوان خۆی لەپیاو کردۆتە ئافرەت!.

- بسم الله، بسم الله، بسم الله، دەبێ ئەمە چ بێت خوایە! ؟. بسم الله، بسم الله! لەرز كەوتە هەناوی و وەختابوو بێتە دەرەوە و تێ بتەقێنێت.)) **(كێخوا سێوێ: ١٨)**.

ڕۆماننووس لە دیمەنێكی دیكەدا ئەفسانەی (خدری زیندە) ئاوێزانی گفتوگۆیەكی نێوان (مام ئۆمەر) و (مام ڕواڵ) دەكات، كاتێك مام ئۆمەر بەدەست دوژمنەكانییەوە شپرزە دەبێت و فیشەكی لێدەبڕێت هانا بۆ (كێخوا وەسمان) دەبات، بەڵام هاوكاری ناكات. (مام ڕواڵ)، كە دۆستێكی دێرینی مام ئۆمەرە، بەم كەین و بەینە دەزانێت و هەر بەشە و بەڕێدەكەوێت و بیست پاكەت فیشەكی كارخانەی بۆ دەهێنێت، كاتێك مام ئۆمەر چاوی پێدەكەوێت لە خۆشییان شاگەشكە دەبێت و دەڵێت: ((- بەڕاستی تۆ لەو دەمەی بۆمن بوویە خدری زیندە! تازە تۆ لە كوڕ و برا و خزم و كەس فەرزتری. تا ڕۆژی حەلاووەلایێ ناتوانم چاكەت بدەمەوە.)) **(كێخوا سێوێ: ١١٦)**، لە ئەفسانەی كوردیدا (خدری زیندە) كەسێكی خێرخواز و فریادڕەسە و بەهانای هەژارانەوە دێت، لەناكاو دەردەكەوێت و نامێنێت هەمیشە زیندووە وەك دەگوترێت دوعای قبوڵە و هەركەس پێی گەیشت دەرفەتە داوای دوعای لێ بكات.

## تەوەرەی چوارەم/ گۆرانی فۆلكلۆری:

گۆرانی فۆلكلۆری یەكێكە لە ژانرە گرنگەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری هەر نەتەوەیەك، كە سیمای هەرە دیاری بریتییە لە سادەیی و ساكاری، واتایەكی ڕوون و ئاشكرای هەیە و پێویست بە ورد بوونەوە ناكات، خاوەنداریەكەشی بۆ گەل دەگەڕێتەوە یاخود ئەوانەن، كە ((هەڵبەست و ئاواز و خاوەنەكانیان نادیار بێت و بەناو ڕیزی خەڵكدا بڵاوبووبنەوە.)) **(حوسێن: ٢٠٠٧: ٢٢٥)**، لێكۆڵینەوە زانستییەكان دەریانخستووە، كە فێربوونی زمان و پژانی زمانی مرۆڤ سەرەتا بە گۆرانی بووە، كاتێك مرۆڤ بە ئیش و كاری ڕۆژانەیەوە خەریك بووە، بەشێوەی منگەمنگ و بە ئاوازەوە شتێكی وەكو گۆرانی لەبەرخۆیەوە گوتووە، (گۆرانی كۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلكلۆرە و بەشی هەرە زۆری شیعرە و مێژوویەكی زۆر كۆنی هەیە هی ئەو كاتەیە، كە هۆشیاری و ڕۆشنبیری لە ئاستێكی نزمدا بووە، هۆنراوەی بچووك و كورتە، لە ڕووی ژانرەوە بەشێكە لە لیریك بەتایبەت لای گەلانی پێشكەوتوو بەبێ مۆسیقا ناوترێ) **(ڕەسوڵ: ١٩٧٩: ٧٩)**

گۆرانی ڕەنگدانەوەی کۆی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە بەپێی سەردەم و قۆناغە مێژووییەکان، چونکە ((پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیان و داب و نەریت و خوو و ڕەوشت و ژیانی کۆمەڵایەتی و بۆنەکانەوە هەیە، هۆکارێکی گرنگیشە لە پێشخستن و زیندوکردنەوەی کەلەپووری میللی. سەرهەڵدانی گۆرانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ هەستی بە خۆشی و ناخۆشی و ئازارکردووە، لەگەڵ گۆڕانکاری و گەشەکردندا توانای ئەوەی بۆ پەیدابووە، کە وتەکانی بەشێوەی گۆرانی دەربڕێت و دەنگە جۆراوجۆرەکانی سروشتیش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئاواز بۆ گۆرانییەکانی دابنێت، چونکە ئەو گۆرانییانەی دەیان وت خاوەنی کێش و سەروا بوون، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ لەبەرکردنی گۆرانییەکان.)) **(ڕەسووڵ: ٢٠٠٨: ٨٥)** واتە ((گۆرانیە فۆلکلۆرییەکان بواریان زۆرە و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆن بەگوێرەی سەردەمەکان دەگێڕنەوە، دەشێ سیاسی بن، یان ئاینی، یان کۆمەڵایەتی، یان وەسفی سروشت و ....هتد)) **(عەبدوڵلا: ٢٠١٤: ١١٤)** گۆرانی بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، چونکە ((جگە لەو چێژە ڕۆحییەی، کە هەرتاکێک بەگەورە و بچووک و ژن و پیاوەوە لە بیستنیدا لێی وەردەگرێت، لە هەمان وەختیشدا بەشێکیان، یان چەند چەشنێکیان تایبەتبوون بە کارکردن و هۆکارێکی هاندەر و گرنگ بوون بۆ ئەوەی دەستەی کار کەمتر هەست بە ماندووبوون بکات و زەوق و شەوقێک بە (زبارە) بدات.))**(ئەحمەد: ٢٠٠٨: ١٩١)**، کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ بوار و لایەنێکی ژیان و کۆمەڵگا نییە، کە لەناو گۆرانی فۆلکلۆریدا ڕەنگی نەدابێتەوە، بۆ هەر دیاردە و کاروبارێکی ژیان گۆرانی تایبەت هەیە، هەر لە بواری کارکردن، داب و نەریت، بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، عەشق و خۆشەویستی، سروشت، وەفاداری و... هتد. بەشێوەیەک ئەگەر لیکۆلەرێک بیەوێت شارەزای ژیان و کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگایەک بێت لەسەردەم و قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، ئەوا دەتوانێت لە ڕێی گۆرانییەوە ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت.

گۆرانی کارکردنیش، کە بەشێکی گرنگی گۆرانی فۆلکلۆری کوردییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە و بۆ هەر جۆرێکی کارکردن (دروێنە، شەنکردن، ساوارکوتانەوە، گەڕەدەستاڕ، مەشکەژەندن، لاواندنەوەی مانگا لە کاتی دۆشیندا... هتد) گۆرانی تایبەتییان گوتووە و لەکاتی کارکردندا چێژێکی تایبەتییان لێ وەرگرتووە و کاریگەر بووە بۆ هاندانی کارکەرەکان و زوو ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان.

نووسەر لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا لە چەند شوێنێک گۆرانی فۆلکلۆری تێکەڵ بەگێڕانەوەی ڕۆمانەکە کردووە، بۆ نموونە کاتێک سێوەسۆر و سەپانەکانی دی جۆخینە جۆیەکە دەکوتن و کا و دانەکەی لەیەک جیادەکەنەوە و دەستدەکەن بە پێوانی دەغڵەکە گۆرانییەکی تایبەت بەو کارە دەهێنێتەوە و بەدەم دەغڵ پێوانەوە دەیڵێنەوە:

((ئەوە یێ...ک.

لە شەیتانی پشکێ نێک

لنگی ببێتە سێ پێک

یێـ..ک، یەک

چوون دەستەکەیان دوو هەنگاو دوور لە ڕەوسەکە ڕووکرد. دیسان ئامانەکانیان پڕکردەوە:

ئەوە دو... و

بەرەکەت بێت لەکنەتوو

لە شەیتانی ڕەش بێت ڕوو

چاوکۆرەی ڕدێن بەگوو

بەکۆلاناندا دەچوو

منداڵی دەکەوتنەدوو

تا کونە گورگ و دارەتوو

دوو... و، دوو

...... ..................)) **(کێخوا سێوێ: ١٢٣-١٢٤)**

لە دیمەنێکی دیکەدا ڕۆماننووس گۆرانییەکی تایبەت بە ساوار کوتانەوە ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکات، لەو کاتەی، کە سێوەسۆر دەیەوێت بەشێک لە گەنمەکەی بکاتە ساوار، بۆ ئەوەی قەرزی جیرانەکانی لێ بداتەوە، بۆیە داوا لە (پلە مرۆت) دەکات، کە چەند کەسێکی بۆ پەیدا بکات، بۆ ئەوەی ساوارەکەی بۆ بکوتنەوە، چونکە ساوار کۆتانەوە کارێکی هەرەوەزییە، گۆرانییەکەش بە کۆمەڵ دەگوترێت، کە یەکێک دەیڵێت و ئەوانی دیکەش بەدواییدا دەیڵێنەوە:-

((حاڵڵا، یاالله   حاڵڵا، یاالله

حاڵڵا، یاالله   حاڵڵا، یاالله

ئەو ساوارە هی عــــەمبارە

گەنمی پارە  لــۆ ئــەوسارە

ئاگات لێ بێت کـابـان هـارە

حاڵڵا، ....  .........................

لەگەڵ تۆمە تۆ بیگێڕەوە

چاوی مۆنت مەشێرەوە

ئەوەی لە کنت بینێرەوە

حاڵڵا، یاالله، .....................

هەروا دەڕوا بناوینە

سۆلی زەردە مەحس چنە

خۆی لێ مەدەن بێوەژنە

حاڵڵا، ........ .........................................................)) **(کێخوا سێوێ: ١٢٦)**

## تەوەرەی پێنجەم/ دەقئاوێزان لەگەڵ هەندێ بیر و باوەڕ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا:

لەنێو هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەکدا، کۆمەڵێک ئاقیدە و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هەن، کە خـەڵکی لەسەری ڕاهاتوون و بووە بە بەشێک لە ژیان و کلتووریان، کە هەریەکەیان هێما و مەودای جیاواز و ڕەهەندی دەروونی تایبەت بەخۆیان هەیە، خـەڵکی لـە کاتی خۆشـی و ناخۆشـی و بۆنـە جیاوازەکاندا پەنایان بۆ دەبەن، لەبەرئەوە ((ئەو بیروباوەڕ و داب و نەریتانە دەبنـە مێژوویـەکی گرنگی کۆمەڵگە و بەهۆیانەوە شارەزای چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەبین و لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و پەروەردەییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.)) **(عەولا: ٢٠١٩: ١٤٣)**.

عەزیزی مەلای ڕەش لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا، هەندێ لەو بیروبـاوەڕ و نەریتـە کۆنانـەی نـاو کۆمـەڵی کـوردەواری هێنـاون و تێکـەڵ بـە ڕەوتـی گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەی کـردوون و سـوودی لـێ وەرگرتوون، وەک:

- **باوەڕبوون بە پیاوچاکان و سەردانی کردنی مەزارەکانیان:**

چاک و پیر، یان جێنزرگەی پیاوچاکان ئەو شوێنانەن، کە خەڵکی بەمەبەستی هێنانەدی مەرام و نیاز و مرادی خۆیان سەردانیان دەکەن. نووسەر لە دیمەنێکدا ئاماژە بەو جۆرە بیر و باوەڕە دواکەوتووانەی کۆمەڵگە دەکات، کە خەڵکی بڕوایان پێیەتی، یەکێک لەو مەزار و پیاوچاکانەش (چاکی بابەگوڕگوڕ)ە، کە گوایە ئەوانەی کوڕییان نابێت سەردانی دەکەن و لیی دەپاڕێنەوە، کە کوڕییان بداتێ. ڕۆماننووس لە ڕێگەی کاراکتەری سەرەکی، ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ڕێگەی فلاش باکەوە دەگێڕێتەوە و دەچێتەوە سەردەمی داپیرەی، کە باسی ئەو (چاک)ەی بۆ کردووە ((شەوێک سێوەسۆر لێی پرسی: نەنە پێم ناڵێیت: چاکی بابەگوڕگوڕ چییە؟

زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: ڕۆڵە جێنزرگەیەکی زۆر پیرۆز و نوورانییە. بەین، نا بەین نووری لێ هەڵدەستێت. هەر کەس بە نیازێکی پاک بچێتە سەری بەنا ئومێدی ناگەڕێتەوە.

دەمێک بێ دەنگ بوو. لە دواییدا هەڵیدایە و گوتی: باوکی تۆ لە مەڕ ئەوە.

سێوەسۆر:- چۆن....!؟

دوای شەش کچان ئومێدبڕ بووم لە کوڕ. ڕۆژێک سەری خۆم هەڵگرت و چوومە سەری:-

| | |
|---|---|
| باوە گوڕگوڕ، باوە گوڕگوڕ | جێگەی نیازی بۆ کچ و کوڕ. |
| بە نیازی تۆ هاتووم لە دوور | هاتووم بۆلات بۆ جووتێ کوڕ. |
| باوە گوڕگوڕ، باوە گوڕگوڕ | گڕی نوورت دائیم بە گوڕ |
| هاتوومە لات بە شەرمەوە | کۆرپە بخەیتە باوەشمەوە. |

جوانەگایەکیشم لە خۆم گرتبوو، کە هاتمەوە کوشتمەوە و بەسەر دەروجیرانانمدا دابەشکرد، ساڵ وەسوڕاوە خوا باوکتی دا)) **(کێخوا سێوێ: ١٧١-١٧٢).**

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا مەنەلۆگێکی (مام ئۆمەر)مان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک دەشتی قەراج و کەندیناوە بۆ دووساڵ لەسەریەک بارانی لێ نابارێت، ئاماژە بۆ هەندێ بیروباوەڕ و نەریتی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات، کە لەکاتی بێ بارانی و وشکەساڵی پەنای بۆ دەبەن. ((ماوەیەکی کە داماو بێدەنگ بوو. دیسان سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و گوتی: مردین ئەوەندەی لەبەرت بناورێینەوە و نوێژە بارانەت بۆ بکەین. شێخ و سەید و پیاوچاک نەما شەوانی ساردی

زستان و بەهار لەبەر ئاوییان هەڵنەهێنین و ئالاّی چاک و جێنزرگەکانی دەوروپشت لە کەند و جۆمان هەڵنەدەین...، چونکە مەرامت لەسەر نەبوو مرازت حاسڵ نەکردین و نەکردین.)) (**کێخوا سێویَ: ٥٢**).

- **چاوەزار:**

یەکێکە لەو بیر و باوەڕانەی، کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە، کە لە کۆنەوە تا ئێستا خەڵک باوەڕی پێیە و ڕەهەندێکی ئایینیشی هەیە. نووسەر لەسەر زاری سێوەسۆر وەک نەریتێکی خراپی ناو کۆمەڵگای کوردەواری تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی کردووە.

((بەهەناسە هەڵکێشانەوە: باوکی ڕەحمەتیم هەموو جاریَ بۆی دەگێڕامەوە: (تازە خۆم ناسی بوو. خوشکێکم هەبوو ناوی (خەیار)بوو لە جوانیدا، خەیار خەیاربوو نەک گەمە، حاجی حوسێن چاوپیس، کە خەڵکی گوندی بوو. چوار پێنج کەرەت بۆ کوڕەکەی خۆی ناردییە داخوازی: ئەگەر بە ماری دەدەن زار هەڵبڕن، ئەگەر ژنیشتان دەویَ ئامادەین. مەسرەفی هەردوو لایانیش بکێشین باوکم لەبەرچاوپیسی حاجی، کە بەبەرد هەڵ بکرابایە دەست بەجیَ شەقی دەکرد دڵی نەدەهات بیانداتیَ.)) (**کێخوا سێویَ: ١٦٥**).

- **نووشتەکردن:**

نووشتەکردن وەک یەکێک لە داب و نەریتە کۆن و دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری، هەر لە کۆنەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر هەیە، خەڵکی بۆ زۆر مەبەستی جیاواز پەنایان بۆ بردووە وەک (نەخۆشیی، چاوەزار، پاراستنی ماڵ و سامان، هاتنەدی ڕاز و نیاز و ... هتد)، کە ڕۆماننووس وەک نەریتێکی خراپ و دواکەوتوو ئاماژەی پێکردووە، ((ڕۆژێک لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ژووری ماڵەوە نووشتەیەکی شەمیَ مشت، لەژێر سیوسیوەی دەرگاکە کەوتە خوارەوە. باوکم نووشتەکەی بردە کن مەلای گوندی. مەلا دوای ماوەیەک تێڕوانین.

گوتی: بیدڕێنە، چ نییە، کەس نازانێت چی تێدا نووسراوە، بەڵام باوکم بە ڕەنگ هەڵبزڕکانی مەلا زانی شتێکی تێدایە، ماوەیەک هەڵیگرت، تاکو ڕۆژێک فەقێیەک لە جومعانە دەگەڕا، شەو بووە میوانمان.

باوکم پێیَ گوت: کاکە فەقیَ بزانە ئەم نووشتەیە بۆچی باشە؟

فەقێیەکە: لەبەر نەشارەزایی ڕاست و ڕاست گوتی: ئەوە نووشتەی خۆشویستن و حەزلێکردنە، بۆ پیاوێک کراوە بەناوی: هەینی حاجی حوسێن ئورمزیار. تاکو دڵی ئافرەتێک ڕاکێش کات بەناوی: خەیار عەوڵا کاڕەش.

باوکم خۆی نەشێواند. بۆ ئەوەی فەقێیەکە هەست نەکات گوتی: بە خوا نووشتەیەکی باشە.)) **(کێخوا سێوێ: ١٦٥).**

- **تووک و دوعا:**

تووک و دوعاش وەک جۆرێک لە بیروباوەڕ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لەناو هەناوی کۆمەڵگادا لەدایک دەبن. لە ئەنجامی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان هاتوونەتە بەرهەم ((لەنێو کۆمەڵگەی کوردەوایدا بەدەر لە تووک و دوعای گشتی و ئاسایی، کە هەموو تاکێک بە ژن و پیاوەوە دەیانزانێ و دەیانڵێ تووک و دوعای واشمان هەنە، کە زیاتر لە زاری ژنانەوە دەگوترێت و تایبەتن بە سایکۆلۆژییەت و سروشتی ژیانی ئەوان و دەربڕینیان لە زاری پیاوانەوە شیا و نییە و بەجێ نییە.)) **(ئەحمەد: ٢٠٠٨: ١٣٩).**

نووسەر لە چەند شوێنێک ئەم لایەنەی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کردووە، بۆ نموونە لە دیمەنێکدا ئاماژە بەو تووک و دوعایانە دەکات، کە (کابان)ی خێزانی دووەمی حاجی چڕدۆ لە باوکی خۆی دەکات، کە لەبەر خاتری پارە سەربەهەوێ داویەتە پیرێکی وەکو حاجی چڕدۆ، کە زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەترە ((پارەی حاجی باوکمی کوێر کردبوو. ویژدان و بەزەیی باوکایەتی لا نەهێشتبوو. منی بە زەبری خەنجەر لە حاجی مارەکرد. تازە ملم بەو تۆقەوە بوو تا تەپڵی قیامەتی لێی دەرباز نابم. هەرجارێ چاوی هەڵدەهێنا گوڵمێک فرمێسکی دەباراند و دەیگوت: (یاخوا بابە بەمردن چیت لێ نەیەت، بەڵام تا لە دنیا ماویت بە زگێک تێر بیت و بە دەیان برسی).))**(کێخوا سێوێ: ١٥٧).**

لە شوێنێکی دیکەدا چەند تووک و دوعایەکی دیکە ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکات، کە (بەگم)ی خێزانی حاجی چڕدۆ لە (حەمەدەکوێر)ی باوکی (کابان)ی دەکات، لەبەرئەوەی لەبەرخاتری پارە کچەکەی داوەتە حاجی و بۆتە هۆکاری ئەوبەڵاو موسیبەتانەی، کە بەسەریان هاتووە.

((ڕووە و ئاسمان: ئۆ... هـ حەمەدە کوێر، چاوێکت کوێرە، دەشزانم وەک شەیتان لەبەر بەد عەمەلی و مزیریت کوێربووە، یاخوا چاوەکەی دیکەشت حەوت لووی لێبێت و پێش بتۆپی و لە گۆڕستانی مسوڵمانانیش نەشێردرێیتەوە، وەکی ئەو بەڵایەت بۆ خاتری پارە تووش کردین.)) (**کێخوا سێوێ: ١٥٨**)، بەم شێوەیە ڕۆماننووس لە چەندین شوێنی دیکەدا ئەم جۆرە بیروباوەڕ و داب و نەریتانەی لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەرجەستەکردوون وەک (نەریتی ڕاوکردن، بووک ڕازاندنەوە، حەکیمی و داو و دەرمانی کوردەواری و ئاماژەکردن بەهەندێ یارییە فۆلکلۆرییەکانی تایبەت بە منداڵان و... هتد).

بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی نووسەر لە بەکارهێنانی فۆلکلۆر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەوەیە، کە نووسەر وێڕای بۆچوونی تایبەتی و کەسی لەبارەی شتەکانەوە ئەو ناوەرۆکە واتاییانەی، کە فۆلکلۆر لەخۆی گرتووە، تاڕادەیەکی زۆر هاوڕاییەکی گشتیی گەلی کوردییان لەبارەوە هەیە، بۆ پێناسەکردنی دیاردە و ڕووداوەکان و ئەو شتانەی ڕووبەڕووی کورد بوونەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەو ئاراستە و سەرچاوە مەعنەوییە بەهێز بکات و هەمووان کۆک بن لەبارەی ئەو کێشەیەی، کە لە ڕۆمانەکەدا وروژاندوویەتی، کە هیچ نییە جگە لە داگیرکردنی خاک و ئاوی کورد لە لایەن نەتەوەی عەرەبەوە.

لەڕووی تەکنیکیشەوە دەتوانین بڵێین، نووسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆلکلۆرەوە خۆی پاراستووە لە درێژدادڕی و زۆر گوتنەوە، چونکە ڕەگەزەکانی فۆلکلۆر بەهۆی ناوەرۆکە قووڵ و تایبەتمەندییە کورت و پوختەکەی، یارمەتی نووسەریان داوە، کە بە بەکارهێنانی هەندێ نموونەی فۆلکلۆریی، مەبەستەکەی بەخێرایی و کورت و پوخت بەشێوەیەک، کە لە خزمەتی فۆڕمی ڕۆمانەکەدا بێت بگەیەنێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین وێڕای چەند مەبەستێکی دی دوو مەبەستی سەرەکی بۆ نووسەر پێکاوە، ئەوانیش بەهێزکردنی ناوەرۆکەکەی بە فۆلکلۆر لەپاڵ بۆچوونی خۆیدا، هەروەها کورتبڕی و خەسارنەکردنی وشەیە لە نووسینی ڕۆماندا، کە ئەمە بۆ خوێنەر چێژ بەخش دەبێت.

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١) عەزیزی مەلای ڕەش لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا، بەشێوەیەکی بەرچاو سوودی لە ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری وەرگرتووە. لە شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکاری هێناون و ئاوێزانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی کردوون وەک (پەندی پێشینان، ئیدیۆم، قسەی نەستەق، گۆرانی، ئەفسانە، بیر و باوەڕ و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان... هتد)، کە ڕێژە زۆرەکەشی بەر پەند و ئیدیۆم کەوتووە بەتایبەت (ئیدیۆم)، کە نووسەر خۆی لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها ناوی چەندین شوێن و کەل و پەل و خواردنە فۆلکلۆرییەکانی تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کردووە، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەند کردن و زیندوو کردنەوەی فەرهەنگی زمان و ڕەسەنی کوردی.

٢) زۆربەی زۆری پەند و ئیدیۆمەکان بەپێی یاسای جوینەوە وەک خۆی، یان بە کەمێک دەستکارییەوە بە هەمان واتا بەکارهێنراون، هەروەها لە هەندێ شوێندا پەند و ئیدیۆمەکانی بەپێی یاسای هەڵمژین بەکارهاتوون.

٣) زمانی دارشتنی ڕۆمانەکە زمانێکی ناوچەیی و لادێییە، یەکانگیر و تەبایە لەگەڵ فۆلکلۆردا، ئەمەش بۆخودی نووسەر دەگەڕێتەوە، کە بە زمانێکی گوند و لادێیانە دەنووسێ، لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەی خۆیدا، بۆیە بە شێوەیەکی بەرچاو پەنای بردۆتە بەر پەند و ئیدیۆم و دەستەواژەی ناوچەیی، کە بۆتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی زمانێکی ڕوون و سادە، کە هەمووکەس لێی تێبگات، هەروەها پرۆسەی گەیاندنی واتای لای خوێنەر و گوێگر ئاسانتر کردووە، لەهەمانکاتدا کەلێن و بۆشایی گفتوگۆی نێوان کاراکتەرەکانی پڕ کردۆتەوە.

٤) لەهەندێ باردا مەودای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی کورت کردۆتەوە و پوختی و کورتبڕی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام لەو شوێنانەی، کە گۆرانی فۆلکلۆری ئاوێزانی گێڕانەوەکە کردووە، درێژدادڕی

دروست کردووە، هەروەها چنینی ڕۆمانەکەی تۆکمەتر و بەهێزتر کردووە و جوانکارییەکی زیاتری پێ بەخشیوە، ئەمەش چێژی زۆرتری بۆ خوێنەر بەردەستکردووە.

٥) یەکێک لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی بابەتەکانی فۆلکلۆر لەلایەن نووسەرەوە، بۆ ئەوەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جگە لە بۆچوونی خۆی پشت بە ناوەرۆکی فۆلکلۆر ببەستێت دەربارەی کێشەی نەتەوەیی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا، هەتا تۆمەتبار نەکرێت بە بۆچوونی کەسی.

# لیستی سەرچاوەکان

- **سەرچاوە کوردییەکان:**

- **ڕۆمان:**


١) ڕەش، عەزیزی مەلا، ٢٠١٩، (ڕۆمان) – کوێخوا سێوێ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢) ڕەش، عەزیزی مەلا، ١٩٨٩، گورگ و بزن، ڕۆمان، هەولێر.

٣) ڕەش، عەزیزی مەلا، ١٩٩١، بۆرە، ڕۆمان: چاپخانەی (الزمان) بەغداد.

٤) ڕەش، عەزیزی مەلا، ١٩٩١، غەوارە، ڕۆمان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

٥) ڕەش، عەزیزی مەلا، ١٩٩٨، خاک و چەوساندنەوە (ڕۆمان)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦) ڕەش، عەزیزی مەلا، ١٩٩٩، خاک و کێشەی مان (ڕۆمان)، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٧) ڕەش، عەزیزی مەلا، ٢٠٠٥، لێقەومان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٨) ڕەش، عەزیزی مەلا، ٢٠١٢، خورچەیەک لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر چەند واریقات و بابەتێکی دیکە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩) ڕەش، عەزیزی مەلا، ٢٠١٣، مێرێی دەرسێم (ڕۆمان)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.


- **کتێب**


١٠)ئامێدی، صادق بهاء الدین ، ٢٠٠٢، ژ فۆلکلۆرێ کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

١١)ئاشووری، داریوش، ٢٠١٣، چەمک و پێناسەی فەرهەنگ (کلتوور)، وەرگێڕانی ئیبراهیم حسن پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٢)ئەحمەد، گەرد سەردار ، ٢٠٠٤، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣)ئەحمەد، ئارارات ، ٢٠١٢، قووتوی عەتار، قوتووی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، سلێمانی.
١٤)ئەسعەد، تانیا و صالح محمد، ٢٠١١، بینایی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
١٥)ئەحمەد، ئارارات، ٢٠٠٨، قووتوی عەتار، قوتووی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٦)ئەحمەدی، بابەک ، ٢٠٠٥. پێکهاتە و ڕاڤەی ڕەق کتێبی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر.
١٧)ئەڵوەنی، نەجم ، ٢٠١١، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٨)ئەڵوەنی، نەجم خالید ، ٢٠٠٤، بنیاتی کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز) لێکۆڵینەوەیەکی (تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)ە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.
١٩)ئەڵوەنی، نەجم خالید ، ٢٠١٢، جۆرەکانی دەقاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٢٠)ئیبراهیم، شوکریە ڕەسوول ، ١٩٨٤، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، ناوەڕۆکی فیکری و ئەدەبی، شوکریە ڕەسوول و جەلال تەقی لە زمانی ڕووسییەوە کردوویانە بەکوردی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر.
٢١)ئیبراهیم، شوکریە ڕەسووڵ ، ٢٠٠٨، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی موکریانی- هەولێر.
٢٢)ئیبراهیم ئەحمەدی، ١٣٨٦، فەرهەنگی کینایە، چاپی یەکەم، انتشارات دانشگاه کردستان.
٢٣)ئیسماعیل، سەباح ، ٢٠٠٩، چەمک و پێناسەی شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢٤)بایز هەڵمەت ، ٢٠١٣، (دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.
٢٥)بەرزنجی، عەلی تاهیر ، ٢٠٢٠، ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیڤا، سلێمانی.
٢٦)بۆرەکەیی، سدیق ، ٢٠٠٨، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٢٧)بێخاڵی، سەید مەولود ، ٢٠١٣، ئەفسانە و داستان لە فۆلكلۆری كوردیدا، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢٨)حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد ، ٢٠٠٩، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكانی بەختیار عەلی، چاپی یەكەم، چاپخانەی فانی، دهۆک.

٢٩)حسن، ئیبراهیم، ٢٠١٢، رەنگدانەوەی كەلەپوور لە ڕۆمانی كوردیدا (باشووری كوردستان ١٩٨٥- ١٩٩١)، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

٣٠)حسەین، شیلان عومەر ، ٢٠٠٩، ئیدیۆم چەشت وپێكهاتنی لە زمانی كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣١)حەسەن، مەولود ئیبراهیم ، ٢٠٠٧، پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣٢)حەسەن، مەولود ئیبراهیم ، ئەدەبی میللی، پرۆژەی بڵاونەكراوە.

٣٣)حوسێن، هیمداد ، ٢٠٠٧، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، چاپی یەكەم چاپخانەی خانی دهۆک.

٣٤)حوسێن، هیمداد ، ٢٠٠٧، ئەدەبیاتی فۆلكلۆری كوردی (دەق و لێكۆڵینەوە)، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركووک.

٣٥)خاڵ، شێخ محەمەدی ، ١٩٧١، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم ، بەغدا.

٣٦)خدر، ڕێزان رەحمان ، ٢٠١٢، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانەكانی عەبدوڵڵا سەراج دا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵاتی، هەولێر.

٣٧)خەزنەدار، مارف ، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٣٨)ڕەسوڵ، شوكریە ، ٢٠٠٥، وەرز و ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

٣٩) ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا ، ١٩٧٩، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپی دووەم، زانكۆی بەغداد.

٤٠)ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا ، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٤١)ڕەشاد، میران، ٢٠٠٩، ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئبیتیکی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٤٢)ڕەشید، سابیر، ٢٠٠٥، چیرۆکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٤٣)ڕەئوف، لوقمان، ٢٠١٢، ڕەهەندەکانی شوێن کات لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٤٤)ڕۆژ، بەیانی زاهیر ، ١٩٩٧، چیرۆکی هونەری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٤٥)ژیگڵ، لیژگ، ٢٠٠٢، گوند و شارۆچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

٤٦)سەجادی، عەلائەدین ، ١٣٧٨، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٤٧)سەجادی، عەلائەدین ، ١٣٨٩، مێژووی ئەدەبی کوردی (مێژوو، ئەدەب، زانیاری)، ئینتیشارات کوردستان.

٤٨)سەجادی، عەلائەدین، ١٩٧٤، کوردەواری، چاپخانەی معارف، بەغداد.

٤٩)سەلیمی، هاشم ، ٢٠١٣، چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥٠)سۆران، س. ، ٢٠٠٩، زمان و وێژە و فۆلکلۆری کوردی، چاپەمەنی ئەلیکترۆنیک.

٥١)شارەزا، کەریم ، ١٩٧٦، پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردی، مطبعە المجمع العلمی الکردی، بەغدا.

٥٢)شارەزووری، عەلی مەعروف ، ٢٠١٠، پەندی پێشینانی کوردی، چاپی دووەم چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٥٣)شتراوس، کلۆدلیڤی ، ٢٠٢٠، ئەفسانە و مانا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

٥٤)شەریف، محەمەد کەریم ، ١٩٧١، فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشمال) کەرکوک.

٥٥)شوان، ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠١٤، بەراوردی ئەدەبی (تیۆری و پراکتیکی) چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٥٦)شێخانی، عەبدولوەهاب ، ٢٠٠٩، فەرهەنگی ئیدیۆمی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥٧)صالح، یاسین صابر ، ٢٠٠٥، ئینسایکلۆپیدییا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥٨)عەبدوڵڵا، ئیدریس، ٢٠١٧، دەقی ئەدەبی کوردی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

٥٩)عەبدوڵڵا، ئیدریس ، ٢٠١٤، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٩٢)، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

٦٠)عەبدوڵڵا، ئیدریس، ٢٠١٤، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ، بەرگی سێیەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٩٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦١)عەبدوڵڵا، ئیدریس، ٢٠١٤، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٩٢)، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

٦٢)عەللاف، پەروین عوسمان مستەفا ، ٢٠٠٩، واتا و وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦٣)عەلی، جەلال مەحمود ، ١٩٨٢، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حسنام، بەغدا.

٦٤)عەلی، حسێن سابیر ، ٢٠١٢. ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی شیعری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٦٥) عوسمان، ڕێزان، خاڵە دێوە، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، ساڵی (١٩٨٥- ١٩٩٠)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٦٦)غەفوور، مستەفا ، ٢٠١٨، ئیدیۆم و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦٧)فەتاح، محمد مەعروف ، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شیراون حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦٨)فەوزی، سامان ، ٢٠٠٠، ڕۆمان بەرەوکوێمان دەبات؟ چاپی یەکەم، سلێمانی.

٦٩)قەرەداغی، عەتا ، ٢٠٠٧، کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی ڕوون، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٧٠)قەرەدانی، دلاوەر ، ٢٠٠٣، جادەی مێخەک، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٧١)کەریم، تۆفیق، ٢٠١٥، کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد (ئەفسانە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

٧٢) گۆڵدمان، لوسان، ١٩٩٩، بونیادگەری پێکهاتوویی، و. عوسمان یاسین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر.

٧٣)مارف، ئەورەحمانی حاجی، ١٩٧٥، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٧٤)الماضی، شکری عزیز ، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مادرین، هەولێر.

٧٥) محەمەد، ئەنوەر قادر، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، چاپی یەکەم، کۆردۆلۆجی، چاپی دووەم کتێبخانەی یادگار، سلێمان.

٧٦)مەحمود، شنۆ محەمەد ، ٢٠١٢، دەقاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٧٧)مەلا ، کەریم محمدی ، ٢٠٠٩، گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی کۆمەڵێک لاوک و حەیران، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧٨)موکری، کامەران ، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٧٩)موکریانی گیوی، ١٩٩٩، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٨٠)نەقابەی مامۆستایانی هەولێر، ٢٠٠٩، سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس ، هەولێر.

- **نامەکان**

٨١)ئەسعەد، تەنیا، ٢٠٠٦، بنیاتی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە/ ئەژدیها)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدیین، هەولێر.

٨٢)ئەحمەد، صافیە محەمەد ، ٢٠١٣، لادان لە شیعری نوێخوازی کوردی (١٩٨٠-١٩٩١) نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان.

٨٣)ئیبراهیم، سەرکەوت عومەر ، ٢٠١٣، بنیاتی هونەری ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٩٨-٢٠٠٨)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٨٤)حەمەد، ئیبراهیم حسن ، ٢٠١١، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٨٥-١٩٩١) نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨٥)حوسێن، شەهلە کەریم ، ٢٠١٥، کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆر لە شیعرەکانی (مەدحەت بێخەو)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین ، هەولێر.

٨٦)عارف، زوبێر عەلی ، ٢٠١٢، ئیدیۆم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٨٧)عەبدولقادر، کەیفی ئەحمەد ، ٢٠١٦، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٨٨)عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین ، ٢٠٠٠، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، (١٩٩٠-١٩٩٧) نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

٨٩)عەلی، فەتاح مامە ، ١٩٩٨، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

٩٠)عەولا، عەبدوڵڵا ڕەحمان ، ٢٠١٩، کۆمەڵگە لە ڕۆمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەک لە کۆمەڵناسی ئەدەبی باشوری کوردستان، ١٩٦١-١٩٩١، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

٩١)مـەحموود، ئیبـراهیم عەبـدولڕەحمان ، ٢٠٠٨، کێشـەکانی لادێ لـە ڕۆمانـەکانی عـەزیزی مـەلای ڕەشدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕۆشد)ی زانکۆی بەغدا.

- **گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

٩٢)ئـا، ڤ، پـڕۆپ، ١٩٩٨، خاسـیەتی فۆلکلـۆر، و. د. شـکوریە ڕەسـوڵ، گ. ڕامـان، ژ. (٢٨)، دەزگـای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندی گوڵان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩٣)ئاسنگەر، مەجید ، حوزەیرانی ١٩٨٧، کێخوا سێوێم خوێندەوە، گۆڤاری کاراون سـاڵی پێنجـەم، ژمارە (٥٦).

٩٤)ئیبڕاهیم، سەرکەوت عومەر ، کانوونی یەکـەمی ٢٠١٧، دەقاوێزان لـە گێڕانـەوەی (ڕۆمـانی هـاوارە بەرە و میرزا)ی فەتاحی ئەمیرییدا ، کاریگەری لە پەروەردەکردنی هزری کاراکتەرەکاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣).

٩٥)بابان، جەمال ، کانوونی دووەمی١٩٧٠، قسە هەزارە دوانی بەکارە، دەفتەری کوردەواری، بـەرگی یەکەم- بەغدا.

٩٦)جاف، حەسەن ، ١٩٨٩/٢/٢٢، پاشکۆی عێراق ژمارە (٧٥).

٩٧)چیان، ڕۆسێت ، ئابی ٢٠٠٥، میتۆلۆژیا، شیعر و فـەنتازیا، وەرگێڕانی ئـازاد خـدر، گۆڤـاری ڕامـان، ژمارە (٩٩).

٩٨)حەوێز، شێرکۆ ئەحمەد ، ٢٠٠٨، گوڵبژێرێک لە پەندی پێشینانی ناوچەی شەنگال، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٣٣) چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

٩٩)سـاڵح، ئەنـدازیار ڕزگـار ، ١٩٨٦/١/١٦، ڕۆمـانی کێخـوا سـێوێ شـایانی ئەوەیـە وەک تێکسـتێکی ئەدەبی لە ڕستە کوردییەکانی کۆلێژی ئەدەبیات دا بخوێنرێ، پاشکۆی عێراق ژمارە (٦١).

١٠٠) عەبدوڵڵا، ڕەحمان عوڵا ٢٠١٥، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی ژمارە ٣٢.

١٠١) عـەزیز، عەبـدولقادر عەبـدول ، ١٩٩٩، وەک بانگەشـەی تـازە، گۆڤـاری کـاروان ژمـارە ١٣٨ هەولێر.

١٠٢) عەزیز، عومـەر ئیبڕاهیم ، ١٩٩٢، بیلبۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی، گۆڤـاری لاوک، ژمـارە (١) ساڵی یەکەم.

١٠٣) فـەخری، نەسـرین محەمـەد ، ١٩٧٦، هەنـدێ زاراوە و ئیـدیۆمی کـوردی، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەیان لـە ڕووی زمانـەوە، گۆڤـاری کـۆلێجی ئـەدەبیات، زانسـتگای بەغـدا، چاپخانـەی (دار الجاحظ) ژمارە (١٩) بەغدا.

١٠٤) محەمـەد، نوخشـە و ئیبـڕاهیم، ئـاداری ٢٠٠٧، بیـری ناپەسـەند لـە پەنـدی پێشـینانی کوردیـدا، گۆڤاری سابات، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ- هەولێر- ژمارە (٤ و ٥).

١٠٥) ڕەش، عـەزیزی مـەلای، ١٩٩٤/٩/١١، کێخـوا سـێوێ و چەنـد نهێنییـەک، ئـاڵای ئـازادی ژمـارە (١٣٨) هەولێر.

١٠٦) مەولود، ڕیزان صاڵح و حسێن ،سەنگەر نازم، هاوینی ٢٠١٧، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (حیکمـەت پیران)ی عەبدولکەریم فەتتاحدا، توێژینەوە، گۆڤاری توێژەر ژمارە (٠).

١٠٧) وەیس، غـازی فـاتیح ، ١٩٨٢، فـۆرم و نـاوەڕۆکی ئیدیۆم، گۆڤـاری ئۆتـۆنۆمی سـاڵی حەوتـەم، ژمارە (٤) هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٠٨) ابراهیم، علی الدکتور، ٢٠٠٢، الزمان و المکان فی روایات غائب طعمه فرمان الأهـالی للطباعـه و النشر و التوزیع، الطبعه الأولی، سوریه، دیمشق.

١٠٩) البحراوی، حسن، ١٩٩٠، بنیة الشکل الروائی، الدار بیضاء، الطبعة الأولی.

١١٠) حمادي، صبري مسلم، ١٩٨٠، اثر التراث الشعبي في الرواية العراقية الحديثة، الطبعة الأولى، المؤسسة العربية للدرسات و النشر، بيروت.

١١١) الجوهری، محمد ، ١٩٧٠، الدراسة العملیة للعادات و التقالید الشعبیة، القاهرة.

١١٢) الدباغ، عبدالله معتصم ، ايلول ١٩٨٦، الأسطورة و الأدب في النظرية الأدبية الحديثة، مجلة افاق عربية، العدد التاسع.

١١٣) سعدية، نعيمه ، ٢٠١٦، التحليل السيمائي و الخطاب، الطبعة الاولى، المناشر عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع- اردن.

١١٤) صالح، أحمد رشدي ، ١٩٩٧، فنون الأدب الشعبی، الهیئة العربیة العامة للکتاب، مصر.

١١٥) الطوري، لطفى ، ١٩٨٦، مدخل الى البحث في الفلكلور، الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الشفافية العامة, وزارة الثقافة و الاعلام , دار الحرية للطبعة، بغداد.

١١٦) عزام، محمد ، ٢٠٠١، النص القائب تجليات التناص في الشعر العربى، دراسته، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

١١٧) عمر، حيدر ، ٢٠١٨، أدب الفولكلور الكردي (درسته)، خاني (علي جعفر).

١١٨) المخلق، حسن علي ، ٢٠١٠، التراث و السرد، الطبقه الأولى، الناشر: وزارة الثقافة و الفنون و التراث، قطر، إداره البحوث و الدراسات الثقافية.

١١٩) مرسى، احمد ، ١٩٧٥، مقدمة في الفولكلور، ص١، دار لثقافة.

١٢٠) هاشمى، د.جيهان ، ٢٠١٢، و للتراث وحه اخر، القاهرة صندوق التنمية.)

١٢١) هاشمى، سيد احمد ، ٢٠١٠، جواهر البلاغة، دار المعريفة، الطبعة الثالثة، بيروت، لبنان.

١٢٢) عبدالباقى، زيدان، ١٩٧٤، علم الإجتماع الريفى و القرى المصرية، مطبعة المعرفة، القاهرة.

١٢٣) يورسوكولوف، ١٩٧١، الفولكلور قضاياه و تأريخة اصلي الشعراى، و د. عبدالحميد يونس، الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر، القاهرة.

١٢٤) اليورى، الأستاذ، ١٩٨٨، مداخلة فى الندوى الإبداع و المكان بأصيلة الملحق الثقافى الإتحاد الإشتراكى عدد ٢٤٤.

- **به زمانى فارسى**

**١٢٥)** معين، محمد ، ١٣٨٨، فرهنگ فارسى معين، چاپ پنجم، ويرايش دوم، انشارات اشجع، تهران.

- **به ئینگلیزی**

115) Oxford advanced learners dictionary (2005)

- **سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

١١٦) شبيخوبرازى على ، ٢٠١٨، اهمية التراث الشعبى،

http://www.semakurd.net/article.

١١٧) المحمد، جميله محمد ، مجلة الحوار، ٢٠١٥، الفلكلور... و أهمية و توظيفه و استلهامه.

https://alhiwarmagzine.blogspot.com.

١١٨) السرد الروائي، ٢٠٢٠

https://stor.com

١١٩) حداد، د.رامى ، ٢٠٠٥، أهمية التراث و الفنون الفلكلورية فى نشر الحظارة و ترويجها.

http://alrai.com

١٢٠) تصنيف موضوعات علم الفلكلور – موسوعة كلهلك. http://Startimes.Kolok.com

١٢١) على زاده، خاليد ، ١٣٩٢ فۆلكلۆر چییە؟ https://gosan.roblog.com

١٢٢)الحمد، هاني ، ٢٠١٨، تصنيف الفلكلور. https://www.startimes.com

١٢٣)طه، السيد ، ٢٠٢١، تعريف الأسطوره لغه و مصطلحا https://stor.com

- **چاوپێکەوتن:**

١٢٤)ڕەش، عەزیری مەلا،٢٠٢١/١/١٢ کاتژمێر ٩:٢٠ – هەولێر.

**حكومة إقليم كوردستان – العراق**

**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**

**رئاسة جامعة (ڕاپەڕین)**

**كلية التربية/ قلعة دزة**

**قسم اللغة الكوردىية**

# انعكاس الفلكلور في رواية (كێخوا سێوێ) لـ(عزيز ملاى ڕەش)

رسالة قدمها

**آزاد حسن نبي**

الى قسم اللغة الكوردية لكلية التربية/ قلعةدزة في جامعة ڕابرين كجزء من متطلبات الحصول على شهادة الماجستير فى الأدب الكوردى.

المشرف

**أ. م. مصطفى سيدمينه مصطفى**

**٢٠٢٢ م.** **٢٧٢١ ك.**

# ملخص البحث

يعتبر الفلكور احد نتاجات المجتمع التي صنعها الإنسان، و الذي اصبح فيما بعد هوية للشعوب و له دور رئيس في تقدم فكر و معرفة الإنسان و وصدى و تأثير في كافة الجوانب المجتمع البشري، خاصة في الإبداع الأدبي حيث اصبح ركيزة اساسية له حسب المراحل التأريخية، و اصبح مصدرا ثمينا للشعراء و الأدباء بصورة أو بأخري، و عنصرا بارزا لجميع آثارهم الأدبية. و في هذه الرواية التي تدور دراسة الباحث هذه حولها، نستنتج أن فلكور قد أستفيد منه في جمل الآثار الأدبية جميلة، و ممتعة و متطورة.

البحث يتكون في ثلاثة الفصول؛ الفصل الأول يشمل جانب النظري و يدرس الفوكلور و اقسامه و خصائصه و آثار كاتب هذه الرواية. و الفصل الثاني فصل النظري تطبيقي الذي يحمل عنوان (أنواع الرواية و مكانتها و ابعادها التراثية(الفولكلورية) وعلاقاتها بـ( الوقت، الحدث، الشخصية، اللغة) .

اما الفصل الثالث الذي يحمل عنوان (تناص الفلكلور في رواية (كێخوا سێوێ) يعتبر فصلا عمليا بصورة عامة، و يتكون من مقدمة عن التناص مع الأمثال الشعبية، الكناية، الأساطير, الأغاني الفوكلورية و بعض المعتقدات و التقاليد السائيدة بين الكورد.

و في النهاية قمنا بتسجيل أهم النتائج التي توصلنا إليها من خلال البحث... .

Kurdistan Reiginal Government

Ministry of Higher Education and Scientific Studies

The Head of the Raparin University

Collage of Education/ Kurdish Language Department

# Culture Reflection in the Novel of (Kwexa Sewe) Aziz Mala Rash

This is Letter that

**Azad Hassan Nabi**

Dedicated to the Collage of education/ Kurdish language Department, Raparin University as a part of the requirments to obtaining master degree in Kurdish Literature.

**Supervisor**

**A.P. Mustafa Said Mina Mustafa**

2022 ad 2721 Kurdish

# Abstruct

Folklore is considered as one of the most important remnants of human society ,and this remnant is made and acquired by humans, later on. It has become a definition and identify for the people and nations who created it. Also it's very important in human beings life, and it has an influence on the development and growing the human society. And an impact on all fields, especially as a strong and effective basis has caused the invitation. Writers, poets and artists all have benefited from this big treasure, and they have used it in their literary and artistic works, and it has been reflected in their products and given them a beautiful and amazing style, according the different periods of time , folklore has been benefited from I all parts and given more pleasure and beauty to the products. We see that when we analysis them .

The Research consists of three parts:

First part:

Is theatrical aspects about folklore and it's parts, and the importance characteristics if it. and (also includes the products of the Novelist).

The second part:

Which is titled (the structure of folklore in the novel), which is a practical - theory about the types of narration and the location, dimensions along with the relationships between the location and main elements of the novel.

The third part of the Research is titled folklore speech in the novel of(kekhwa sewe), which is generally practicing worked on, consists of a beginning about teetotalism with the proverbs and ancient sayings, idiosyncratic, and myth, folklore some of Kurdish believes and traditions in the end, he presented the most important letters he received in the Research...